زانكۆی ئازادی دیراساتی ئیسلامی (زادی)

پەیمانگای ئیبنوتەیمیە

مافو ئەركی

برایەتی دینی

ابو سعد الأثري

وەرگێرانی : كرێكار

بۆ پۆلی یەكەمی

پەیمانگای ئیبنوتەیمییە

چاپی دووەم

1431ك- 2010 ز

لە بڵاوكراوەكانی بنكەی دیدی نوێ / لقی دەرەوە

ماف و ئەركی

برایەتی دینی

نووسینی ابو سعد الاثري

وەرگێرانی : كرێكار

بسم الله الرحمن الرحيم

إنَّ الحَمْدَ لله نَحْمَدُهُ ونَسْتَعِينُهُ ونَسْتَغْفِرُهُ ، ونَعوذُ بالله مِنْ شُرورِ أنْفُسِنا ومِنْ سَيّئاتِ أعْمالِنا ، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ ، ومَنْ يُضْلِلْ فَلا هادِيَ لَهُ . وأشْهَدُ أنْ لا إلهَ إلا اللهُ وأشهَدُ أنَّ محمداً عَبدُهُ ورَسُولُهُ .

يا أيُّها الذينَ آمَنوا اتَّقُوا اللهَ حَقَّ تُقاتِهِ ولا تَمُوتُنَّ إلاّ وأنْتُمْ مُسلِمونَ

يا أيُّها النّاسُ اتَّقُوا ربَّكُمْ الذي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ واحِدةٍ وخَلَقَ مِنها زَوجَها وبَثَّ مِنهُما رِجَالاً كَثِيراً ونِساءً واتَّقوا اللهَ الذي تَساءَلُونَ بهِ والإرْحامَ إنَّ اللهَ كانَ عليكُمْ رَقيباً

يا أيُّها الذينَ آمنوا اتقوا اللهَ وقُولوا قَولاً سَديداً ، يُصْلِحْ لَكُمْ أعمالَكُمْ ويَغْفِرْ لَكُمْ ذُنوبَكُمْ ومَنْ يُطِعِ اللهَ ورسولَهُ فَقَدْ فازَ فوزاً عَظِيماً

أمّا بعدُ : فإنَّ أصْدَقَ الحَديثِ كِتابُ الله ، وخَيرَ الهَدِيِ هَدْيُ محمدٍ **صلى الله عليه وسلم** وشَرَّ الأمُورِ مُحْدَثاتُها ، وكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ ، وكُلَّ ضَلالَةٍ في النّارِ .

پێشکەشەبەو موسوڵمانانەی
بە هەستی برایەتی دینی
ریزی موسوڵمانان دەکەنە دیواری خشتی خشت..

کرێکار

پێشەکی چاپی دووەم

سوپاس بۆ خوای پەروەردگار کە بەسەربەرزی قۆناغی هەوڵی نەزۆکی دوژمنانمان بۆ ریشەکێشی خۆمان و دینەکەمان بڕی، ئێستا سەربەرزانە بە ئاڵای تەوحیدەوە لە ساحەی ململانێکەدا هەر وەکو جاران وەستاوین، سوورین لەسەر دیدو ڕێ و ئامانج و ڕەوت.. هۆکاری سەرەکی هێزی زاتی یەک بە یەکمان دوای پشتیوانی لێکردنی خوای پەروەردگار:

یەکەم: ئەو ئیمانە چەسپاوە بوو کە لە ناخماندا ببووە قەناعەتی نەگۆڕ کە دەبێ سوور بین لەسەر مانەوەو بەردەوام بوون، تا داهاتوو مسۆگەر کەین.. ئەمە وای کردبوو هەر یەکەمان لای خۆیەوە بە گیانی تەحەدداوە خۆی لەبەر شاڵاوی رق و قینی نێودەوڵەتیی و ناوچەییدا بگرێت..

دووەم: هێزی ئەو برایەتیە دینییەمان بوو کە لە ڕێکخستنی حزبی ڕەسەنتر بوو.. کە لەگەڵ هەست کردن بە تین و تەوژمی سەرەتای جاهیلییەت (کە زیاتر کەوتە سەر ڕەوتی سەلەفی جیهادی) برایەتیە دینیەکە بە نهێنی و ئاشکرا، شەووڕۆژ، زۆرو کەم، بووەوە بە حەماسەتی هاندان و خۆگریی و وورەبەرنەدانی ئاڵا هەڵگرانی تەوحید کە لە کوردستان ودەرەوەیدا لەبەر رم وتیری کافراندا جوامێرانە خۆیان گرت..

نابێت موسوڵمانان ساویلکانە بڕواننە پەیوەندی برایەتی دینی.. لە هەموو ئەم ژیانەدا، لە ئینتیمای هیچ کۆمەڵکارییەکدا پەیوەندیەکی وا بەهێز نابینرێت، بە مەرجێک سەرڕاستانە لەبەر خاتری خوا مومارەسە کرابێت.. ئەوەی ئەمڕۆ پێی دەوترێت برایەتی دینی، ئەوە تەزویرە، ئەوە چەواشەکاریی و خۆهەڵخەڵەتاندنی موسوڵمانانە.. مەگەر نابینیت رابیتە حزبیەکە چەند لەو بەهێزترە؟! ئەوە لەبەر ئەوەیە کە برایەتیەکەشمان وەکو دینداریتیەکە رووکەشانە گرتووە!

جێی خۆش حاڵییە کە ئەم کتێبەی بەردەست کارتێکردنێکی باشی لە ناو موسوڵماناندا دروست کرد.. هەرچەندە کتێبەکە کە بە عەرەبی نوسراوە ئەوەندە سادەو سەیر نوسرابوو، لە بەحسی قوتابیەکی ئامادەیی دەچوو وەک لە کتێبێکی ئاراستەوانی! بەڵام بە فەزڵی خوای گەورە نەمانهێشت لە کوردیەکەیدا ئەو لاوازیانەی زۆر پێوە دەرکەوێت..

لە وەرگێرانەکەدا دارشتنەوەی ئاراستەوانی پەروەردەیی و ئەدەبیمان گرتەبەر، وامان نوسیەوە کە هەست پێ نەکرێت وەرگێرانی زمانی ترە.. توێژینەوەیەکی ووردەکارانەمان بۆ فەرموودەکان کردەوە، چونکە لەبەر زەرووڕەت پەلەمان لە چاپی یەکەم کردبوو..

کتێبەکە بواری باشی کورت کردنەوەو بەرفراوان کردنی بەدەمەوەیە، خوێنەرو قوتابی دەتوانن باشتر کۆبەند یان بەش بەشی بکەن و زیاتری لەسەر بنوسن.. لە هەندێک سایتی عەرەبیدا هەر ئەم کتێبە بوو بینیم کە بەرفراوان کرابوو! ئیتر نازانم ئەویان ئەسڵ بووەو ئەبوسەعدی ئەسەری کورتی کردۆتەوە، یان ئەبوسەعد پێش حەوت ساڵ لەمەوبەر نوسیوێتی و کەسانێکی تر بە هێنانەوەی بەڵگەو نموونەی زیاتری قورئان و فەرموودە بەرفراوانتریان کردووە،.. هەردووکیان دەشێن.. بەڵام ساغ کردنەوەی ئەوەم بە کاری خۆم نەزانی بۆیە لێی گەڕام..

وا چاپێکی تری باشتری کتێبی (برایەتی دینی) دەخەینە بەر دەست، بەو ئومێدەی موسوڵمانمان بیکەنە بەرنامەی ئاراستەو پەروەردەبوون. خوای گەورەش دەستی پێمانەوە بێت و برایەتیمان بەهێز کات.. ئامین .

وصلى الله على سيدنا ونبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم تسليما

كرێكار/ ئۆسلۆ

1432/1/1 ک ـ 2010/12/7

برایەتی دینی

الحمد لله رب العالمين ، وأفضل الصلوات والتبريكات على سيدنا محمد وعلى آله وأصحابه أجمعين

پەیوەندی برایەتی دینی هەستێکی ناسکی لوتفی خواییە، ئەو پەیوەستیەیە کە دڵەکان بە یەکەوە ریزبەند دەکات، ئەو نوورەیە کە بە ساف و روونی رۆحە پاکەکاندا گوزەر دەکات و پێکیانەوە دەبەستێتەوە..

با لەبەر رۆشنایی دەقە پیرۆزەکانی وەحی خوادا کۆڕێک بۆ برایەتی دینیمان بگرین، تا قەدری ئەو یەک بوون و ئاوێتەییە بزانین کە لەبەر خاتری خوا دەکرێت، تا ماف و ئەرکەکانی برایەتی دینی بۆ هەموو لایەک روون ببێتەوە تا بزانین چۆن رەفتار لەگەڵ هاودینانی خۆماندا بکەین..

بەشی یەکەم

(1)

چەمکی برایەتی دینی

1ـ برایەتی دینی لە بەردەوامی خۆشەویستی خوای گەورەوەیە :

پەیوەندی برایەتی دینی بە ئایەتی قورئانی پیرۆزەوە چەسپاوە، چونکە خوای گەورە دەرهەقی فەرموویەتی: (إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ) الحجرات/10 واتە: موسوڵمانان جگە لە برای یەکتری هیچی یەکتری نین.. کەوابوو پێش هەموو شتێک دەبێ ئەمە لە قەناعەت و هەست و هۆشی بیرو ژیرییدا بچەسپێت کە برایەتی دینی گرێبەندێکە خوای پەروەردگار بۆ بە یەکەوەبەستنی موسوڵمانان فەرمانی پێ کردووە، بۆیە هەر دەبێ لەبەر خاتری ئەوو لە پێناوی ئەویشدا بێت، چونکە بەردەوامبوونی خۆشەویستی خوای گەورە یەکخواپەرستنە، لەبەر ئەوەش کە خۆشویستن و سەرخستنی موسوڵمان لە خۆشویستن و سەرخستنی دینی خواوەیە، ئەو کەسەی خوای گەورەی خۆش دەوێت حەتمەن هەموو ئەوانەشی خۆش دەوێت کە خوایان خۆش دەوێت و ئەوانەی کە خوای گەورە خۆشی دەوێن، لەم روانگەوەیە کە موسوڵمان هەموو پێغەمبەران و شەهیدان و پیاوچاکانی خۆش دەوێن..

خوای گەورە دەفەرموێ: (وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ) التوبة/71 واتە: موسوڵمانان پیاوو ژنیان هەندێکیان سەرپەرشتیارانی ئەوانی تریانن. هەر ئاوا بە شێوەیەکی گشتی: (هەندێکیان سەرپەرشتیارانی ئەوانی تریانن) بۆ ئەوەی دەروازەیەکی پڕ خێرو فەڕ لەبەر دەم هەموو موسوڵمانێکدا بەرامبەر هەموو موسڵمانانی تر لە هەموو سەر زەمیندا بکاتەوە.. چ هەستێکی بەرزە کە هەست کەین کە موسوڵمانان لە هەر وولاتێکی ئەم سەر زەمینە بن، لە هەر گەل ومیللەتێک بن، بە هەر زمانێک بدوێن! مادام ئەهلی

ئەم دینەن و بەم تەوحیدی خواناسییەوە پابەندن کە خوای گەورە بۆی روون کردوینەتــەوە هــەموویان برامــانن! ئــەو مــاف وئەرکــەی ئێــمە هەمانــەو لەسەرمانە بۆ ئەوانیشە.. ئەوانیش هەیانەو لەسەریانە!!

برایەتی دینی بەربەستی دنیایی نایاتە رێ، هەر وەکو کــە کۆســپی چــیاو چۆڵ کارتێکردنی لەسەر نیە! ئەم وەسفە خواییە ئاماژەیەکی تیرو تــوانجی لەخۆ گرتووە بەرامبەر بەو کەسانەی کە تەفرەقە دەخەنە ناو موســوڵمانان وریــزی خواناســان بــە پــوازی ئینتیمــای تــیرەو هــۆزو ناوچــەو زمــان و دەمارگیریی ئەوانە دەقڵیشێنن.. سەرەنجام ئوممەتەکە دابــڕ دابــڕ دەکــەن و هەر بڕەش بە لایەکدا پەرتەوازە دەکەن و دیــواری دەروونی دەخەنــە نێــوان هەر بڕێکیان کە دابڕ کەوتووەو لاڕێ کەوتووە!! هەستی ئەم شــاعیرە چــەند بەرزە کە ووتویەت :

يا أخِي المسلمُ في كلِّ مكانٍ وبَلَدٍ أنتَ منّي وأنا مِنْكَ كَرُوحٍ في جَسَدٍ[1]

2ـ برایەتی دینی مایەی ئاوەدان کردنەوەی سەر زەمین و رزگاریخوازیی مرۆڤە:

ئەوی برایەتی دینی لە پەیوەندیەکانی تــر جــوێ دەکاتــەوە ئەوەیــە کــە برایــەتی دیــنی دیــداری یەکخواناســان و یەکگرتنیانــە بــۆ کــاری مــەزنی بنیاتنانی ژیان، بۆ ئەرکە مەزنەکەی پێغەمبەران ـ سەلامی خوایان لێ بێت ـ کەڵەپیاوانی مێژوو!

ئەم برایەتیەیــە کــە موســوڵمان دلێــرانە گــۆش دەکــات تــا رووەوڕووی تاغوتان بێتەوەو سەر زەمین بە خێرخوازی ئــاوەدان کاتــەوە، تــا بــە دادی

1 لە هەرجێ هەی ، لە هەر شارێ هەر برای دینین
من لە تۆم و تۆ لە من جەستەیەک پێک دەهێنین

خواوویستی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ئاسودە کاتەوە.. کەوابوو ئەمە هەر بەستنی پەیوەندی برایەتی نیە، ئەمە بەگەڕ خستنی ووزەی هەمووانە بۆ هێنانەدی ئامانجێک کە موسوڵمانێک بە تەنها پێی نایاتە دی، هێنانەدی ئامانجی گەورەش پێویستی بە رەنج و ووزەی هەموو براکان پێکەوە هەیە.. ئەمەش برایەتی پێڕەوو پرۆگرامی کۆمەڵکارییە، کە غەیری ئێمە پێی دەڵێت: هاوڕێیەتی رێکخستنی سیاسی..

برایەتی دینی، کۆمەڵکاریی ئیسلامیانەیە کە لادان و رادانی تاغووتانی پێ دێتە دی و دەوڵەتی ئیسلامی پێ دادەمەزرێتەوە، کە هەم برایەتیەکە هەم سایەی دەوڵەتە ئیسلامیەکە دەبنە ئامێری بڵاوکردنەوەی دادی خواوویستی بەسەر کۆمەڵگەکەدا.. ئەمەش برایەتیەکە کە غەیری ئێمە پێی دەڵێت: هاوڕێی خەباتی چەکداریی..

پێغەمبەری پێشەوا صلى الله عليه وسلم پێش هەموو شتێک لە مەدینە ئەم برایەتیەی لە نێوان کۆچەرانی مەککە و پشتیوانانی مەدینەدا دروست کرد، چونکە دەیزانی ئەمەیە یەکەمین بەردی بناغەی کۆمەڵگەو دەوڵەتێکی شارستانێتی شیاو کە توانای چەسپاندنی شەرعی لە ناو خۆداو توانای هەڵگرتنی بانگەوازی خوایی بۆ گەلانی تر هەبێت، سەر زەمینیش ئاوا ئاوەدان دەکرێتەوە..

<u>3ـ برایەتی دینی یەك جەستەییەو هیچ دەمارگیرییەك کاری تێ ناکات:</u>

برایەتی دینی برایەتیەکی ئایدۆلۆژییەیە کە لە زەمینەیەکی عەقائیدیەوە دەرچووە، چونکە موسوڵمانان خوایان یەکە، پێغەمبەریان یەکە، پەیامیان یەکە، قیبلەیان یەکە، بەرنامەیان یەکە..

موسوڵمانان وەکو یەک جەستەن، کە یەک رۆحی تێدایەو یەک ژیریی ئاڕاستەی دەکات، روویان لە یەک ئاسۆیە چونکە ئامانجیان یەکە، بڕوانە

چۆن پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەفـەرموێ: (مَثَلُ المؤمنينَ في تَوادِّهِم وتـراحُمِهم وتعاطُفِهم مَثَلُ الجَسَدِ اذا اشْتَكَى مِنْهُ عضوٌ تَداعَى لَهُ سائِرُ الجَسَدِ بِالسَّهَرِ والْحُمَّـى)[1]

واتە: نموونەی موسوڵمانان لە ناو خۆیاندا لـە خۆشویسـتن و بـەزەیی و سۆزیاندا دەرهەق یـەکتر وەکـو جەسـتەیەکن، ئەگـەر ئەنـدامێکی ئـازاری گەیشتێ سەرتاپای جەسـتە، تـا دای دەگرێـت و شـەونخوونی دەکێشێـت.. ئەمەش برایەتیەکە لە پێش برایەتی دایکییەوەیە، لە پێـش برایـەتی شـیرو نەسەبی تیرەو هۆزەوەیە، لە پێش ئینتیمای گەل و نیشتیمانەوەیە، لە پێش هەموو جۆرە ئینتیمایەکی ترەوەیە، لە هەموویان لە پێشترە، لە هـەموویان بەڕێزترە، ئەم لە وەحی خواوە هاتووە، ئەوانی تر ئەگەر بە هەر شێـوەیەک لەگەڵ برایەتی دینیدا یەک نەگرنـەوە، دەبێـت لەبـەر خـاتری پەیوەنـدی برایەتیە دینیەکە وەلانرێن.. نابێ لەسەر حسابی ئەم بێنە پێش..

* * *

1 بوخاری/ کتاب الادب ژمارە (5552)، سەحیحی موسلیم بە شەرحی ئیمامی نەوەوی (16 لا 140 ژ4685)، مەسنەدی ئیمامی ئەحمەد ژمارە (17648).

(2)

برایەتی دینی

فەزڵی خوایەو لەبەر خاتری ئەوە

دەقێکی زۆری قورئان و حەدیس لەسەر گەورەیی و فەزڵی برایەتی دینی و خۆشویستنی یەکتریی هەیە کە دەبێ لەبەر خاتری خوا بێت بۆ پشتگرتنی یەکترو سەرخستنی یەکتری لەبەر خاتری خوا بێت، خاوەن ئەو هەست و هەڵوێستە زۆر مەتحی کراوەو پاداشتی زۆری دنیایی و قیامەتی بۆ دیاری کراوە، لەوانە:

1ـ برایەتی دینی فەزڵ و نیعمەتی خوای گەورەیە:

خوای گەورە دەفەرموێ: (وَاذْكُرُوا نِعْمَةَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنْتُمْ أَعْدَاءً فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ فَأَصْبَحْتُمْ بِنِعْمَتِهِ إِخْوَانًا وَكُنْتُمْ عَلَى شَفَا حُفْرَةٍ مِنْ النَّارِ فَأَنْقَذَكُمْ مِنْهَا كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمْ آيَاتِهِ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ) ال عمران/103 واتە: ئەو نیعمەتەی خوای گەورەتان لە یاد بێت کە وا بەسەرتانەوە، بیرتانە کە دوژمنی یەکتریی بوون خوای گەورە دڵەکانتانی پێکەوە رام هێنان وبەو نیعمەتەی خوا (کە ئیسلامە) بوون بە برای یەکتریی؟! ئەوەشتان لە یاد بێت کە ئەو کاتەی کە خوای گەورە رزگاری کردن، لە رۆخی کەندەڵانێکی ئاگر بوون، ئەو قوتاری کردنی لێی، خوای گەورە ئەئاوا نیشانەکانی خۆیتان نیشان دەداتەوە تا رێنماییە خواییەکە وەرگرن و هیدایەت درێن..

کەوابوو پێش هەموو شتێک برا عەزیزەکەم ئەوەت لە یاد بێت کە برایەتی دینی نیعمەتێکی خوای گەورەیەو فەزڵی ئەویشە کە کردوێتیە پەیوەندی پتەوی نێوانمان و بە هۆی ئەو هەستە بەرزەوە کردوینی بە برای لایەنگرو پشتیوانی یەکتریی.. ئەم نیعمەتە کاریگەرو گرنگەش کە تەنها لە خوای

گەورەوەیە، خوا بە هەموو کەسێکی نابەخشێت، تەنها بـەو کەسـانەی رەوا دەبینێت کە موسوڵمانی پاک و چاک و سەرڕاستن، خوای گەورە بەم هەسـتە بەرزە لە موسوڵماناندا دەیرِوێنێت، قین و بوغزی دڵ و دەرونیان دەسڕێتەوە کە لە هەواو هەوەس و حەزی مونحەریفیانەوە یا لە هەسـتی جاهیلییـەتی ئینتیمای تیرەو هۆزو ناوچەگەرێتی ونەتەوایەتیانـەوە هـاتووە، هـەر بـە لوتفی خۆی ئاڕاستەی تەقواو جوامێرییان دەکات، تا بەسەر نەفسی خۆیاندا زاڵ بن و برایەتیەکەیان پێ گرنگ دەبێت و لەسەر بنـەمای ئـەوەوە رەفتـار لەگەڵ یەکتریدا دەکەن، تا وایان لێ دێت دەبنە یەک رۆحی سەدان و هەزاران جەستە، یەک هەستی کۆمەڵکاریی سەدان و هەزاران تاک، یەک بیروبـاوەڕی هەزاران و ملیۆنەها خاوەن ئینتیمای عەقیدەتی!!

2ـ برایەتی دینی رێی _خۆشەویستی خوای گەورەیە_ :

وەدەست هێنانی خۆشەویستی خوای گەورە ئامانجی سەرەکی خواناسانە، دەقە قورئانی و فەرمودەکان ئەوە روون دەکەنەوە کە خوشەویسـتی نێـوان موسوڵمانان هۆکارێکی سەرەکیە بۆ خوشوویستنی خـوای گـەورە، چـونکە ئەوان لەبەر خاتری خوای گەورەو بۆ وەدەست هێنانی رەزامەندی ئەو ئـاوا هاوکاری یەکتربوون ئاوا یەکتریان خۆشوویستووە.. هەتا ئەمان هاتوچۆو هاریکاریی و یارمەتیدان و بەخەمەوە هاتنی یەکترییان لە نێواندا زیاتر بێت زیاتر شایانی خۆشەویستی خـوایی دەبـن و زیـاتر لـە جـەنابیان نزیـک دەبنەوە.. سەرنجدە :

* پێغەمبەری پێشەوا صلى الله عليه وسلم گێـڕایەوە: (أَنَّ رَجُلًا زَارَ أَخًا لَهُ فِي قَرْيَـةٍ أُخْرَى فَأَرْصَدَ اللَّهُ لَهُ عَلَى مَدْرَجَتِهِ مَلَكًا فَلَمَّا أَتَى عَلَيْهِ قَالَ أَيْنَ تُرِيدُ قَالَ أُرِيدُ أَخًا لِـي فِي هَذِهِ الْقَرْيَةِ قَالَ هَلْ لَكَ عَلَيْهِ مِنْ نِعْمَةٍ تَرُبُّهَا قَالَ لَا غَيْرَ أَنِّي أَحْبَبْتُهُ فِي اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ

قَالَ فَإِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكَ بِأَنَّ اللَّهَ قَدْ أَحَبَّكَ كَمَا أَحْبَبْتَهُ فِيهِ)[1] .. واتە : کابرایەک بە دیدەنی دەچووە لای برایەکی دینی خۆی لە ناوچەیەکی تر، خـوای گـەورە فریشتەیەکی بۆ ناردە سەر رێی، کە بە یەکتری گەیشتن، فریشـتەکە پرسـی: بۆ کوێ دەچـیت؟ ووتی: دەمـەوێ دیـدەنی برایـەکم بکـەم لـەو ناوچـەیە، فریشتەکە فەرمووی: هیچ مافێکت لەسەریەتی (وەکو قەرزو شتی وا) ؟ ووتی: نەخێر، بەڵام هەر لەبەر خاتری خوای گەورە خۆشم وویستووە.. فریشـتەکە پێی فەرموو: دەی سا من فریشتەی خوای گەورەم و بۆ لای تۆی نـاردووم تـا پێت راگەێنم کە خوای گەورە پێت دەفەموێ کە تۆی خۆش دەوێت مـادام تـۆ لەبەر خاتری ئەو، ئەو برایەت خۆشویستووە..

* ئەبو ئیدریسی خـەولانی خـوا لێـی رازی بێـت کـە یاوەرێـکی عـەزیزی پێغەمبەر بوو صلى الله عليه وسلم فەرمووی: چوومە مزگەوتی دیمەشق لە شـام، بینیم گەنجێکی جوان دانیشتووەو خەڵکی وەکو ئاڵقە دەوریان داوە، لە هـەر مەسەلەیەکدا ناکۆک دەبن روو لەو دەکەنـەوەو رای ئـەو پەسـەند دەکـەن! پرسیم ئەوە کێیە؟! ووتیان: ئەوە مەعازی کوڕی جەبەلە. بۆ سبەی چوومەوە ئەوێ، دیتم نوێژ دەکات، لەسەری وەستام تا تەواو بوو، رووبەڕووی هاتم و سلاوم لێ کردو پێم ووت: (وَاللَّهِ إِنِّي لَأُحِبُّكَ لِلَّهِ عَزَّ وَجَلَّ فَقَالَ أَاللَّهِ فَقُلْتُ أَاللَّهِ فَقَالَ أَاللَّهِ فَقُلْتُ أَاللَّهِ فَأَخَذَ بِحُبْوَةِ رِدَائِي فَجَبَذَنِي إِلَيْهِ وَقَالَ أَبْشِرْ فَإِنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّـهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ: (قَالَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ وَجَبَـتْ مَحَبَّتِـي لِلْمُتَحَـابِّينَ فِـيَّ وَالْمُتَجَالِسِينَ فِيَّ وَالْمُتَزَاوِرِينَ فِيَّ وَالْمُتَبَاذِلِينَ فِيَّ)[2] واتە: بـەخوا قەسـەم مـن تـۆم لەبەر خاتری خوای پەروەردگار خۆش دەوێـت، فـەرمووی: توخـوا وایـە؟!

---

1 موسلیم ژمارە (4656) .

2 ئیمامی ئەحمەد ژ (20995).

ووتم: ئەریَ بە خوا وایە، فەرمووی: توخوا وایە؟ ووتم: ئەریَ بەخوا وایە، ئینجا یەخەی کراسەکەمی گرت و فەرمووی: مژدە بێت، من بۆ خۆم گوێم لە پێغەمبەر بووە صلى الله عليه وسلم کە فەرموویەتی: (خوای گەورە فەرموویەتی: خۆشەویستی من بۆ ئەو کەسانە فەرز دەبێت کە لەبەر خاتری من یەکتریان خۆش دەوێت، لەبەر خاتری من لەگەڵ یەک کۆدەبنەوەو دادەنیشن، لەبەر خاتری من زیارەتی یەکتری دەکەن ولەبەر خاتری من بەیەکتر دەبەخشن).

3 ـ برایانی دینی لەژێر سایەی خوادان:

* ئەبو هورەیرە خوا لێی رازی بێت گێڕایەوە کە پێغەمبەری خۆشەویست صلى الله عليه وسلم فەرمووی: (إِنَّ اللَّهَ يَقُولُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَيْنَ الْمُتَحَابُّونَ بِجَلَالِي الْيَوْمَ ؟ أُظِلُّهُمْ فِي ظِلِّي يَوْمَ لَا ظِلَّ إِلَّا ظِلِّي)[1] واتە : خوای پەروەردگار لە رۆژی دواییدا دەفەرموێ: کوان ئەوانەی لەبەر خاتری گەورەیی و مەزنی من یەکتریان خۆش دەویست؟! ئەمڕۆ کە هیچ سایەیەک نیە جگە لە سایەی من، دەیانخەمە ژێر سایەی خۆمەوە..

* هەر ئەبو هورەیرە خوا لێی رازی بێت گێڕایەوە کە پێغەمبەری نازدار صلى الله عليه وسلم فەرمووی: (قَالَ سَبْعَةٌ يُظِلُّهُمْ اللَّهُ فِي ظِلِّهِ يَوْمَ لَا ظِلَّ إِلَّا ظِلُّهُ ... وَرَجُلَانِ تَحَابَّا فِي اللَّهِ اجْتَمَعَا عَلَيْهِ وَتَفَرَّقَا عَلَيْهِ)[2] حەوت کۆمەڵە خەڵکی هەن کە خوای گەورە لە رۆژی دواییدا دەیانخاتە ژێر سێبەری خۆی لەو رۆژەدا کە هیچ سایەیەک نیە جگە لە سایەی خوای گەورە خۆی.. لەوانە (دوو کەسن کە لەبەر خاتری خوای گەروە یەکترییان خۆش وویستووە، لەبەر خاتری ئەو بەیەکتریی دەگەن و لەبەر خاتری ئەویش لێک دادەبڕێن)..

---

1 موسلیم (ژ 4655).

2 بوخاری (ژ 635).

سەیری ئەم ئەمانە خواییە بکە؟! لە چ رۆژێکیشدایە؟! لەو رۆژەدا کە خـۆر بە بڕی یەک میل لە خەڵکی دوورەو خەڵکی لە چاوەڕوانیدان و ناشزانن کەی دەبڕێن بۆ لێپرسینەوەیان!! لەورۆژە پڕ ترس و بیمەی هەموو خەڵکی هاوار دەکەن: نەفسی نەفسـی.. ئـەمان لـە شـنەی رۆح و ئاسـوودەیی دەروون و حەوانەوەی جەستەییدان!! ئای کە پلەیەکی بە بەهایە. خوای خۆشەویستمان بە لوتفی خۆی پێمان ببەخشێت.

4 ـ پلەو مەنزیلەی برایانی دینی جێ ئاواتی پێغەمبەرانە:

پێغەمبەری خواناسمان صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ: (إِنَّ مِنْ عِبَادِ اللَّهِ لَأُنَاسًا مَا هُمْ بِأَنْبِيَاءَ وَلَا شُهَدَاءَ يَغْبِطُهُمْ الْأَنْبِيَاءُ وَالشُّهَدَاءُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ بِمَكَانِهِمْ مِنْ اللَّهِ تَعَالَى قَالُوا يَا رَسُولَ اللَّهِ تُخْبِرُنَا مَنْ هُمْ قَالَ هُمْ قَوْمٌ تَحَابُّوا بِرُوحِ اللَّهِ عَلَى غَيْرِ أَرْحَامٍ بَيْنَهُمْ وَلَـا أَمْوَالٍ يَتَعَاطَوْنَهَا فَوَاللَّهِ إِنَّ وُجُوهَهُمْ لَنُورٌ وَإِنَّهُمْ عَلَى نُورٍ لَا يَخَافُونَ إِذَا خَافَ النَّاسُ وَلَا يَحْزَنُونَ إِذَا حَزِنَ النَّاسُ وَقَرَأَ هَذِهِ الْآيَةَ أَلَا إِنَّ أَوْلِيَاءَ اللَّهِ لَا خَوْفٌ عَلَـيْهِمْ وَلَـا هُـمْ يَحْزَنُونَ)[1] واتە : لە رۆژی دواییدا کەسانێک لە بەندەکانی خوای گەورە هـەن کە نە پێغەمبەرن، نە نێرراوانی خوان، نە لە شاهیدو شەهیدانیشـن، کەچـی پێغەمبەران و شاهیدو شەهیدان سەرسام دەمێنن لەو پلەو پایەی کە لە لایەن خوای پەروەردگارەوە پێیان دراوە، یاوەران فەرموویان: ئەی پێغەمبەری خوا بۆمان باس دەفەرموویت کە کێن؟! فەرمووی: ئەوانە کەسانێـکن کـە لەبـەر خاتری خوای گەورە یەکترییان خۆش وویستووە، بێ ئـەوەی خزمایەتیـەک لە نێوانیاندا هەبێت یان پارەو سامانێک لە بەینیاندا بێت، لەبـەر خـاتری خوا یەکیان گرتووە، سوێندم بە خوا ئەوانە روویان گەش و نورانیە و لەسەر نوور دانیشتوون، کاتێک خەڵکی ترس و بیمی لێ دەنیشێت ئەمان لە ئەماندا

1 ئەبو داوود (3060). شێخی ئەلبانی رەحمەتی : سەحیحی ئەبوداوود (3725).

دەبن، کە خەڵکی خەفەتبار دەبن، ئەمان ئاسوودە دەبن !! ئینجا ئەو ئایەتەی قورئانی خوێندەوە کە دەفەرموێ: ئەولیایانی خوا نە ترسیان لێ دەنیشێت و نە خەمیش دایان دەگرێت..

بێ گومان ئەمە مانای ئەوە نیە کە پلەو مەنزیلەی ئەم بەڕێزانە سەرو پلەی پێغەمبەران و شاهیدان و شەهیدان کەوتووە بەڵکو ئەمان لەوە سەرسام دەبن کە بە چی وا گەیشتوونەتە ئەو پلە بەرزە؟!

5ـ برایەتی دینی مایەی چێشتنی شیرینی باوەڕە:

* پێغەمبەری خۆشەویست صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ: (مَنْ أَعْطَى لِلَّهِ وَمَنَعَ لِلَّهِ وَأَحَبَّ لِلَّهِ وَأَبْغَضَ لِلَّهِ وَأَنْكَحَ لِلَّهِ فَقَدْ اسْتَكْمَلَ إِيمَانَهُ)[1] واتە : هەر کەسێک لەبەر خاتری خوا ببەخشێت و لەبەر خاتری خوا بگرێتەوە، وە لەبەر خاتری خوا خۆشی بوێت و لەبەر خاتری خوا ببوغزێنێت، لەبەر خاتری خواش هاوسەرێتی بگرێت، ئەوە باوەڕی خۆی تەکمیل کردووە..

* هەروەها دەفەرموێ: (ثَلَاثٌ مَنْ كُنَّ فِيهِ وَجَدَ حَلَاوَةَ الْإِيمَانِ أَنْ يَكُونَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِمَّا سِوَاهُمَا وَأَنْ يُحِبَّ الْمَرْءَ لَا يُحِبُّهُ إِلَّا لِلَّهِ وَأَنْ يَكْرَهَ أَنْ يَعُودَ فِي الْكُفْرِ كَمَا يَكْرَهُ أَنْ يُقْذَفَ فِي النَّارِ)[2] واتە : سێن لە هەر کەسێکدا هەبن باوەڕی خۆییان پێ تەکمیل دەکات:

ـ خواو پێغەمبەری خوای لە هەموو کەس زیاتر خۆش بوێت.
ـ هەر کەسێکی خۆش وویست لەبەر خاتری خوای گەورە خۆشی بوێت.
ـ ئەوەندە گەڕانەوەی بۆ ناو کوفرو کافران ببوغزێنێت هەر وەکو ئەوەی کە فڕێ دانە ناو ئاگری دەبوغزێنێت..

---

1 ترمزی (ژمارە 2445)، شێخی ئەلبانی: سلسلة الاحاديث الصحيحة ژمارە (380).
2 متفق عليه (بوخاری 15 و موسلیم 60).

* هەروەها دەفەرموێ :(لَا يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى يُحِبَّ لِأَخِيهِ مَا يُحِبُّ لِنَفْسِهِ)[1] واتە : هیچتان باوەڕی دانامەزرێت تا ئەو شتەی بۆ خۆی پێ خۆشە بۆ براکەشی پێخۆش نەبێت..

وورد سەرنج لەم رەفتارەو رەوشتانە بدە کە بە رەسەنێتی پیرۆزیی دینیی لە ناخی تاک و کۆی کۆمەڵگەیەک دەچەسپێت و هێندە مومارەسە دەکرێت تا دەبێتە بەهاو نەریتی کۆمەڵایەتی، ئینجا بزانە چ ئاسەوارێکی ئیجابی جێ دەهێڵێت!؟ بزانە ئەگەر لە گوندێکدا دانیشتوانەکەی لەسەر ئەم مافانەی یەکتریی و برایەتیە دینیە پەروەردە بوون و ئاوا لەبەر رۆشنایی ئەم ئاڕاستانەدا هەڵسوکەوتیان لەگەڵ یەکتر کرد، چەند تێکەڵ و خەمخۆری یەک دەبن.. گوندەکە بکە بە شارۆچکەیەک و بزانە چ کاریگەرییەکی ئیجابی لەناو خەڵکیدا دروست دەبێت.. پیاوخراپانی هەرچەند زیاد بن ناتوانن ئەم دیدو رەفتارو بەها پیرۆزانە لاواز بکەن، بە پێچەوانەشەوە ئەوان روویان نایات خۆ وا دەرخەن کە دەتوانن و لە روویان دێت سەرپێچی لێ بکەن چونکە هەر هیچ نەبێت پێیان عەیبەو شورەیی دەبێت.. ئینجا خەمی سومعەی خۆیان دەبێت و پاشان ئەگەر یاساش نەبێت! لە کاردانەوەو بەرهەڵستی خەڵکەکە دەترسن، چ جای ئەوەی بەسەر هەموو ئەمانەوە یاسایەکیش هەبێت کە جیاوازی نێوان کەس ناکات..

---

1 متفق علیه (بوخاری 12 و موسلیم 64).

بەشی دووەم

ماف و ئەرکی برایەتی دینی

برایەتی دینی هەر ئەوەندە نیـە کـە هەستێـکی فیکریـی و هەڵوێستێـکی دەروونی بێت، بەڵکو بە تەئکید پێش هەموو شتێک ئەرکێـکی ئیماندارانـەی سەرشانی موسوڵمانە، کۆمەڵێک کارو هەڵوێستە، کە حەتمەن دەبێت ئەنجام بدرێت و لە واقیعدا دەرکەوێت، تا شاهێدی لەسەر هـەبوونی ئـەو هەسـتی برایەتیە بـدات و بیسەلمێنێـت.. وا هەندێـک لـەو مـاف و ئەرکانـە روون دەکەینەوە کە موسوڵمانان بەسـەر یەکیانـەوە هەیـە، کـە هـەموویان لـە ئاڕاستەی قورئانی پیرۆزو حەدیسی سەحیحەوە هاتوون، هەندێکیان دەگەنە ئاستی فەرزێتی و هەندێکی تریشیان لە ئاستی یەکـەمی بەڵگەنەوویسـتی برایەتیەکـەن..جـا ئـەوی خوانـاس و خواوویسـتەو بـە خـەم قیامـەتی خۆیەوەیەتی با ئاوڕێک لە گیان و هەستی برایەتی خۆی بداتەوەو بزانێـت ئایا لەگەڵ ئەم دەقە پیرۆزانەو سیرەو رەوشی موسوڵمانی سەرڕاستدا یەک دەگرێتەوە؟!

1ـ دۆستایەتی کردن لەسەر بنچینەی خۆشەوویستی خوا:

تەرکیزی دەقە پیرۆزەکان لەسەر ئەوەیە کە موسوڵمان دەبێت دۆستایەتی خۆی لەگەڵ خەڵکانی تردا لەسەر بناغـەی خۆشەوویسـتی خـوای گـەورە دارێژێت، تا بتوانێـت گیـانی برایـەتی دامەزرێنێـت و گەشـە بـە هەسـتی برایەتیەکەی خۆی بدات.. کۆمەڵێک دەقمان پێشـتر هێـنایەوە کـە باشـترە بچیتەوە سەریان تا یادت بێنەوە..

خۆشەوویستی موسوڵمان ماف و ئەرکێکە و خوای گەورە فەرزی کردووەو یەکێکە لەو هۆکارانـەی دەگەێنێـتە بەهەشـت.. پێـغەمبەر صلى الله عليه وسلم

دەفەرموێ: (لَا تَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ حَتَّى تُؤْمِنُوا وَلَا تُؤْمِنُوا حَتَّى تَحَابُّوا)[1] واتە: ناچنە بەهەشتەوە تا باوەڕ نەهێنن، باوەڕیشتان نابێت تا یەکتریتان خۆش نەوێت.
ئیبنوهیشام لە کتێبی (سیرە)کەی خۆیدا دەگێڕێتەوە کە ئیبنوئیسحاق گێڕایەوە کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم جارێکیان ووتاری دەدا فەرمووی: (أحِبُّوا مَا أَحَبَ اللهُ، أحِبُّوا اللهَ مِنْ كُلِّ قُلُوبِكُمْ، ولا تَمِلُّوا كَلَامَ اللهِ وذِكْرَهُ، ولا تَقْسُ عَنْهُ قُلُوبُكُم.. وتَحَابُّوا بِروحِ اللهِ بينَكُم)[2] واتە : ئەوەتان خۆش بوێت کە خوای گەورە خۆشی دەوێت، خواتان لە ناخی دڵتانەوە خۆش بوێت، لە قورئان خوێندنیشدا مەلەل نەتان گرێت و بێ تاقەت نەبن لێی، دڵتان بەرامبەری رەق نەبێت.. بەگیانی خواوویستیەوە یەکتریتان خۆش بوێت و لەبەر خاتری خوا..

ئەم حەدیسە پیرۆزو دەقی ناوبژین لەسەر فەرزێتی خۆشویستنی موسوڵمانان لە ناو خۆیاندا لەبەر خاتری خوای گەورە.. دەقی حەدیسەکە فەرمانە، فەرمانیش لە زمانی عارەبیدا وەکو زمانەوانەکان و ئوسولیە شەرعناسەکان دەفەرموون: فەرمان بۆ فەرز بوونە مەگەر ووشەیەکی هاوڕێی لەگەڵدا بێ ماناکەی تایبەت بکات بە سەرپشک کردنەوە یان بیکات بە هاندانی سەربەستانە..

پێغەمبەری نازدار صلى الله عليه وسلم بە یاوەرانی دەفەرموو کە هەر کەسێک کەسێکی تری خۆش وویست هەواڵی بداتێ کە خۆشی دەوێت.. وەک ئەوەی

---

1 موسلیم (ژمارە 81).

2 سیرە ئیبنوهشام (30/3)و ئیبنوکەسیر لە البداية والنهاية (528/4)دا بە دوو سەنەدی ئیبنو جەریرو بەیهیقیەوە هێناویێتیەوەو دەرهەق سەنەدەکانیان دەفەرموێ (فيهما ارسال) واتە لە زنجیرەی سەنەدەکانیاندا یاوەرەکەی ناونەبراوە...

کە ئەنەس خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە دەفەرموێ: (مَرَّ رَجُلٌ بِالنَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَعِنْدَ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ رَجُلٌ جَالِسٌ فَقَالَ الرَّجُلُ وَاللَّهِ يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنِّي لَأُحِبُّ هَذَا فِي اللَّهِ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَخْبَرْتَهُ بِذَلِكَ قَالَ لَا قَالَ قُمْ فَأَخْبِرْهُ تَثْبُتْ الْمَوَدَّةُ بَيْنَكُمَا فَقَامَ إِلَيْهِ فَأَخْبَرَهُ فَقَالَ أَنِّي أُحِبُّكَ فِي اللَّهِ أَوْ قَالَ أُحِبُّكَ لِلَّهِ فَقَالَ الرَّجُلُ أَحَبَّكَ الَّذِي أَحْبَبْتَنِي فِيهِ)[1] واتە : پیاوێک بە لای پێغەمبەرداصلى الله عليه وسلم تێپەڕی کە کابرایەکی لە خزمەتدا دانیشتبوو کابرا ووتی ئەی پێغەمبەری خوا من ئەو پیاوەم لەبەر خاتری خوا خۆش دەوێت پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمووی پێت ووتووە کە خۆشت دەوێت ؟ کابرا ووتی نا ، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمووی : هەستە بڕۆ هەواڵی بدەرێ ، ئەویش چوو بە پیاوەکەی ووت من لەبەر خاتری خوای گەورە تۆم خۆش دەوێت ، ئەویش پێی ووتەوە : دەی سا ئەو خوایە تۆی خۆش بوێتەوە کە تۆ لەبەر خاتری ئەو منت خۆشوویستووە ..

دیسان پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بەردەوام ئامۆژگاری یاوەرانی دەکرد کە بە سۆراخی ئەو یەکتر خۆشوویستنەوە بن و بەردەوام چاودێریی بکەن و بە هەر شێوەیەک کە بۆیان دەلوێت گەشەی پێ بدەن و زیاتری کەن، بۆ نموونە بە دیاری بۆ بردن و خەڵات گۆڕینەوە بێ ئەوەی لەسەر خۆشیانی قورس کەن، وەک دەفەرموێ: (تَصَافَحُوا يَذْهَبْ الْغِلُّ وَتَهَادَوْا تَحَابُّوا وَتَذْهَبْ الشَّحْنَاءُ)[2] واتە : تەوقە بکەن لەگەڵ یەکتریی تا کینەتان لابات ، دیاریش بدەنە یەکتر تا بوغزی نێوانتان رادات ..

---

1 ئەبوداود (4460)، ئیمامی ئەحمەد (130456) بە سەنەدی سەحیحەوە..

2 ئیمامی مالیک (1413) دەشفەرموێ: حسن ..

هەروەها ئامۆژگاری ئەوەی دەکردن کە بەردەوام سەلام لە یەکتری بکەن تا خۆشەویستیەکەی نێوانیان پەرە بستێنێت، وەک دەیفەرموو: (لَا تَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ حَتَّى تُؤْمِنُوا وَلَا تُؤْمِنُوا حَتَّى تَحَابُّوا أَوَلَا أَدُلُّكُمْ عَلَى شَيْءٍ إِذَا فَعَلْتُمُوهُ تَحَابَبْتُمْ أَفْشُوا السَّلَامَ بَيْنَكُمْ)[1] واتە: ناچنە بەهەشتەوە تا باوەڕ نەهێنن، باوەڕیشتان نابێت تا یەکتریتان خۆش نەوێت، ئایا ئەو ڕێیەتان نیشان دەم کە ئەگەر گرتانە بەر یەکتریتان خۆش بوێت؟! سڵاو لێک کردن لە ناو خۆتاندا بڵاو بکەنەوە ..

کە سەرنج لە سیرەی پێغەمبەری پێشەوامان صلی الله علیه وسلم دەگرین دەیان جۆرو شێوازی دیکەمان بەرچاو دەکەوێت کە وەک نموونە خستوونیەتە بەرچاوی موسوڵمانان تا بیگرنە بەر تا گەشە بە خۆشەوویستی خواناسانەی خۆیان بدەن.. کە لە لاپەڕەکانی داهاتوودا هەندێکی تریشیان لە باسەکاندا دەهێنینەوە ان شاء الله.. بەڵام ئەوەی گرنگە کە هەر لەسەرەتاوە لەبەرچاومان بێت و لێی بێ ئاگا نەبین ئەوەیە کە مەسەلەی برایەتی دینی و یەکتریی خۆشوویستن لەبەر خاتری خوای پەروەردگار تەوەرێکە کە دینداریی بەدەوردا دەخولێتەوە.. یەکتر خۆشوویستن لەبەر خاتری خوای گەورە بناغەی کۆمەڵکارییەکیە ئوممەتیەکەی موسوڵمانانە.. بۆیە ئەو کەسانەی کە لەبەر خاتری خوای پەروەردگار یەکتریان خۆش دەوێت پێوویستە هەمیشە لە یادی یەکاتریدا بن و هەموو هۆکارەکان بگرنە بەر کە خۆشوویستنەکەیان زیاتر دەکات و برایەتیەکەیان پتەوتر دەکات.. بۆیە پێویستە هەمیشە وەکو باخەوان چاودێری باخی برایەیەتیان بکەن لە دڕک و داڵی کینەو بوغز بژاری کەن و

[1] موسلیم (54).

هەمیشە بە خواوویستی ئاودێریی بکەن، تا لە واقیعێکی دنیاییدا بەرجەستەی کەن و خەڵکیش بە نموونەی برایەتی ئیسلامەتی بیانبینێت..

2ـ دڵنەوایی و دڵسۆزیی هاوڕێیانەو خۆش مەشرەبی:

ئەمەش لە چەند لایەکەوەیە :

أ ـ **خۆ راهێنان لەسەر چاکەی خۆبەخش:** ئەمەش بەوە دەبێت کە موسوڵمان سۆراغی پێداوویستی برا موسوڵمانەکانی تری بکات و زوو هەست بە ئاتاجییان بکات تا بە هانایانەوە بچێت پێش ئەوەی ئەوان ناچار ببن پێ لە جەرگی خۆیان بنێتن و بە رووی سوورەوە داوا بکەن.. موسوڵمان پێویستە خۆی لەسەر ئەوە راهێنێت کە هەر کاتێک شتێکی زیادەی هەبوو بیداتە موسوڵمانانی تری موحتاج.. هەر هەمووومان دەبێ ئەوە بزانین کە ئەگەر برا موسوڵمانەکەمان داوای شتێکی لێ کردین کە زیادەیەو شکی پێ بردووە کە لامان دەست دەکەوێت دەکرێت ببەخشرێت، بۆیە داوای کردووە ئەمە خۆی لە خۆیدا نیشانەی کەمتەرخەمیمانە، نیشانەی ئەوەیە کە بە تەنگیەوە نەچووین و هەستمان بە نەبوونیەکەی نەکردووەو ئەومان لە رووی دەروونیەوە گەیاندۆتە ئەو حاڵەتە قورسەی کە خۆی داوای کات.. خۆ شت داواکردن لە خەڵکی رەفتارێکی ئاسان نیە، ئەوەندە لەسەر دڵ قورسە کە یاوەرانی پێغەمبەری نازدار صلى الله عليه وسلم دەیانفەرموو: ئابڕوو دەبات!! هەر کەسێکمان گەیشتە ئەم ئاستە پێویستە زوو بگەڕێتەوە بۆ لای خوای گەورەو تۆبە بکات.. کابرایەک بە ئەبوهورەیرەی ووت خوا لێی رازی بێت: دەمەوێ برایەتیت لەگەڵ ساز کەم و ببمە برات! فەرمووی: دەزانی مافی برا لەسەر برا چیە؟ کابرا ووتی: نازانم فێرم کە، ئەبوهورەیرە فەرمووی: ئەوەیە کە خۆت لە من زیاتر بە خاوەن دینارو درهەمەکەی گیرفانت نەزانیت! کابرا

ووتی: بە خوا هێشتا نەگەیشتوومەتە ئەو ئاستە!! ئیدی ئەبوهورەیرە فەرمووی: دەی مادام وایە لێم گەڕێ.

ئەم وەلام و هەڵوێستەی ئەبوهورەیرە خوا لێی رازی بێت رەفتارێکی دەروونی خۆی نیە، نا، ئەمە حەقیقەتێکی بەڵگەنەوویستە کە کۆمەڵێک ئایەت و حەدیسی پێغەمبەری نازدار صلى الله عليه وسلم جەختی لەسەر دەکەنەوە.. هەموو ئەوە دەسەلمێنن کە قەوارەی موسوڵمانان یەکە، هەست و هۆشیان وەکو بیرو باوەڕیان یەکە، رەفتارو هەڵوێستیان کە هەڵهێنجراوی عەقیدەکەیانە دەبێ وەکو یەک بێت!! ناشێت دیواری دەروونی ببێتە بەربەستی نێوانیان.. ناشێت من من و تۆتۆیی ئەنانێتی بەسەر هۆشیاندا زاڵ بێت!! ئەمەش هەندێک لەو ئاراستە شەرعیانە:

* عن أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ قَالَ بَيْنَمَا نَحْنُ فِي سَفَرٍ مَعَ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِذْ جَاءَ رَجُلٌ عَلَى رَاحِلَةٍ لَهُ قَالَ فَجَعَلَ يَصْرِفُ بَصَرَهُ يَمِينًا وَشِمَالًا ئەبوسەعیدی خودری خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە دەفەرموێ: لە سەفەرێکدا لە خزمەت پێغەمبەردا صلى الله عليه سلم بووین، کابرایەکی سوار هاتە ناومان و چاوی بە راست و چەپدا گێڕا (وەک ئەوەی پێویستی بە شتێکی خواردن بێت) فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمووی: (مَنْ كَانَ مَعَهُ فَضْلُ ظَهْرٍ فَلْيَعُدْ بِهِ عَلَى مَنْ لَا ظَهْرَ لَهُ وَمَنْ كَانَ لَهُ فَضْلٌ مِنْ زَادٍ فَلْيَعُدْ بِهِ عَلَى مَنْ لَا زَادَ لَهُ قَالَ فَذَكَرَ مِنْ أَصْنَافِ الْمَالِ مَا ذَكَرَ حَتَّى رَأَيْنَا أَنَّهُ لَا حَقَّ لِأَحَدٍ مِنَّا فِي فَضْلٍ)[1] واتە: ئەوی وولاخێکی بەتاڵی پێیە با بیداتە ئەوی وولاخی پێ نیە سواری بێت (یا با لە دوای خۆیەوە سواری کات) ، ئەوی خواردنی زیادەی پێیە با بیداتە ئەوی خۆراکی پێ نیە.. ئەوەندەی جۆری سامان و ماڵ باس فەرموو تا

1 موسلیم (3253).

گەیشتینە ئەوەی دڵنیا بووین کە کەس شتێکی وای پێ نیە لێی زیاد نەبێت تا نەیداتە کەسانی تر.. یەعنی هەر یەکەمان حەتمەن شتێکی وامان هەر پێیە کە کەسێکی تر پێی نیە!!

* عن عَائِشَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا أَنَّهُ اعْتَلَّ بَعِيرٌ لِصَفِيَّةَ بِنْتِ حُيَيٍّ وَعِنْدَ زَيْنَبَ فَضْلُ ظَهْرٍ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لِزَيْنَبَ: (أَعْطِيهَا بَعِيرًا فَقَالَتْ أَنَا أُعْطِي تِلْكَ الْيَهُودِيَّةَ فَغَضِبَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَهَجَرَهَا ذَا الْحِجَّةِ وَالْمُحَرَّمَ وَبَعْضَ صَفَرٍ)[1] واتە: عائیشە خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: ووشترێکی سەفییەی کچی حویەی نەخۆش کەوتبوو زەینەبیش ووشترێکی زیادەی پێبوو (هەردووکیشیان خێزانی پێغەمبەری نازدارن صلى الله عليه وسلم) پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بە زەینەبی فەرموو ووشترە زیادەکە بدە بە سەفییە، کەچی زەینەب فەرمووی: بیدەمە ئەو جولەکەیە؟ (چونکە زەینەب کچی حویەی کوڕی ئەختەب بوو کە جولەکە بوو) پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم زۆر تووڕە بوو بۆیە هەموو مانگەکانی زیلحیججەو موحەڕەم و بەشێکیش لە مانگی سەفەر خۆی لێ دابڕی و نەچووە ماڵی..

* عَنْ ابْنِ عُمَرَ قالَ :(.. ثُمَّ لَقَدْ أَتَى عَلَينَا زَمَانٌ أو قَالَ حِينٌ وَمَا أَحَدٌ أَحَقٌّ بِدِينَارِهِ ودِرْهَمِهِ مِنْ أَخِيهِ الْمُسْلِمِ ثُمَّ الآنَ الدِّينارُ والدِّرْهَمُ أَحَبَّ إلى أحَدِنَا مِنْ أخِيهِ الْمُسْلِمِ سَمِعْتُ النَّبيَّ صَلى الله عليه وسلم يقولُ : (كَمْ مِنْ جَارٍ مُتَعَلِّقٌ بِجَارِهِ يَومَ الْقِيامَةِ يَقولُ يَا رَبِّ هَذا أغْلَقَ بَابَهُ دُونِي فَمَنَعَ مَعْرُوفَهُ)[2] واتە: پاشان زەمانێکی وامان بەسەردا هات یان کەوتووینە زەمانێکەوە کە کەس لە برا موسوڵمانەکەی خاوەن

---

1 ئەبوداوود (3986)، شێخی ئەلبانی : سەحیحی ترمزی (3894).

2 بوخاری: کتێبی الادب المفرد کە کتێبێکی تری غەیری سەحیحیەکەیەتی (ژ199)، حەسەنە.

مافتر نەبوو لە خاوەنێتی دینارو درهەمەکانیدا، کەچی ئێستاش ئەوەتا کەسانی وامان تێدایە کە دینارو درهەمەکانی زیاتر خۆشدەوون وەک لە برا موسوڵمانەکەی.. خۆم لە پێغەمبەرم صلی الله علیه وسلم بیستووە کە فەرمووی: لە رۆژی قیامەتدا چەندین دراوسێ دێن گیرۆدەی دراوسێکانی تریانن (کە شکاتیان لای خوای گەورە لێ دەکەن و دەڵێن): خوایە ئا ئەمە دەرگای لەسەر دادەخستین و نەیدەهێشت خێرو خێراتەکەیمان بەر کەوێت!!

ئەم حەدیسانە ئەوە لەسەر موسوڵمان فەرز دەکەن کە دەبێ ئەوەی لە خۆی زیادە بیداتە موسوڵمانی تر کە پێویستی پێیەتی! جا ئەوی لە خۆی زیادەیە جلوبەرگە یان هۆدە خانووە، خۆراکە یان دەرمانە یان پێداوویستی تری مرۆڤە کە مرۆڤ پێویستی پێی دەبێت.. ئینجا دەبێت بیداتە موحتاجترین کەس لەوانەی لێوەی نزیکترن ئینجا دوورتر لەو یان کەمتر موحتاج وەهەروەها! نابینیت پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەفەرموێ: (با بیداتە..) ئەمەش فەرمانە فەرمانیش فەرز دەکات.. جا دیقەتی ئەم فەرمایشتانە بدەو سەیری واقیعی ئێستای موسوڵمانان بکە کە چەند بەرامبەر بە یەکتریی کەمتەرخەمن؟! تۆ زیاتر ووردبەرەوە لە قەولەکەی ئیبنو عومەر خوا لێی رازی بێت کە لە سەرەتای بانگەوازی ئیسلام و پێکەوەنانی ئوممەتەکەیدا فەرمووی: (پاشان زەمانێکی وامان بەسەردا هات یان کەوتووینە زەمانێکەوە کە کەس لە برا موسوڵمانەکەی خاوەن مافتر نەبوو لە خاوەنێتی دینارو درهەمەکانیدا) بەڵام دواتر سەیری ئەو گلەیی و گازاندەی لە خۆیانی دەکات کە هەڵوێستی موسوڵمانان چی لێ هاتووە کە دەفەرموێ: (کەچی ئێستاش ئەوەتا کەسانی وامان تێدایە کە دینارو درهەمەکانی زیاتر خۆشدەوون وەک لە برا موسوڵمانەکەی) جا ئەمە هێشتا باسی زەمانی یاوەرانی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەکات کە پەروەردەی دەستی پیرۆزی ئەون؟!! ئەدی ئەگەر

لەم زەمانەی ئێمەدا بوایە چ حوکمێکی دەردەکرد؟! داخۆ ڕووی بکردایەتە کێ و هەموو تووڕەبوونی خۆی بەسەردا بباراندایە؟!! ئەمە لە نێوان نەوەیەکی قورئانیدا دەفەرموێ کە خوای کارزان وەسفی ئاوا کردبوون کە دەفەرموێ: (وَيُؤْثِرُونَ عَلَى أَنْفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ وَمَنْ يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِ فَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ) الحشر/9 واتە: وابە پەرۆشی یەکترەوە بوون (بەرژەوەندی یەکتریان دەخستە پێش هی خۆیان) کە ئەگەر هەژاریشیان بەسەر خۆیاندا بهێنایە باکیان نەبوو هەر دەیانکرد!! بەڕاستی ئەو کەسەی خۆی لە پیسکەیی وچاوچنۆکی نەفسی خۆی ڕاپسکێنێت ولێی دەرباز بێت ئەوانە سەرفرازن.. یەعنی دەچێتە ڕیزی ئەو سەرفرازانەوە کە فریشتەو پێغەمبەرانی خوا خۆزگەیان بە خۆیانە!!

* عن يَحْيَى بْنِ سَعِيدٍ قَالَ: (سَمِعْتُ أَنَسًا رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قَالَ أَرَادَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنْ يُقْطِعَ مِنْ الْبَحْرَيْنِ فَقَالَتْ الْأَنْصَارُ حَتَّى تُقْطِعَ لِإِخْوَانِنَا مِنْ الْمُهَاجِرِينَ مِثْلَ الَّذِي تُقْطِعُ لَنَا قَالَ سَتَرَوْنَ بَعْدِي أَثَرَةً فَاصْبِرُوا حَتَّى تَلْقَوْنِي)[1] واتە: یەحیای کوڕی سەعید خوای لێی ڕازی بێت فەرمووی لە ئەنەسم بیست خوا لێی ڕازی بێت کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم وویستی گەنجینەی کۆکراوەی ئەو بەیتولمالەی کە لە بەحرەینەوە هاتبووە مەدینە لە موسوڵمانان بەش کات، پشتیوانەکان ووتیان: پشک بۆ ئێمە دامەنێ تا پێشتر بۆ برا کۆچکەرەکانمان وەکو پشکەکانی ئێمە دانەنێیت! یەعنی ئەوەندە سوور بوون لەسەر بەشی براکانی تریان پێش وەرگرتنی پشکی خۆیان.. بۆیە پێشەوای مەزن صلى الله عليه وسلم پێی فەرموون: دوای من خۆخۆیی دەبینن بەڵام سەبری لەسەر بگرن تا دەمگەنێ..

---

1 بوخاری (2203).

خوشک و برایانی خۆم سەیری کەن! لە چ زەمانێکدا بووە دانیشتوانی شارێک ئاوا پەروەردە بووبن کە کەسیان خەمی پشکی خۆی نەبێت و نەیەوێت بەرژەوەندی خۆی بخاتە پێش غەریبانی شارێکی دیکە کە هاتوونەتە لایان و بووشنەتە دەسەڵاتدارز کاربەدەستی شارەکەیان؟!! سەیری ئاسەواری ئەو برایەتیە کەن کە پێغەمبەری سەرکردە صلى الله عليه وسلم لە نێوان کۆچکەرەکانی مەککەو پشتیوانەکانی مەدینەدا دروستی کرد؟! سەیری ئاسەوارو کاریگەرێتیەکەی کەن!!

* قالَ عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ عَوْفٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ لَمَّا قَدِمْنَا الْمَدِينَةَ آخَى رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بَيْنِي وَبَيْنَ سَعْدِ بْنِ الرَّبِيعِ فَقَالَ سَعْدُ بْنُ الرَّبِيعِ إِنِّي أَكْثَرُ الْأَنْصَارِ مَالًا فَأَقْسِمُ لَكَ نِصْفَ مَالِي وَانْظُرْ أَيَّ زَوْجَتَيَّ هَوِيتَ نَزَلْتُ لَكَ عَنْهَا فَإِذَا حَلَّتْ تَزَوَّجْتَهَا قَالَ فَقَالَ لَهُ عَبْدُ الرَّحْمَنِ لَا حَاجَةَ لِي فِي ذَلِكَ هَلْ مِنْ سُوقٍ فِيهِ تِجَارَةٌ قَالَ سُوقُ قَيْنُقَاعٍ قَالَ فَغَدَا إِلَيْهِ عَبْدُ الرَّحْمَنِ فزاحمهم وبزهم في ميدانهم ، فما لبث غير قليل حتى كسب مالاً وتأهل من ماله ولم يرزأ سعداً بشيء)[1] واتە: عبدالرحمانی کوڕی عەوف خوا لێی رازی بێت فەرمووی: کە کۆچمان کرد بۆ مەدینە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم من و سەعدی کوڕی الرەبیعی کردە برا، سەعدی کوڕی رەبیع پێی ووتم: کاکە گیان من سامان و ماڵم لە هەموو پشتیوانەکان زیاترە، بە نیوەیی لەگەڵتی بەش دەکەم، دوو ژنیشم هەیە، سەیریان کە کامیانت پێ پەسەند بوو بۆتی تەڵاق دەدەم وکەی بۆت حەڵاڵ بوو مارەی کە، سەیدنا عبدالرحمان دەفەرموێ: ووتم : برام پێویستم بە سامان و ماڵی تۆ نیە (لە ریوایەتێکی تردا دەفەرموێ: خوا بەرەکەت بخاتە ماڵ و منداڵتەوە من کابرایەکی بازرگانم پێویستم بە ماڵ و سامانی جەنابت نیە) بەڵام تۆ پێم بڵێ بازاڕی

1 بوخاری (1907).

بازرگانیەکە لە کوێیە؟ فەرمووی: وا لە گەڕەکی جولەکەکانی قەینوقاع.. ئیتر سەیدنا چووە بازاڕەکەو بووە یەکێک لە کاریگەرانی تا وای لێ هات کەوتە کێبڕکێی و مونافەسەی هەموو بازرگانەکان، ئاوا ماوەیەکی کەمی بردە سەر ئیدی بووە خاوەنی سامان و پارەیەکی زۆر کە ژنیشی پێ هێنا بۆ ئەوەی ئەرکێکیش لەسەر سەعدی کوڕی ڕەبیع دروست کات!!

سەیری ئەو نەفسیەت و کەسایەتیە دامەزراوانە، سەیری ئەو برایەتی و دڵسۆزییە، سەیری ئەو دەروون بەرزیەی سەیدنا عبدالرحمانی کوڕی عەوفیش، کە یەکسەر ئیعتیماد دوای خوای گەورە دەکاتەوە سەر خۆی بۆ ئەوەی ئەرکی سەعدی براشی قورس کات!! ئەمە برایەتیەکی نێوان کەسانێکە کە هاوشێوەیان لە مێژوودا دەگمەنە پیاوی وەکو سەعدی کوڕی ڕەبیع لە چ سەردەمانێکدا هاتۆتە دی؟! مەگەر هەر بە پێی وەحی خوایی و لەبەر دەستی پێغەمبەراندا، وەکو ئەوەی کە لە ناو یاوەرانی سەیدنا عیساشدا روویدا، کە جارێک شوێنەکەوتوەکانی خۆی کۆکردەوەو ماڵ و سامانەکانیانی خستە سندوقێکەوەو فەرمووی ئەمە سامانی هاوبەشی هەمووتانەو پاشان وەکو یەک لێی بەش کردنەوە!!

ب ـ ڕووخۆشی و بە ماریفەتی و خۆشحاڵ بوون بە دیدار :

قسەی خۆش لە ناو هەموو خەڵکیدا بە شێوەیەکی گشتی مایەی سەرنج ڕاکێشان و دڵ بردنەوەیە، حەتمەن لە ناو برایانی موسوڵماندا کاریگەرترە، بۆیە خوای گەورە دەفەرموێ: (وَقُولُوا لِلنَّاسِ حُسْنًا) البقرة/83 واتە: بە قسەی جوان لەگەڵ خەڵکی بدوێن.. پێوە پابەند بوون و بەردەوام بوون لەسەر قسە خۆشی و ڕووگەشی دەبێتە دابو نەریتی بەرزی شارستانیانەی کۆمەڵایەتی بۆیە خوای پەروەردگار ئەو پیاوچاکانەی خۆی وا وەسف دەکات دەفەرموێ: (وَهُدُوا إِلَى الطَّيِّبِ مِنْ الْقَوْلِ وَهُدُوا إِلَى صِرَاطِ الْحَمِيدِ) الحج/24 واتە: هەمیشە

پەنایان دەبردەوە بەر سایەی قسەی جوان و بەرەو ڕێبازە پەسەند کراوەکە دەکشان!!

خوای گەورە وا باسی ئەو کەسانە دەفەرمویٚ کە خۆیان بە قسەو ڕەفتاری جوان ڕادەهێنن و کردوویانەتە مۆرک و سیماو پیشەیان کە ئەوەیان بۆ بۆتە مایەی شەیتان بەزاندن! چونکە هەرچەندە شەیتان فاقەو تەڵەیان لە ڕێدا دادەنێت ئەمان بەسەر نەفس و هەواو هەوەسی خۆیاندا زاڵ دەبن و فێڵەکانی شەیتان پووچەڵ دەکەنەوە! سەیری کەن چۆن ئێمەش ئامۆژگاری دەکات کە دەفەرمویٚ: (وَقُلْ لِعِبَادِي يَقُولُوا الَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِنَّ الشَّيْطَانَ يَنزَغُ بَيْنَهُمْ إِنَّ الشَّيْطَانَ كَانَ لِلْإِنسَانِ عَدُوًّا مُبِينًا) الاسراء/53 واتە: بە بەندەکانم بڵێ با ئەو قسەیەی کە جوانترینە بیکەن، چونکە شەیتان ناکۆکی دەخاتە نێوانیانەوە، بەڕاستی شەیتان دوژمنێکی ئاشکرای مرۆڤە.. ئەمە کە فەرمایشتی خوای گەورەیەو بە شێوەی فەرمان هاتووە یەعنی فەرز بوونی قسەی شیرین و ڕەفتاری جوان لەسەر موسوڵمانانێک کە خۆیان بە بەندەی خوای میهرەبان دەزانن و ئامادەن پەیامی پیرۆزی ئەو هەڵگرن و بیگەیێننەوە بە خەڵکی!! خوای کارزان و شارەزایە کە بە ئێمە دەفەرموێت: قسەی جوان بکەن، ووشەی جوان هەڵبژێرن، دمم ولەفزتان لەگەڵ خەڵکیدا شیرین بێت، چونکە ئاوا بانگەوازەکەو خۆشەویستی هەڵگرانی دەچنە دڵی خەڵکیەوە، ئەمەش بۆ موسوڵمان خێرەو وەکو ئەوەیە کە خێرو خێرات ببەخشێتەوە! مەگەر نابینیت چۆن پێغەمبەری پێشەوامان صلى الله عليه وسلم دەفەرمویٚ: (وَالْكَلِمَةُ الطَّيِّبَةُ صَدَقَةٌ)[1] واتە: قسەی جوان خێرە..

---

1 بوخاری (2767).

قسەی جوان ودەم ولەفزی شیرین ئەوەیە کە موسوڵمان برا موسوڵمانەکەی خۆی بە جوانترین ناو یان نازناو بانگ بکات کە خۆی پێی خۆشە بانگی کەن پێی.. چونکە ئەو کەسە لەوانەیە ناوێکی لە خۆی نابێت کە خۆشەویست بووە لای یان یادگارێکی خۆشی لەگەڵیدا هەبووە، یان وەکو ئەم سەردەمەی ئێمە ناوی خۆی گۆڕیووەو نایەوێت کەس بە ناوی ئەسڵی خۆی بانگی بکات. بۆیە پێغەمبەریش صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ: (ثَلاثٌ يُصَفِّيْنَ لَكَ وُدَّ أخِيكَ : تُسَلِّمْ عَلَيهِ إذا لَقِيتَهُ وَتُوَسِّعْ لَهُ فِي المَجْلِسِ وَتَدْعُوهُ بِأحَبِّ أسْمَائِهِ إليهِ)[1] واتە: سێ شتن کە خۆشەویستی براکەت بۆ پاڵفتە دەکات: کە تووشی بوویت سڵاوی لێ بکە، کە هاتە کۆڕەوە جێی بۆ بکەرەوەو بە خۆشترین ناوی خۆی بانگی بکە..

گومانی تێدا نیە کە رووخۆشی و دەم بە پێکەنینی و قسە خۆشی و زمان پاراوی و خۆش مەشرەبی هەموویان هۆکاری سەرەکی کەسب کردنی خەڵکین بۆ برایەتی دینییش مایەی پێکهاتن و بەردەوام بوون و گەشەکردنن، چونکە دەم و چاوت ئاوێنەی بەرامبەرەکەتە، لە رووی تۆدا کەسایەتی خۆی لای تۆی تێدا دەبینێتەوە، دەموچاو ناخی خاوەنەکەی دەخاتە روو، کە کەسانێک بە رووی خۆشەوە دەبینیت، کە بە رەفتاری جوان و قسەی جوانەوە لەگەڵتدا هەڵسوکەوت دەکەن، دەزانیت رێزو پلەوپایەت لە لای چەندە.. ئەو هەرچەند بە سەرزارەکی وا رەفتارت لەگەڵ بکات و خۆی وا بنوێنێت، ئەگەر هەر بۆ موجامەلە ئەمەی دەکرد زوو دڵت هەواڵت پێ دەدا کە ئەمە هەر قسەی لووس و خۆهێنانە پێشە، هەر خۆت دیقەت بدە سەدانی وا زمان لووست دیووە کە هەر چەند خۆی هێناوەتە پێش نەچۆتە دڵتەوەو زۆر زوو هەستت کردووە کە

---

1 نوسەری بەڕێز نوسیوێتی (الحاكم (5815) وهو حسن وغيره) بەڵام من هیچ بەڵگەیەکم دەست نەکەوت بیسەلمێنێت کە ئەمە فەرموودەیە، سەرچاوەکانی فەرمووده ئاماژە بەوە دەکەن کە قەولی سەیدنا عومەری کوڕی خەتتابە خوا لێی رازی بێت..

هەر قسەیە، کەچی لە بەرامبەریشدا کەسانی وات دیووە کە دەم و لەفزێکی وای نەبووە موناقەسەی رەوانبێژی ئەوی تریان بکات خواخوات بووە زوو قسەکەی تەواو کات، کەچی چۆتە دڵتەوەو زانیوتە کە سەرڕاستەو دۆستایەتیەکەشی راستگۆیانەیە.. بەڵام گومانی تێدا نیە کە هەر خۆت جاری وا هەبووە حوکمی کەسێکت داوەو ووتووتە: هیچی لەباردا نیە بەڵام قسە خۆشە، کارەکەشت بۆ نەکات بە قسەی خۆش راییت دەکات.. ئەمە بۆ دووڕوویەک نالێیت! چونکە دووڕوو لەگەڵ ئەم کابرایەی تردا کە هەر قسەی هەیە جیایە.. ئەویان موخەننەک و پیسە ئەمیان پاکە بەڵام لە باریدا نیە زیاتر پێشکەش کات..

لە بەرامبەریشدا سەیری ئەو کەسانە کە کە مرو مۆچ و مۆنن، هەر کە ووتیان کارەکەت کەوتۆتە لای کەسێکی وا رووگەشی لە تۆشدا دەمەیێت!! هەر لە لای خۆتەوە هەست بە قورسی رەفتارەکەی دەکەیت، حەز ناکەیت بیبینیت بەڵام ناچاریشیت!! کە چوویتە لای هەر ئەوەندەی لا دەمێنێیتەوە تا کارەکەت ئەنجام دەدەیت، حەز ناکەیت نە قسەت بۆ بکات نە قسەی بۆ بکەیت، کە قسەشت بۆ دەکات دەروونت خۆی بۆ قسەیەکی تیروتوانجی جەرگبڕانە ئامادە دەبێت، چونکە دەزانیت ئێستا قسەیەکی ناڕەوا یان بە خۆت دەڵێت یان بە کەسێکی تر کە جێ رێزە لای تۆ.. هەر نەبێ نەبێ غەیبەتی کەسێکی ترەو بۆت دەکات کە تۆ ناتەوێت گوێت لێی بێت!!

لە هەردوو جۆرە قسەو رەفتارەکەدا کەسایەتیەکان دەخوێنێتەوە، لە سیمایاندا کرۆکیانت بۆ دەردەکەوێت.. هەرچەندە ناخی خەڵکی غەیبەو تەنها خوای گەورە دەیزانێت بەڵام تۆش لە سیماو رواڵەتی خەڵکیدا، لە قسەو هەڵسوکەوتیاندا هەست دەکەیت کە ناخیان چ کەسایەتیەکی لەخۆ گرتووە..

بۆیە پێویستە موسوڵمان هەمیشە رواڵەتی وەکو ناخی خۆی پاک و چاک بێت، پێویستە قسەی شیرین بێت، مادام دڵ و دەروونی پاکەو کینەو بوغزی تێدا نیە حەیف نیە رووشی وا نەبێت، حەیف نیە رووشی هەمیشە گەش و دەم بە پێکەنین نەبێت؟! ئەگەر ئەمە مایەی سەرفرازی و چوونە ناو دڵەوە نەبوایە، ئەگەر مایەی قازانجی دین و دنیا نەبوایە، ئەگەر مایەی زیاد کردنی دینداری نەبوایە، ئەگەر مایەیە زەخیرە کردنی قیامەت نەبوایە پێغەمبەری نازدار صلى الله عليه وسلم نەیدەفەرموو: (لا تَحْقِرَنَّ مِنْ الْمَعْرُوفِ شَيْئًا وَلَوْ أَنْ تَلْقَى أَخَاكَ بِوَجْهٍ طَلْقٍ)[1] واتە: هیچ چاکەیە بە سووک تەماشا مەکە با ئەوەش بێت کە بە رووی خۆشەوە براکەت ببینیت..

ئەمما سڵاو کردن، ئەوە هەر دروشمی ئیسلامەتیە، دابونەریتێکی سەرەکی باری کۆمەڵایەتی ئیسلامە، بۆیە ئیسلام بە فەرمان بە موسوڵمانانی راگەیاندووە کە خووی پێوە بگرن، تا سڵاو لە هەموو کەسێک بکەن، ئەوی دەیناسن و ئەوی نایناسن! بۆ وەڵامدانەوەش وای لەسەری فەرز کردووە کە دەبێت سڵاوەکە یان وەکو خۆی یان چاکتر بسەنێتەوە! نابینیت خوای کردگارو کارجوان بەو گەورەییەی خۆیەوە ئەمە بە موسوڵمانان رادەگەێنێت کە: (وَإِذَا حُيِّيتُمْ بِتَحِيَّةٍ فَحَيُّوا بِأَحْسَنَ مِنْهَا أَوْ رُدُّوهَا إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ حَسِيبًا) النساء/ 86 واتە : ئەگەر سڵاوتان لێ کرا، ئێوە بە چاکتر لەو بیسەننەوە، یان هەر وەکو خۆی بیگەڕێننەوە، چونکە بە تەئکید خوای گەورە لە هەموو شتێک دەپرسێتەوە!!

دەبێ زۆر لەوەش بە حەزەر بین لووت بەرزی و هەواو فیز وامان لێ نەکات بێزمان نەیات سڵاو لە هەندێک کەس بکەین، یان بڵێین با ئەو دەسپێشکەر

---

1 موسلیم (**4760**).

بێت! یان ئەوە چیە تا من سڵاوی لێ بکەم!! ئەمانە هەمووی ئاسەواری نەخۆشی ناخن! موسوڵمان دەبێت زۆر لێیان هۆشدار بێت، نەکەوێتە شتی واوەو دوایی زیاتر گومڕا ببێت بەوەی بەرگرییشی لێ بکات، ئەوەندەی جڵەو بۆ هەواو هەوەسی خۆی شل کات و بە دوویدا بچێت.. سڵاو کردنەکە لەو کەسەی ناتەوێت ڕەفتاری لەگەڵدا بکەیت ئاسانترە لەوەی خوانەخواستە دوچاری نەخۆشی خۆپەسەندی وهەڕاڵی ولووت بەرزی ببیت! هەمیشە لەیادت بێت کە پێغەمبەری نازدار صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی: (لَا تَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ حَتَّى تُؤْمِنُوا وَلَا تُؤْمِنُوا حَتَّى تَحَابُّوا أَوَلَا أَدُلُّكُمْ عَلَى شَيْءٍ إِذَا فَعَلْتُمُوهُ تَحَابَبْتُمْ أَفْشُوا السَّلَامَ بَيْنَكُمْ)[1] واتە: ناچنە بەهەشتەوە تا باوەڕ نەهێنن، باوەڕیشتان نابێت تا یەکتریتان خۆش نەوێت، ئایا ئەو ڕێیەتان نیشان دەم کە ئەگەر گرتانە بەر یەکتریتان خۆش بوێت؟! سڵاو لێک کردن لە ناو خۆتاندا بڵاو کەنەوە..

راهاتن لەسەر ئەم ڕەفتارە جوانەو پاراستنی، یەکەمین سەرە داوی پەیوەندی بەهێزی کۆمەڵایەتیە چونکە یەکەمین دیاردەی هەستی برایەتی وسەرەتاییترین نیشانەی سەرڕاستی ئینتیمای دیندارانەیە، ئەمە جگە لەوەی بە تەئکید دڵ بردنەوەو کەسب کردنی بەرامبەرە..

ج ـ باوەشکردنەوە و هەڵسوکەوت چاکی و خۆبەکەم زانی لە ئاستی براکەت:

نەویکردنی باڵی بەزەی ومیهرەبانی وڕەفتار وکردار وگوفتار جوانی لەگەڵ براکەتدا، دەرخستنی خۆشەویستی و سۆز وبەزەی لەنێوان ئیمانداران لە هۆکارەکانی بەردەوام بوونی برایەتییانە، بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت: (مُحَمَّدٌ رَسُولُ اللَّهِ وَالَّذِينَ مَعَهُ أَشِدَّاءُ عَلَى الْكُفَّارِ رُحَمَاءُ بَيْنَهُمْ) الفتح/29 واتە:

1 موسلیم (81).

موحەممەد ڕەوانە کراوی خوایە، ئەوانەش کە شوێنی کەوتوون بەسرامبەر بێ باوەڕان ئازا و توندن، بەبەزەیی و میهرەبانن لەنێوان خۆیاندا..

هەروەها دەفەرموێت: (وَاخْفِضْ جَنَاحَكَ لِمَنْ اتَّبَعَكَ مِنْ الْمُؤْمِنِينَ) الشعراء/215 واتە: باڵی بەزەیی خۆت بۆ ئەو ئیماندارانەی کە شوێنت کەوتوون نەوی بکە.

لەوەسفی ئەو ئیماندارانەشدا کە لە هەڵسوکەوتیان ڕازیە دەفەرموێت: (أَذِلَّةٍ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَى الْكَافِرِينَ) المائدة /45 واتە: ملکەچ و فەرمانبەردار و بەسۆزن بۆ ئیمانداران، بە عیزەت و بەهێزن بەرامبەر بە بێ باوەڕان..

بێ گومان خۆبەکەم زانی لە نێو مسوڵمانان لە ئاستی یەکتری دەرگای دڵەکان بۆ حەق و ڕاستی یەکان دەکاتەوەو دەبێتە هۆی گەشەکردنی سۆز و بەزەیی و بەردەوام بوونی خۆشەویستی وموحیببەت وموسوڵمانیشی پێ لای خوای گەورە بەرز دەبێتەوە.. هەروەکو کە پێغەمبەری ئازیز صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ: (مَا نَقَصَتْ صَدَقَةٌ مِنْ مَالٍ وَمَا زَادَ اللَّهُ عَبْدًا بِعَفْوٍ إِلَّا عِزًّا وَمَا تَوَاضَعَ أَحَدٌ لِلَّهِ إِلَّا رَفَعَهُ اللَّهُ)[1] واتە: هیچ کاتێک خێر و چاکە لەماڵ و سامان کەم ناکاتەوە. بەندە هەرچەندێک لێبوردە بێت خوای گەورە بە عیزەت و سەربەرزتری دەکات، هەر بەندەیەک لەبەر خوا تەوازوع و خۆ بەکەمزان بێت حەتمەن خوای گەورە پلەی بەرز دەکاتەوە.. هەروەها دەفەرموێ: (إن اللَّهَ أَوْحَى إِلَيَّ أَنْ تَوَاضَعُوا حَتَّى لَا يَفْخَرَ أَحَدٌ عَلَى أَحَدٍ وَلَا يَبْغِ أَحَدٌ عَلَى أَحَدٍ)[2] واتە : خوای گەورە وەحی بۆ ناردم کە خۆبەکەمزان بن، تا هیچ کەسێک شانازی بەسەر یەکێکی تردا نەکات و هیچ کەسێک زوڵم و ستەم لە کەسێکی تر نەکات..

---

1 موسليم (4689).

2 ئەبو داود بە سەنەدێکی (حەسەن / ژمارە 4250).

هاوەڵان وەسفی پێغەمبەرمان بۆ دەکەن کە چەن تەوازوعی هەبووە و مامەڵەی جوان بووە دەفەرموون: سەرەتا بە سەلام لەگەڵ خەڵکیدا دەستی پێ دەکرد، کاتێک بە ڕێگەیەکدا دەڕۆشت و کەسێکی دەدی گەورە بوایە یان بچوک، ئەم خۆی لە ڕێگەی لا دەداو بۆی چۆڵ دەکرد! کاتێک تەوقەی دەکرد دەستی ڕانەدەکێشایەوە تا کەسەکەی تر دەستی دەکێشایەوە. کە دەچووە هەر کۆڕ و کۆبوونەوەیەک لە کوێدا مەجلیسەکە کۆتایی دەهات لەوێدا دادەنیشت، کەل و پەل و پێویستی خۆی لە بازاڕ دەکڕی و خۆی هەڵی دەگرت، لە پووشی خورما نەعلی بۆ خۆی دروست دەکرد، خۆی پۆشاکەکانی خۆی پینە دەکرد، بەدەنگ کەس و کار و خێزانەکانیەوە دەڕۆشت، نانی لەگەڵ خزمەتکارەکەی لەسەر سفرەیەک دەخوارد.

گومانی تێدا نیە کە ڕەوشت جوانی ڕێگای بەدەستهێنانی دڵی خەڵکییە، پێش هەموو کەسێکیش بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوای گەورەیە.. پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفەرموێت: (أَكْمَلُ الْمُؤْمِنِينَ إِيمَانًا أَحْسَنُهُمْ خُلُقًا)[1] واتە: ئەو ئیماندارەی کە لە هەمووتان ئیمانی تەواوترە ئەوەتانە کە ڕەوشتی لە هەمووتان جوانترە.. پەیوەست بوون بە ڕەوشت جوانی لەنێوان مسوڵمان دا ڕووناکی برایەتی دەژێنێتەوەو دڵەکان یەکدەخات و دەرگاکانی برایەتی دەکاتەوە.

سەبارەت بە سەردان لەبەر خاتری خوای گەورەو چاوەدێری و بەئاگا بوون لە حاڵی یەکتریی، ئەویش بەڵگەنەوویستە کە سەردان و hامووشۆی یەکتر دیاردەیەکە لە نەریتی کۆمەڵگای ئیسلامی، چونکە سەردان و هاتووچۆی خوشکان و برایان لەناو خۆیاندا ـ مادام لەبەر خاتری خوای

1 ترمزی (1082) فەرمووشیەتی حەسەن و سەحیحە).

گەورە بێت ـ هۆکاری پتەوکردنی پەیوەندی کۆمەڵی مسوڵمانن.. ڕوحی کۆمەڵ بوون بەهێزو بەرفراوان دەکا.. ئاسەواری کاریگەرو شوێنەواری درێژەکاتەوە.. سۆز و بەزەیی بەهێزتر دەکات، پەیوەندی نێوان پتەوتر دەکات.. ئەمەش تایبەت نییە بە پیاوانەوە، نا، بەڵکو بە گشتی لەناو پیاوان و ئافرەتانیشدا هەر دەبێت ئەم نەریتە ببێتە رەوشتی رەسەنی کۆمەڵایەتی نێو موسوڵمانان.. پێویستە ئافرەتە ئیماندارەکانیش لەبەر خاتری خوای گەورە سەردانی خوشکەکانیان بکەن ویەکتریان خۆشبوێت و بەیەکەوە کۆببنەوەو لەبەر خوای گەورە یارمەتی یەکتری بدەن..

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێت: (مَنْ عَادَ مَرِيضًا أَوْ زَارَ أَخًا لَهُ فِي اللَّهِ نَادَاهُ مُنَادٍ أَنْ طِبْتَ وَطَابَ مَمْشَاكَ وَتَبَوَّأْتَ مِنْ الْجَنَّةِ مَنْزِلًا)[1] واتە: هەرکەسێ لەبەر خاتری خوای گەورە چووە سەردانی نەخۆشێک یا بۆ لای برایەکی چوو، ئەوە ڕۆژی دوایی لە بەهەشتدا فریشتەیەک بانگی دەکات و پێی دەڵێ: چاکت کرد، چوون و هاتنەوەکەت چاک بوو، واماڵێکت بۆ خۆت لە بەهەشتدا پێکەوەنا.

با برایان هەلی سەردان و هاتووچۆیان لەبەر خوا بقۆزنەوەو بیکەنە مایەی زیاد کردنی زەخیرەی قیامەتیان، با ئامۆژگاری چاکی یەکتر بکەن بۆ ئەنجامدانی کاری چاک پێکەوە هاوکار بن و خوێندن و دەرس و کۆمەڵکارییەکانیان پتەوتر کەن..

د- داوا و تکاو شەفاعەتی چاکە بۆ براکەت لای مسوڵمانانی تر بکە :

خوای گەورە دەفەرموێت: (مَنْ يَشْفَعْ شَفَاعَةً حَسَنَةً يَكُنْ لَهُ نَصِيبٌ مِنْهَا وَمَنْ يَشْفَعْ شَفَاعَةً سَيِّئَةً يَكُنْ لَهُ كِفْلٌ مِنْهَا وَكَانَ اللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ مُقِيتًا) النساء/85 واتە: ئەو

---

1 ترمزی (1931) فەرمووشیەتی حەسەنە).

کەسەی داوا دەکا، داوایەکی چاک و باش ئەوە بەشی ئەویشی تێدایە وە ئەو کەسەی شەفاعەت بکا بە شەفاعەتێکی خراپ ئەوە بەشی ئەویشی تێدایە وە خوای گەورە بەردەوام چاودێرە بەسەر هەموو شتێکدا) لە فەرمودەیەکدا (أَبُو بُرْدَةَ بْنُ أَبِي مُوسَى) لە باوکی یەوە دەگێڕێتەوە و دەفەرموێ: (كَانَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِذَا جَاءَهُ السَّائِلُ أَوْ طُلِبَتْ إِلَيْهِ حَاجَةٌ قَالَ اشْفَعُوا تُؤْجَرُوا وَيَقْضِي اللَّهُ عَلَى لِسَانِ نَبِيِّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مَا شَاءَ)[1] واتە: ئەگەر پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم پرسیارکارێک یان کەسێک بهاتایە و داوای شتێک یا پێویستیەکی لێ بکردایە دەیفەرموو: شەفاعەت و تکا بۆ یەک بکەن پاداشتی لەسەر وەر دەگرن، خوای گەورە ئەوەی بیەوێت لەسەر زمانی پێغەمبەرەکەی دەیفەرموێت.

ئەم دەقانە جەخت لەسەر هاوکاری کردنی یەکتریی بە شفاعەت و ڕجا و تکای چاکە بۆ یەکتریی کردن دەکاتەوە، چونکە یارمەتیدان دەبێتە مایەی تۆوچاندنی خۆشەویستی وروواندنی گیانی بەخشندەیی. کاتێک مسوڵمانێک شتێکی مسوڵمانێکی تری پێویستە، بۆ نمونە برایەک دەیەوێت مەبلەغێک پارە لە برایەکی تر بە قەرز وەربگرێت، خاوەن پارەکە قەرزارەکە باش ناناسێت یان پێشتر بەهۆی شتێکەوە دڵی لێی ئێشاوە و ئێستا حەز ناکا قەرزی بداتێ، یان لەبەر ئەوەی پەیوەندی و هاتوچۆیان نەماوە یان کەمە یان بە هەر هۆیەکی تر بێت، باشترە قەرزارەکە کەسێکی مسوڵمان بدۆزێتەوە کە خاوەن پارەکە باش بناسێت وشوێن ومەکانەت و قەدر و ڕێزێکی تایبەتی لای هەبێت تا گوێی لێ بگرێ وتکاکەی قبووڵ کات، ئەو برایەی کە قەرزەکەی دەوێت بەم برایە دەڵێت کە داوای بۆ بکات لای خاوەن پارەکە.. ئەم کارەی کە

---

1 بوخاری (1342).

ئەم مسوڵمانەی سێیەم بە واسیتەکاریی ئەنجامی دەدات دەبێتە پاڵپشت بۆ برا قەرزارەکە کە پارەکەی بە ئاسانی دەست بکەوێ، ئەوەشی هەر لەبەر چاو دەمێنێت کە برا شەفاعەتکارەکەی لە پێش چاوی خاوەن پارەکە لە مەکانەتە و قەدر و ڕێزی خۆی بە قەرزارەکە داو بووە کەفیلی! بووە جێ متمانەی چونکە لە کاتی داوا لێ کردنی پارەکەدا حەتمەن وەسفی قەرزارەکە دەکات و قسە و ووتەی چاکی لەسەر دەڵێ.. ئەمە هەر تکاو واسیتە بۆ کردنەکەیەتی، جا ئەگەر کابرای جێمتمانە پیاوەتیەکیە گەوەرت کردو لەگەڵ قەرزارەکەدا بچێت، ئەوە مانای وایە لە ڕەنج و توانا و کاتی خۆشی پێداوە! ئەگەر لەم ڕێگایەدا پێویستی کرد پارەیەکیش سەرف بکات ئەوە وەکو ئەوەیە کە بۆ موحتاجەکەی سەرف کردبێت، ئەمەش پیاوەتیەکی ترە! تا زیاتر بە دڵ و گیان بەدەمیەوە بچێت و پێی خۆش بێت کە ئەم کارەی بۆ بکات، ئەوە دەیسەلمێنێت کە خەمی ئەم برا موحتاجەی خۆی لە هەست و سۆزیدایەو دڵی پێی دەسوتێ وخۆشی دەوێت بۆیە بە هەموو ووزەیەوە کەوتۆتە جێبەجێ کردنی ئەو پێداویستیەی کە بە خودی ئەم ناکرێت دەنا دەیکرد!

داوا و تکای باش لەنێو مسوڵمانان سیمایەکە لە ڕووخسارە جوانەکانی یەک لاشەیی ئوممەتی موسوڵمان، کە هەر یەک لە لای خۆیەوە بەشداری ئێش وئازارەکانی دەکات وهەر یەک لای خۆیەوە جۆرە ووزەیەک بۆ هاوکاری و یارمەتی یەکتریی دەخەنە گەڕ.. هەر لەبەر ئەمەشە کە خوای گەورە و پێغەمبەری پێشەوا صلى الله عليه وسلم جەختیان لەسەر شەفاعەتی چاکە کردۆتەوە، وەک ئەوەی جەختی لێ کردەوەو فەرمووی: شەفاعەت بۆ یەک بکەن پاداشت وەردەگرن.. یان کە داوا لە هاوەڵەکانی دەکا شەفاعەت بۆ ئەو کەسانە بکەن کە پێویستیان لەلای من هەیە (بە پێغەمبەری نازدار صلى الله عليه وسلم خۆی) ئەگەر چی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم هەر خۆی ئامادە

بوو بۆ وەڵام دانەوەی ئەو داوایەیان، بەڵام ئەمە ئاڕاستە کردنێکە لە پێغەمبەرەوە صلی الله علیه وسلم بۆ هاوەڵانی و پاشانیش بۆ ئێمە کە نابێت قبوڵ کردنی جێبەجێ کردنی داواکە ببەستینەوە بە شەفاعەتەکەوە، واتە ئەگەر زانیمان قبوڵی دەکا داوای بۆ بکەین ئەگەر زانیمان قبوڵی ناکا داوای بۆ نەکەین! وەکو هەندێک کەس لەم زەمانەدا وا رەفتار دەکەن! چونکە جگە لەوەی کە موسوڵمان لەسەر ئەم شەفاعەتە، ئەنجامەکەی هەرچۆنێک بێت، پاداشت وەر دەگرێت، بەڵام ئەم تکا بۆ کردنە ئەرکی ئەم و مافی برا موحتاجەکەیەتی!! بۆیە پێویستە ئەم هەوڵی خۆی بدات و لەوە دڵ گران نەبێت ئەگەر وەڵامی داواکەی نەدرایەوە.. خۆ ئەوە بەڵگەنەوویستە کە هەموو کارێک بە قەزا و قەدەرەوە پەیوەستە! پێویستە باوەڕداریش ئەم قەزا و قەدەرە خواییە بە ڕازی بوونێکی تەواوە وەرگرێت [1].

3 ـ ئامۆژگاری کردن و ڕاو بۆچوون وەرگرتن لە نێوان برایاندا:

خوای تاک وتەنها دەفەرموێت: ﴿وَالْعَصْرِ.إِنَّ الْإِنسَانَ لَفِي خُسْرٍ. إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ﴾ العصر/1-3 واتە: سوێند بە کاتی عەسر. بەڕاستی ئادەمیزاد زەرەرمەندو ڕەنج بە خەسارە. جگە لەوانەی باوەڕیان هێناوەو کارو کردەوەی چاکەیان ئەنجامداوەو ئامۆژگاری یەکتریان کردووە، کە هەمیشە پابەندی حەق بوون و ئامۆژگاری یەکتریان کردووە تا هەمیشە خۆگرو ئارامگر بن.

خاڵی سەرەکی ئامۆژگاریەکە کە لەم ئایەتە پیرۆزەدا باس کراوە (حەق و ئارامگرتن)ە، ئامۆژگاری یەکخواپەرستی و بەردەوام بوون لەسەری و ئامۆژگاری پابەندبوون بە بەرنامەی ڕاست و حەق و بە سوننەتی

1 عبدالرحمن حسن حبنكة الميداني : الاخلاق الاسلامية ب1 ل 207 ــ 208 .

پێغەمبەرەوە صلى الله عليه وسلم ئارامگرتن لەسەر ئەم ڕێگایە، هەمووی بەنرخترین ئامۆژگارین، هەر بۆیە پێویستە لەسەر خواوویستان لەناو خەڵکیدا هەوڵی بڵاوکردنەوەی ئامۆژگاری کردن بدەن.

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت: ئەو زانا خراپانەی لە ترسی دەسەڵات و قسەی خەڵکی ڕاستی خواناسیی دەشارنەوەو لێیانی وون دەکەن، کە دەچنە پەنای دەستەڵاتدارانی بێ باوەڕ و سەرلێشێواوو ملکەچیان دەبن! چ تاوانێکی گەورە ئەنجام دەدەن.

هاوەڵانی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم پەیمان و بەیعەتیان لەسەر ئەوە دەدا کە ئامۆژگاری موسوڵمانان بکەن، هەروەک جەریری کوڕی عبداللەی بەجەلی خوا لێ ی ڕازی بێت دەفەرموێ: (بَايَعْتُ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَلَى إِقَامِ الصَّلَاةِ وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ وَالنُّصْحِ لِكُلِّ مُسْلِمٍ)[1] واتە: بەیعەتم دا بە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لەسەر ئەنجامدانی نوێژو زەکاتدان و ئامۆژگاری کردنی هەموو مسوڵمانێک.. پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئامۆژگاری خستۆتە ڕیزی نوێژو زەکاتەوە کە ئەم دوانە لە ئەرکانەکانی ئیسلامن، ئەمەش بەڵگەیە بۆ گەورەیی کاری ئامۆژگاری و بەرز و بڵندی پلەوپایەی ئەم کارە.

هەروەها ئەو فەرمودەیەی تەمیمی کوڕی ئەوس خوا لێ ی ڕازی بێت کە دەفەرموێ: پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمووی: (الدِّينُ النَّصِيحَةُ قُلْنَا لِمَنْ قَالَ لِلَّهِ وَلِكِتَابِهِ وَلِرَسُولِهِ وَلِأَئِمَّةِ الْمُسْلِمِينَ وَعَامَّتِهِمْ)[2] واتە : دین ئامۆژگارییە، ووتمان

1 بوخاری (55).
2 موسلیم (82)

بەرامبەر بە کێ؟ فەرمووی: بەرامبەر بە خودا و کتێبەکەی و پێغەمبەرەکەی و پێشەوایانی مسوڵمانان بەگشتی[1].

1 لە کتێبی (الوافي في شرح الاربعین النوویة لاپەڕە41-45) لە شەرحی ئەم فەرمودەیەدا هاتووە :

- ئامۆژگاری بۆ خوای گەورە: واتە: باوەڕبوون بە خواو نەهی هاوەڵ بۆدانانی ،هەورەها دانان نان بە هەموو سیفاتەکانی خوای گەورەو وەسفکردنی بە هەموو سیفاتە تەواو و کامڵەکان، بە شێوەیەک کە هیچ کەم و کورتیەک نەدەیتە پاڵ خوای گەورەو خوااویست بیت لە پەرستنیدا، هەوەرها گوێڕایەڵی کردنی فەرمانەکانی و دوورکەوتنەوە لە سەرپێچی، ئینجا خۆشویستن و ڕق لێبوونەوەت لەبەر ئەو بێت، وەلائت (دۆستایەتی)ت بۆ ئەو کەسە بیێت کە لە خزمەت دینی خوادایەو بەرائەتیشت (تەبەڕابوونیشت) لەو کەسانە بێت کە دژی دینی خوان.. پەیوەست بوونی موسوڵمان لە هەموو رەفتارو هەڵسوکەوتێکیدا بەمانەوە ، هەمووی لە دونیا وئاخیرەتدا بەچاکە بۆ خۆی دەگەڕێتەوەو بۆی هەژمارد دەکرێت ، ئەم ئامۆژگاریە هەرچەندە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی بۆ خوایە بەڵام گومانی تێدا نیە کە مەبەستەکە ئەوەیە لەبەر خاتری خوای گەورە بێت دەنا خۆ خوای گەورە پێویستی بە نەسیحەتی ئامۆژگاریکاران نییە..

- ئامۆژگاری بۆ کتێبەکانی: واتە باوەڕبوون بە هەموو کتێبەکانی، و داننان بەوەی قورئان کۆتای ئەو کتێبانەیەو شایەتە لەسەریان وئامۆژگاری موسوڵمان بکرێت لەسەر قورئانی پیرۆز بەم شتانە: خوێندنەوەی بە تەجویدو بە دەنگی خۆش و لەبەرکردنی، بیرکردنەوە لە مانای ئایەتەکان و تێگەیشتن لێیان و فێرکردنی نەوەی موسوڵمانان، زانینی ئەحکامەکانی و کارکردن پێیان، چونکە ئەگەر کاری پێ نەکەیت هیچ خێرێک لە زانینی ئەحکامەکاندا دەست ناکەوێت

- ئامۆژگاری بۆ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم :ئەمەش بە ڕاست زانینی پەیامەکەیەتی، بە باوەڕبوون بە هەموو ئەو شتانەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم هێناویەتی، جا ئەوانە بن کە لە قورئاندان یان ئەوانەی لە سوننەتدان، هەروەها خۆشویستنی و گوێڕایەڵی بۆ دەربڕینی، خوێندنەوەی مێژووی پاکی ژیانی وخۆپەیوەست کردن بەو ڕەوشت وئەدەبانەوە کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم هەیبووە، پەیوەست بێت بە سوننەتەکانیەوە،

پێویستە ئامۆژگاری بە شێوازێکی پەسەن بێت، دوور لە شکاندنەوەی بەرامبەر یان سوک کردنی، بەڵکو بە شێوەیەکی جوانی وا کە لێ تێگەیشتن و پابەند بوون پێوەی ئاسان کات، چونکە دەروونی مرۆڤ بە فیترەت حەزی لە دەرخستنی عەیب و ناتەواویەکان نیە، هەروەها پێویستە ئامۆژگاریکار کات و شێوازی گونجاو هەڵبژێریت بۆ ئەنجامدانی کارەکەی، ئامۆژگاری کراویش پێویستە بە دڵێکی فراوانەوە ئامۆژگاریەکە وەربگرێت، چونکە ئەمە لە بواری ئامۆژگاری وەرگرتندا دابونەریتێکی جوانە.

لێرەوە دەردەکەوێ ئامۆژگاری لەنێوان براکاندا بە نیازی پاک و پاڵنەری چاک بە خێرو چاکە دەژمێررێت، مادام بۆ دەرخستنی ڕاستیە و پیشاندانی

بە گفت و کردەوە، پەند وئامۆژگاری لە ژیانیەوە وەربگرێت، هەوڵی بڵاوکردنەوەی سوننەتەکانی بدات، و بەرپەرچی ئەو تۆمەت و بوختانانە بداتەوە کە دوژمنانی ئیسلام دەیخەنە پاڵی.

ـ ئامۆژگاری پێشەوایانی موسوڵمانان: ئەمانەش دەسەڵاتداری موسوڵمان ونوێنەرانیانن یان زانایان و پیاوچاکانن، چونکە خێر لە ئومەتێکدا نیە کە ئامۆژگاری دەستەڵاتدارانی نەکات هیچ خێرێک لە حاکمێکیشدا نیە کە زوڵم و چەوسانەوەی میللەتەکەی پێ ڕەوایە و دەمی ئامۆژگاریکاران دەگرێ و گوێی لە ئاستی بیستی ڕاستیدا دادەخات.

زانایان ئەرکێکی گەورەیان لەسەرە، کە ئامۆژگاری خەڵکی وفەرمانڕەوایان و کاربەدەستانە، ڕوون کردنەوەی دینەکەیە بۆ هەموویان، ئەگەر بەهۆی هەڵوێستی چەوت و وەسفی درۆی ئەمانەوە دەستەڵاتداران بە زوڵم و چەوسانەوەدا ڕۆبچن، خوای گەورە لەمانیش دەپرسێتەوە!

– ئامۆژگاری بۆ مسوڵمانان بە گشتی: ئەمەش بە تێگەیاندنیان دەبێت لەو شتانەی کە سوودی هەیە بۆ ئاخیرەتیان پاشان دونیایان، واتە فەرمان کردن بە چاکە وبەرهەڵستی کردن لە خراپە لەنێو مسوڵمانان دا.

هەڵەکانیەتی، بێ فێڵ و غەش لێکردنی، چونکە ئامۆژگاری دەچێتە بواری فەرمان کردن بە چاکە و بەرهەڵستی کردن لە خراپەوە، موجامەلەکردن لە کاتی ئامۆژگاریدا لەسەر حسابی دین وبەنیەتی ئەوەی کەسی ئامۆژگاریکراو ڕانەکات و گوێبگرێت کارێکی وەرنەگیراوەو دوورە لە فەرمانی پێغەمبەرەوە صلی الله علیە وسلم.. ڕاستە دەبێت لە کاتی ئامۆژگاریدا مرۆڤ دانایی و لێهاتوویی بەکار بهێنێت، بەڵام حەق و ڕاستی دەبێت دەربکەوێت وبوترێت، بەتایبەت ئەگەر ئەمە لە نێوان کۆمەڵە برایەکی لەیەک نزیکەوە بوو، کە مەفرووزە توانای ئەم کارە ئاسان تر بووبێت.

وەرگرتنی ڕاو و بۆچوونی براکەت لەسەر کارەکانی ڕۆژانە، هەر دەچێتە ئەم بوارەوە، جا ئیتر دەربارەی هەر کارێک بێت، وەک ژن هێنان و کچ بەشوودان و خوێندن و سەفەرکردن و هتد...

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفەرموێ: (وَإِذَا اسْتَنْصَحَكَ فَانْصَحْ لَهُ)[1] واتە : ئەگەر کەسێ داوای ئامۆژگاری لێ کردیت بیکە .

4 ـ **یارمەتیدان و هاوکاری کردنی یەکتریی لەسەر چاکەو کاری خێر** :

موسوڵمانان هەموو یەک جەستەن، یەک بینان، هەر خشتێکی بەوانی دیکەیەوە بەندە، ئەمەش ئەوە دەگەێنێت کە دەبێ یارمەتیدانی یەکترییان لا فەرز بێت، چونکە ئەوان بەم هاوکاریی و یارمەتیدانەی یەکتریی بوون بە دیواری خشتی خشت، وەک خوای گەورە فەرزی کردووەو فەرموویەتی: (وَتَعَاوَنُواْ عَلَى الْبرِّ وَالتَّقْوَى وَلاَ تَعَاوَنُواْ عَلَى الإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ) المائدة / 2 واتە : یارمەتی یەکتری لەسەر چاکەخوازیی و پارێزکاریی بدەن بەڵام لەسەر گوناح و دەستدرێژی یارمەتی و هاوکاری یەکتریی مەکەن.. پێغەمبەری

---

1 موسلیم (4023).

پێشەواش صلی الله علیه وسلم دەفەرموێ: (الْمُؤْمِنُ لِلْمُؤْمِنِ كَالْبُنْيَانِ يَشُدُّ بَعْضُهُ بَعْضًا وَشَبَّكَ بَيْنَ أَصَابِعِهِ)[1] واتە : موسوڵمان بۆ موسوڵمان وەکو دیواری کۆشک وایە، هەر یەکەیان ئەوانی تر دەگرێت، کە وای فەرموو پەنجە پیرۆزەکانیشی تێک هەڵکێشا.. ئەو کردارو رەفتارانەی دەچنە چوار چێوەی ئەم یارمەتیدانەوە زۆرن زۆرن چونکە هەموو هاوکاریی وئاسانکارییەک دەگرێتەوە کە موسوڵمانێک بۆ موسوڵمانێکی تری بکات بۆ ئەنجامدانی خواپەرستیەکان و گوێڕایەڵی شەرع و دەسگرتنی موسوڵمانان و بە هانا هاتنی نەداران و دەست بەسەر هەتیوودا هێنان و دەیان شێوەی رەفتاری جوانی تری کۆمەڵکاریی و هاریکاریی.. پێغەمبەری پێشەوا صلی الله علیه وسلم دەفەرموێ: (السَّاعِي عَلَى الْأَرْمَلَةِ وَالْمِسْكِينِ كَالْمُجَاهِدِ فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَوْ الْقَائِمِ اللَّيْلَ الصَّائِمِ النَّهَارَ)[2] واتە : ئەو کەسەی بە پەرۆشی بێوەژن و دەستکورتانەوەیە وەکو ئەو موجاهیدە وایە کە لە پێناوی خوادا لە غەزادایە، یان وەکو ئەو کەسە وایە کە بەڕۆژ رۆژووەوانەو بە شەویش خەریکی شەونوێژە! هەروەها دەفەرموێ: (وَاللَّهُ فِي عَوْنِ الْعَبْدِ مَا كَانَ الْعَبْدُ فِي عَوْنِ أَخِيهِ)[3] واتە: خوای گەورە لە یارمەتیدانی بەندەکەی خۆیدا دەبێت مادام ئەو لە خزمەتی براکەیدا بێت..

گەورەترین یارمەتیدان و کاریگەرترین هاوکاریی و گرنگترین کۆمەڵکاریی موسوڵمان ئەوەیە کە لە خزمەتی یەکتردا بن بۆ دەستەبەر کردن و پیادە کردنی دەوڵەتی ئیسلام و بەرز کردنەوەی ئاڵای خواوویستی.. هەروەها یارمەتیدانی یەکتریی لەسەر هەڵگرتن و گەیاندنەوەی بانگەوازی خوایی و

1 بوخاری (2266).

2 بوخاری (4934).

3 موسلیم (4867).

کۆڵی خیلافەتی ئیسلامی وئاوەدان کردنەوەی زەوی بۆ خێرو خۆشی خەڵکی.
ئەم کارە گەورانەش بە موسوڵمانی تەنها ناکرێت، کەس ناتوانێت هەرچەند لێوەشاوە بێت بە تەنها بە بەرهەم بگات بۆیە یارمەتیدانی یەکتریی لەسەر ئەم کارە پیرۆزو ئەرکە شەرعیانە فەرزە، مەرجیشە هەوڵ بدەن لەسەر کۆمەڵێک رێساو بنەمای رۆشن و دیاری تەنزیمی کۆببنەوەو بۆ ئامانجە هاوبەشەکەیان بکەونە کار..

برایانی بەڕێز.. پێویستە لەسەرمان هیچ بەربەستێکی دەروونی و لەمپەرێکی رێی برایەتی و یارمەتیدان و هاوکاریی یەکتری لە نێوان خۆماندا نەهێڵین.. پێویستە دڵ و دەرونمان، راوبۆچوونمان یەک خەین، ووزەو وورەمان پێکەوە بەگەڕ خەین تا بەشداربین لە رەنجی هێنانەوەی خیلافەتی ئیسلامیدا کە وەکو پێغەمبەری نازدار مژدەی پێداوین[1] لەسەر بنچینەکانی دیدو هەڵوێستی خیلافەتی راشیدە بە پشتیوانی خوا دروست دەبێتەوە..

---

1 حەدیسی سەحیحە کە حوزەیفە خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری نازدار صلی الله علیه وسلم فەرمووی : (تَكونُ النُّبُوَّةُ فيكُمْ مَا شَاءَ اللهُ أنْ تَكونَ ثُمَّ يَرْفَعُهَا إذَا شَاءَ أنْ يَرْفَعَهَا ثُمَّ تَكونُ خِلافَةٌ عَلَى مِنْهَاجِ النُّبُوَّةِ فَتَكونُ مَا شَاءَ اللهُ أنْ تَكونَ ثُمَّ يَرْفَعُهَا إذَا شَاءَ اللهُ أنْ يَرْفَعَهَا ثُمَّ تَكُونُ مُلْكَاً عَاضَّاً فَيكونُ مَا شَاءَ اللهُ أنْ يَكونَ ثُمَّ يَرْفَعُهَا إذَا شَاءَ أنْ يَرْفَعَهَا ثُمَّ تَكونُ مُلْكَاً جَبْرِيَّةً فَتَكُونُ مَا شَاءَ اللهُ أنْ تَكونَ ثُمَّ يَرْفَعُهَا إذَا شَاءَ أنْ يَرْفَعَهَا ثُمَّ تَكونُ خِلافَةٌ عَلَى مِنْهاجِ النُّبُوَّةِ ثُمَّ سَكَتَ) ئەمەش ریوایەتی ئیمانی ئەحمەدەو شێخی ئەلبانی لە زنجیرەی سلسلة الاحاديث الصحيحة خۆیدا لە بەرگی یەکەم ژمار 5 بە سەحیحی داناوە.. واتە : پێغەمبەرێتی لە ناوتاندا دەمێنێتەوە تا ئەو کاتەی خوا حەز دەکات، ئینجا هەر کاتێک وویستی لایدەبات، پاشان خیلافەتێک دەبێت لەسەر بەرنامەی پێغەمبەرێتی دەبێت، ئەویش لە ناوتاندا دەمێنێتەوە تا ئەو کاتەی کە خوا حەزکات، ئینجا کە وویستی ئەویش لادەبات، پاشان دەبێتە پاشایەتیەکی میراتگریی (ویراسی) ئەویشتان بەسەرەوە دەمێنێتەوە تا ئەو کاتەی

5 ـ **سەرخستنی برا مەزلومەکان** :

ئەمانەو پاراستنی خوێن و ناموس و سامانیان و هەوڵدان بۆ رزگار کردنی دیلەکان و بە هاناوە چوونی راوەدوونراوان.. لەسەر کردنەوەی هەموان، چونکە خوای گەورە فەرزی کردووە: ﴿وَإِنْ اسْتَنصَرُوكُمْ فِي الدِّينِ فَعَلَيْكُمْ النَّصْرُ﴾ الانفال/72 واتە : ئەگەر ئەو موسوڵمانانەی لە دار الاسلامەکەی خۆتان نەبوو، هانایان بۆ هێنان کە لەسەریان بکەنەوە، پێویستە لەسەرتان لەسەریان بکەنەوەو سەریان خەن.. ئەم ئایەتە دەرهەق ئەو ئەعرابانە هاتە خوارەوە کە بەیعەتیان بە پێغەمبەری پێشەوا صلى الله عليه وسلم دابوو بەڵام هیجرەتیان بۆ مەدینە نەکردبوو، بێ گومان نەشچووبوونە ریزی موشریکەکانەوە ، بەڵام لەبەر ئەوەی هانایان بۆ موسوڵمانان هێنا کە بچن بە هانیانەوەو لەسەریان بکەنەوە، خوای گەورە پێی فەرموون کە لایەنگیرییان فەرزەو دەبێ موسوڵمانان بیکەن.. خۆ دیارە لەسەر کردنەوەی موسوڵمانانێک کە وان لەژێر دەسەڵاتی کوفردا کارێکی ئاسان نیە، هیجرەت و جیهادی دێتە رێ، ناسۆرو ژانی دێتە رێ، شەڕو شۆڕو دیلێتی تری دێتە رێ!! بەڵام هەر دەبێ لەبەر خاتری پاراستنی مافی برایەتی بکرێت.. جا بزانە رێزی برایەتی لای خوای گەورە چەندە؟!

ئیبنوکەثیر رحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێ: یەعنی ئەگەر ئەو ئەعرابانەی کە کۆچیان بۆ لای ئێوە نەکردووە، لە شەڕێکی دینیدا هانایان

خوا حەز بکات، ئینجا کە خۆی وویستی ئەویشتان لەسەر لادەبات، پاشان دەبێتە دەسەڵاتدارییەکی ستەمکاریی سەپاو، ئەویشتان بەسەرەوە دەمێنێتەوە تا ئەو کاتەی خوا حەز دەکات، ئینجا کە وویستی ئەویشتان لەسەر لادەبات، پاشان خیلافەتێکی دیکە دێت کە ئەویش لەسەر بەرنامەی پێغەمبەرێتیەکە دەبێت.. پاشان بێ دەنگ بوو..

بۆ هێنان کە بچن بە دەنگیانەوەو لەسەریان بکەنەوە، دەبێ بچن و دوژمنیان لەگەڵدا بشکێنن، چوونەکەتان لەسەر فەرزە چونکە برای دینیتانن[1]...

برایانی ئیماندار، برایانی خواوویست.. ئەمە دەقێکی پیرۆزی قورئانە، لە روانگەی ئەم ئەرکە خواییەوە بڕوانینە هەڵوێستی خۆمان تا بزانین دەرهەق بە برایانی موستەزعەفی خۆمان چەند کەمتەرخەمین؟! لە فەلەستین، لە عێراق، لە ئەفغانستان، لە شیشان! لە هەموو شوێنێکی تری سەر ئەم زەمینە پان و پۆڕەی جێی موسوڵمانی لێ نابێتەوە!! لەم دنیایەی کە دەبینین چۆن ئەهلی کوفر گەلەکۆمەکێی نێودەوڵەتییان دژی خواناسان کردووەو حەملەی ریشەکێشکردنی موسوڵمانانیان کردۆتە پیشەی رۆژانەیان!!

﴿وَإِنْ اسْتَنصَرُوكُمْ فِي الـدِّينِ فَعَلَـيْكُمْ النَّصْـرُ﴾ الانفال / 72 واتـە: ئەگـەر ئـەو موسوڵمانانە هانایان بۆ هێنان کە لەسەریان بکەنەوە، پێویستە لەسەرتان لەسەریان بکەنەوەو سەریان خەن.. ئاوا بە راشکاویی، بە شێوەیەکی گشتی، لەسەر کردنەوە بە گیان و ماڵ، پشتیوانی لێکردنیان بـە خوێـن و سـامان و پێنووس و شێوازی تری لەسەر کردنەوەو بەرگریی لێکردنیان!!

لە جابری کوڕی عبدالله و ئەبو تەڵحەی ئەنسارییەوە خوا لێیان رازی بێت هاتووە کە فەرموویانە کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمووی: (مَا مِنْ امْـرِئٍ يَخْذُلُ امْرَأً مُسْلِمًا فِي مَوْضِعٍ تُنْتَهَكُ فِيهِ حُرْمَتُهُ وَيُنْتَقَصُ فِيهِ مِنْ عِرْضِهِ إِلَّا خَذَلَهُ اللَّهُ فِي مَوْطِنٍ يُحِبُّ فِيهِ نُصْرَتَهُ وَمَا مِنْ امْرِئٍ يَنْصُرُ مُسْلِمًا فِي مَوْضِعٍ يُنْتَقَصُ فِيهِ مِـنْ عِرْضِـهِ

---

1 تفسير ابن كثير(353/3) .

وَيُنْتَهَكُ فِيهِ مِنْ حُرْمَتِهِ إِلَّا نَصَرَهُ اللَّهُ فِـي مَـوْطِنٍ يُحِـبُّ نُصْـرَتَه)[1] واتـە : هـەر موسوڵمانێک لەسەر موسوڵمانێکی دیکە نەکاتەوەو لەو کاتەدا پشتی بـەردا کە ڕێزی تێدا دەشکێنرێت و ئابرووی تێدا لەکەدار دەکرێـت، خـوا ناهێڵێـت بەسەریەوە بچێت، خوای گەورە لە شوێـن و کاتێـکدا پشـتی بـەر دەدات و لەسەری ناکاتەوە کە پێویستی بە کەسێک بێت سەری خات و پشتی بگرێت.. هەر موسوڵمانێکیش لەسـەر موسوڵمانێـکی دیکـە بکاتـەوەو لـەو کـات و شوێنەدا سەری خات کە ڕێزی تێدا دەشکێنرێـت و ئـابرووی تێـدا لەکـەدار دەکرێت، خوای گـەورە (بـۆی هەڵدەگرێـت و) لـە کـات وشوێنێـکدا پشـتی دەگرێتەوەو لەسەری دەکاتەوە کە زۆری پێویست بە کەسێک بێت هەر لایەکی لێ بکاتەوە!! هەروەها دەفـەرموێ: (الْمُسْلِمُ أَخُو الْمُسْلِمِ لَا يَظْلِمُهُ وَلَا يُسْلِمُهُ وَمَنْ كَانَ فِي حَاجَةِ أَخِيهِ كَانَ اللَّهُ فِي حَاجَتِهِ وَمَنْ فَرَّجَ عَنْ مُسْلِمٍ كُرْبَةً فَرَّجَ اللَّهُ عَنْهُ كُرْبَةً مِنْ كُرُبَاتِ يَوْمِ الْقِيَامَةِ وَمَنْ سَتَرَ مُسْلِمًا سَتَرَهُ اللَّهُ يَوْمَ الْقِيَامَـةِ)[2] واتـە: موسـوڵمان برای موسوڵمانە، ستەمی لێ ناکات، تەسلیمی کەسانی دوژمن یان ناحـەزی ناکات، هەر کەسێک لە هەوڵی جێبەجێ کردنی پێداویسـتی براکەیـدا بێـت، خواش لە هەوڵی جێبەجێ کردنی پێداویستی ئـەودا دەبێـت هـەر کەسێـک ناڕەحەتیەک لەسەر موسوڵمانێک لادات، خوای گـەورەش ناڕەحـەتیکی لـە ناڕەحەتیەکانی قیامەت لەسەر ئەو لادەبات، هەر کەسێـک عـەیب و عـاری موسوڵمانێک داپۆشێت، خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا عەیب و عـاری ئـەو

---

1 ئەبوداوود (4240) و ئەحمەد (15773)، بەڵام شێخی ئەلبانی ڕەحمەتی لە کتێبی (ضعيف أبي داود 4884)دا دەفەرموێ زەعیفە.

2 بوخاری (2262).

کەسە دادەپۆشێتەوە!! هەروەها دەفـەرموێ: (أعِينوا المظلومَ)[1] واتـە: یارمـەتی مەزڵوم بدەن. یان دەفـەرموێ: (انْصُرْ أَخَاكَ ظَالِمًا أَوْ مَظْلُومًا فَقَالَ رَجُلٌ يَا رَسُـولَ اللَّهِ أَنْصُرُهُ إِذَا كَانَ مَظْلُومًا أَفَرَأَيْتَ إِذَا كَانَ ظَالِمًا كَيْفَ أَنْصُرُهُ قَالَ تَحْجُزُهُ أَوْ تَمْنَعُـهُ مِنْ الظُّلْمِ فَإِنَّ ذَلِكَ نَصْـرُهُ)[2] واتـە: براکـەت بـە زاڵمـی ومـەزڵومی سـەرخە! کابرایەک ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا ئەوە دەزانم کـە مـەزڵوم بـوو دەبـێ سەری خەم، بەڵام کە زاڵم بوو چۆن سەری خەم؟! فەرمووی: رێی زوڵمی لـێ بگرەو مەهێڵە زوڵم کات، ئا ئەوە سەرخستنەکەیەتی..

موسوڵمانان مافیان یەکە، خوێنیان یەکـە، ناموسـیان یەکـە، سـامانیان یەکە، دەبێ بە هەموو شێوەیەک یەکتریی بپارێـزن، بـەرگریی لـە یـەکتری بکەن، لەسەر یەکتریی بکەنەوە، نابینیت پێغەمبەری پێشەوا صلى الله عليه وسلم دەفـەرموێ: (الْمُؤْمِنُونَ تَتَكَافَأُ دِمَاؤُهُمْ وَهُمْ يَدٌ عَلَى مَنْ سِـوَاهُمْ وَيَسْـعَى بِـذِمَّتِهِمْ أَدْنَاهُمْ)[3] واتە: موسوڵمانان خوێنیان هاوکوفی یەکە (یەکسـانن) هـەموویان یەکدەستن لەسەر غەیری خۆیان، ئەوی لـە هـەموان کـەمترە لـە خزمـەتی ئەوانی دیکەدایە.. راڤەوانانی فـەرموودە[4] لـە باسـی ئـەوەدا دەفـەرموون: یەکدەستن: یەعنی هەموویان پێکەوە یـەک هەڵوێسـت بەرامبـەر دوژمنیـان

1 ئیمامی ئەحمەد(18569). شێخی ئەلبانی لە (سلسلة الاحاديث الصحيحة83/4) دا دەفەرموێ حەسەنەو ئەسڵیشی لە سەحیحەنیدا هەیە..

2 بوخاری(2264).

3 نوسەری بەڕێز نوسیوێتی: (نەسائی و سەحیحە / 4653) بەڵام من لای ئەبوداوود بینیم بە توێژینەوەی شێخی ئەلبانی رەحمەتی کە دەربارەی فەرموویەتی حەسەن و سەحیحە (صحيح سنن ابي داود (2751).

4 وەکو ئیمامی سیوتی راڤەوانی سونەنی نەسائی (4653) .

دەوەستن و لە ناو خۆیانـدا هاوکـاری یـەکتریی دەکـەن بـۆ سەرخسـتنی دینەکەیان بەسەر هەموو دین و ڕێبازو میللەتێکی دیکەدا، هەر وەکـو بلێـیت یەک دانە دەستەو دەبزوێت و یەک کار ئەنجام دەدات!

کەوابوو برا هاودینەکەم، خواوویستەکەم، ئەوە بزانـە لـە هـەر جێـیەک دەستدرێژی کرایە سەر موسوڵمانێک ئەوە بزانە کـە دەستدرێـژی کراوەتـە سەر تۆ، کە خوێنی ئـەو دەڕێژرێـت، ئـەوە خوێـنی تۆشـە دەیرێـژن، کـە نامووسی ئەو دەتکێنن و خوشک و دایکـی ئـەو هـەتک دەکـەن ئـەوە هـەر نامووسی تۆیەو کەوتۆتە بەر دەستی دوژمنان، هەر کەس سامانی براکـەتی زەوت کرد، ئەوە سامان و موڵک و ماڵی تۆی دەوت کردووە، دە ڕێی لێ بگرەو مەیهێڵە.. دە لەگەڵ براکانتدا بسـازێ و هێـزیان لەگەڵـدا پێـکەوە نـێ تـا یەکتریی بپارێزن.. ئای کە خۆشە کەس پێتان نەوێرێـت!! بـەڵام هـەی داخ! وای کە زریکەی زارۆکی بێ تاوان و هاواری ژنی موسوڵمانی موحەجەبە بە ژانە کە نازانن رووی هاواری بێ دەسەڵاتی بکەنە چ کۆمەڵە مرۆڤێک؟!

مێژوو چەند جاری ئەم شیعرو سروودە بۆ لێداینەوە :

رُبَّ وا مُعْتَصِمَاهُ انْطَلَقَتْ ... مِلْءَ أَفْوَاهِ الصَّبَايَا الْيُتَّمِ

لامَسَتْ أَسْمَاعَهُم لكِنَّهَا ... لَمْ تُلامِسْ نَخْوَةَ الْمُعْتَصِمِ[1] !

بەڕێزان ، خواوویستان، ئەمانە هەمووی دەقی پیرۆزی ئەم دینەن، هەموو بنبڕن کە هی خواو پێغەمبەری خـوان صلى الله عليه وسلم، هـەموو ماناکانیـان ڕۆشنەو ئەو مانایانە زیاتریان لێ نافەرمێتەوە کە هێنامانەوە، هەمووی داوا دەکات موسوڵمانان لە ناو خۆیاندا سەرخستنی یـەکتریی بکەنـە فەرزێـکی

---

1 ئەرێ چەند جار هانای هۆ موعتەسەم پڕ بە زاری کیژۆڵەی هەتیوو هاتە بەر گوێ؟! .. بەر گوێی هەموویان دەکەوت !! بەڵام جارێک بەر جوامێریی موعتەسەمێک هەر نەکەوت!

خوایی ، بیکەنــە ئــەرکی رۆژانــەی سەرشــانیان، تــا لەســەر یــەک یــەکی موسوڵمانان بکەنەوە..

ئەم دەقانە رووەورِووی هەموو ئەو موسوڵمانانە دەبێتەوە کە ئێســتا لــە نازو نیعمەتتدان، لە ئازادی و سەربەستیدان، لە چێژی ژیانی ئاسوودەییدان لە بیری پارەسەریەکناندان وبراکانیشیان دیلــن، زینــدانن، لەژێــر قامچــی جەللادانداں، ماڵ ومنداڵیان بــێ نــازن، دەســکورت کــەوتوون، چــاوەڕوانن کەسێکی موسوڵمانی جوامێر لایەکیان بە لادا بکاتەوەو دڵنــەواییان کــات و یارمەتیەکیان پێ بگەێنێت.. نابینیت پێــغەمبەری پێشــەوا هــیچ ووزەیــەک ناهێڵێتەوە لە مەیدانێکدا نەیخەیتە کار کە دەفەرموێ: (فُكُّوا الْعَانِيَ وَأَطْعِمُــوا الْجَائِعَ وَعُودُوا الْمَرِيضَ)[1] واتە: دیل رزگار کــەن، برســی تێــر کــەن، ســەردانی نەخۆش بکەن.. چەند هەزار موســوڵمان هــەن کــە ئێســتا پێویســتیان بــە یارمەتی تۆ هەیە.. لــە موجاهیــدان و کەمئەندامــەکانیان، لــە زینــدانیان و کەسوکاریان، لە زارۆکی هەتیووی چاوگەشــی بــێ کەســیان، لــە برینــدارو نەخۆش و رەشورِووتان؟!! ئەم هەموو ناسۆرە لە پێناوی چــیدا دەچێــژین؟! مەگەر لەبەر خاتری خوا نیەو لە پێناوی بانگەوازەکــەی ئــەوو ســەروەریی شەرعەکەی ئەودا نیە؟! مەگەر بۆ هێنانەوەی خیلافەتی راشیدە نیە کە هەموو ئازادی و سەربەزی و ئاسوودەیەکی پێوەیە؟! دەی مەگەر ئەرکی سەرشانمان نیە کە یارمەتی یەکتریی لەسەر خێرو چاکە بدەین لە پێش هەمووشــیانەوە کۆمەڵکارییەکی رەسەن کە ووزەکانی هەموومان ژیرانــە بخاتــە گــەڕ؟! تــا هێزێکی وامان لێ پێک دێت دیلەکانمان پێ رزگار بکرێت، زینــدانیانمان پــێ ئازاد بکرێت؟!

---

1 بوخاری (2819).

برای دیندارو جوامێرم، بە تایبەتی حەز دەکەم بیرخستنەوەیەکی تایبەتیت بخەمە بەر دەست بەو هیوایەی سوودی بۆ قیامەتی خۆت و دنیاو قیامەتی برا زیندانیەکانت هەبێت، مەڵێ: جا من چیم پێ دەکرێت؟! ئەوەی من بۆت پێشنیار دەکەم لانی کەم هەندێکیت پێ دەکرێت:

ـ رێکخراوێکی مافی مرۆڤ دروست کە، یان رێکخراوێک بۆ ئازادی دیل و زیندانیان دروست کەو بە دوای کێشەکانیانەوە بە، ناوی خۆیان بە رێکخراوی جیهانی بناسێنە، ناوی جەللادەکان بزڕێنە، هەوڵی رزگار کردنی دیل و زیندانیان بدە تا ئازاد دەبن، چیت بۆ ئازاد کردنیان هەڵسوڕا درێغی مەکە ، ئەگەر بە هێز نەبێت ناکرێت، پێکیەوە نێ، کۆمەڵکارانە دیراسەی پێکەوەنانی ئەو هێزە بکە کە ئازادی و سەربەزیی بۆ ئەو پیاوە شەریفە خواوویستانە دێنێتەوە دەست..

ـ رێکخراوی کۆمەک دروست کە، هەوڵی کۆکردنەوەی یارمەتی ماددی بدە بۆیان، زەکات و خێرو خێراتی موسوڵمانانیان بە رێکوپێکی پێ بگەێنە، ئەمە زۆر گرنگە، لە رووی دەروونیەوە ناهێڵێت بڕوخێن، هەست بە بێ کەسی ناکەن.. قەولەکەی ئیمامی مالیک بیری موسوڵمانان بخەرەوە کە دەیفەرموو پێویستە لەسەر موسوڵمانان دیلەکانیان قوتار کەن ئەگەرچی سەروەت و سامانی هەمووشیانی بوێت[1]. یان قەولی ئیبنوعابدینی حەنەفی کە دەفەرموێ: ئەگەر ئافرەتێک لە رۆژهەلاتی وولاتی موسوڵمانان بە دیل بگیرێت، قوتار کردنی لەسەر شانی ئەهلی رۆژئاواشیان فەرز دەبێت[2]..

ـ هەمیشە لە یادت بن، دوعای خێریان بۆ بکە..

1تەفسیری قورتوبی/ئایەتی: (لَّيْسَ الْبِرَّ أَن تُوَلُّواْ وُجُوهَكُمْ قِبَلَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ) البقرة/177.

2 حاشیە ابن عابدین (306/3)..

ئەوەت لە بیر بێت و بیر بخەرەوە کە ژمارەی موسوڵمانانی خواوویست و پاک رۆژانە لە زیندانی تاغووتاندا زیاد دەکات!

دوای ئەم بیر خستنەوەیە، ئایا خاوەن کەرشە نەوتیەکان و عەرشە ئاڵتونیەکان کە کۆشک و تەلاریان پڕ کردووە لە جەواریی و کەنیزەکی ئەسمەرو سپی، کە شەوورۆژ لەسەر سامانی ئەم ئوممەتە دەلەوەڕن، ئایا شەرمێک دەیانگرێت و غیرەتێکیان تێدا ماوە بۆ ئەو دیل و زیندانیانە بجوڵێت؟! شەرمی ئەوەش ناکەن و تەریق نابنەوە کە خۆشیان بە ئەهلی تەوحیدو پارێزەرانی تەوحید دەزانن؟!

خوایە، ئەی پەنای لانەوازان، پشتی پەرتەوازان، هیوای دیل و ئومێدی هەستی زەلیل و جێ هانای کۆست کەوتوو جەرگ سوتاوی موسوڵمانان، رووی رەحمەتت لە موسوڵمانان بە تایبەتی لە زیندانیەکانیان کەو بەزەیی خۆتیان بەسەر دا برێژەو بە لوتفی خۆت لەگەڵیاندا بەو بە دەسەڵاتی خۆت رزگاریان کە.. تا ئەو کاتەش هەر خۆت سەرپەرشتی خێزان و ماڵ ومنداڵی بێنازیان بە.. خوایە ئێمەش بکە بە ئەداتی قەدەری خۆت و سەرکەوتنێکمان بۆ ئەم ئیسلامە لە تەمەنی خۆماندا پێ بهێنە دی.. ئامین..

6 ـ ئەرکە کۆمەڵایەتیەکان :

ئیسلام کۆمەڵێک ئەرکی زۆری کۆمەڵایەتی لەسەر موسوڵمان داناوە کە دەبێت بۆ بەردەوامبوونی برایەتی دینی و پەرەسەندنی خۆشوویستنی یەکتریی و هاریکاری کردنی یەکتریی ئەنجام بدرێن.. وا ئاماژەیەکی خێرا بە هەندێک لەوانە دەکەین:

أ ـ وەرگرتنی دیاری و پاداشت دانەوە لەسەری :

ئیسلام بایەخی بەوە داوە کە موسوڵمانان لە ناو خۆیاندا دیاری بدەنە یەکترتا خۆشەویستی و متمانە لە نێوانیاندا زیاتر ببێت و برایەتیە

دینیەکەیان پتەوتر ببێت ئەمەش هۆکارێکی کاریگەرە بۆیە پێغەمبەری نازدار صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ: (تَصَافَحُوا يَذْهَبْ الْغِلُّ وَتَهَادَوْا تَحَابُّوا وَتَذْهَبْ الشَّحْنَاءُ)[1] واتە : تەوقە لەگەڵ یەکتری بکەن، چونکە تەوقەکردن کینە لادەبات، دیاریش بدەنە یەکتریی خۆشەویستیتان بۆ یەکتری زیاد دەبێت و توڕەیی ناکۆکیەکانتان رادەدات.. بۆ کاریگەریی زیاتریش دەتوانیت بۆنەی تایبەتی بەرامبەرەکەت هەڵبژێریت، وەک بۆنەی هاوسەرێتی، دەرچوون، گەڕانەوە..

لە ئادابی دیاری وەرگرتنە کە پاداشتی بدەیتەوە، عائیشە خان خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە: (كَانَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقْبَلُ الْهَدِيَّةَ وَيُثِيبُ عَلَيْهَا)[2] واتە : پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کە دیارییان بۆ دەهێنا وەری دەگرت وسوپاسی نێرەرو هێنەری دەکردو پاداشتی بە دیاریەکی لای خۆی دەدایەوە! ئیمامی ئیبنوحەجەری عەسقەلانی رەحمەتی خوای لێ بێت لە راڤەی ئەو فەرموودەدا دەفەرموێ: لە جیاتی دیاریەکە دیاریەکی تری دەناردەوە کە لانی کەم هاونرخی دیاریەکە بوو کە بۆی نێررابوو! لەمەوە مالیکیەکان فەرموویانە کە دیاری ناردنەوە لە پاداشتی وەرگرتنیدا واجبە بە تایبەتی ئەگەر لە هەژارەوە بۆ دەوڵەمەند چووبوو.. مەبەستی ئیمامی ئیبنوحەجەر لەوەدایە کە ئەوە خووڕەوشتی پاکی پێغەمبەر بووە صلى الله عليه وسلم کە هەمیشە لەگەڵ وەرگرتنی دیاریەکەدا سوپاسی خاوەن و هێنەرەکەی کردووەو دەسبەجێ، یان دواتر دیاریەکی گونجاوی وەکو ئەوەی خۆیان یان زیاتری بۆ ناردوونەتەوە، بۆیە دەبێت لانی کەم نرخی دیاریە وەلامەکە بە قەدەر دیاریە نێرراوەکە ببێت.. ئینجا ئیمامی ئیبنوحەجەر دەفەرموێ: ئەمە

---

1 ئیمامی مالیک دەفەرموێ: سەنەدەکەی حەسەنە (1413).

2 بوخاری (2396).

رای کۆن و نوێی شافیعیشە.. حەنەفیەکانیش هەمان رایان هەیە بەڵام فەرموویانە ئەگەر دیاریەکەی بە ئومێدی پاداشت و دیاریەکی بەنرختر نارد باتڵە، چونکە دەکەوێتە خانەی جۆرێک لە فرۆشتنی نەزانراوەوە! دیاری ناردن بەخشینە نەک بازرگانی، لە شەرعیشدا کڕین و فرۆشتن لەگەڵ بەخشیندا جیاوازە، هەر وەکو کە دیاری و خێریش جیاوازیان هەیە[1]..

<u>ب ـ قبووڵ کردنی دەعوەت</u>: ئەگەر موسوڵمانێک برا موسوڵمانەکەی تری بانگهێشتی دەعوەتێکی کرد، خواردن بێت یان هەر پێکەوە دانیشتن، دەبێت بە دەنگیەوە بچێت، چونکە مافێکی موسوڵمان لەسەر موسوڵمان ئەوەیە کە ئەگەر دەعوەتی کرد وەڵامی بداتەوە، وەکو پێغەمبەری ئەکرەم صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی: (حَقُّ الْمُسْلِمِ عَلَى الْمُسْلِمِ خَمْسٌ رَدُّ السَّلَامِ وَعِيَادَةُ الْمَرِيضِ وَاتِّبَاعُ الْجَنَائِزِ <u>وَإِجَابَةُ الدَّعْوَةِ</u> وَتَشْمِيتُ الْعَاطِسِ)[2] واتە: مافی موسوڵمان لەسەر موسڵمان پێنجن: وەڵامدانەوەی سڵاو کردن، سەردانی نەخۆش، شوێن جەنازە کەوتنی بۆ گۆڕستان، <u>قبووڵ کردنی دەعوەتی</u>، دوعا بۆ کردنی کاتی پژمینی..

گومانی تێدا نیە کە هەر یەک لەمانە رۆڵی ئیجابییان هەیە لە بەهێز کردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی موسوڵمانان و پەرەپێدانی متمانەو خۆشەویستی نێوانیان و بەهێز کردنی گیانی برایەتییان.. بۆیە بەدەم دەعوەت چوونی موسوڵمانەوە ماف و ئەرکە و پێویستە بهێنرێتە دی نەک رەفز بکرێتەوەو گوێی پێ نەدرێت.. ئەوی دەعوەتەکەی بۆ کردوویت، مەبەستێتی کە جەمسەری پەیوەستیەکی بەهێزت پێ بگەیێنێت کە جەمسەرەکەی تری بە خۆیەوە بەندە..

---

1 فتح الباری: راڤەی حەدیسی ناوبراو.

2 بوخاری (1164).

ج ـ ستركردنی موسوڵمان :

یەعنی داپۆشینی عەیب وعاری وسرِ هەڵنەماڵینی، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەفەرموێ: (مَنْ سَتَرَ مُسْلِماً سَتَرَهُ اللهُ يَومَ الْقِيامَةِ)[1] واتــە : هــەر كەسێــك نهێــنی موسوڵمانێک داپۆشێت خــوای گــەورە لــە قیامەتــدا لــە خــۆی دەگرێــت و نهێنیەكانی دادەپۆشێت! تەنها ساتێک بیر لــەوە بكــەرەوە كــە تــۆ عــەیبی موسوڵمانێكت داپۆشیوەو خوای گەورەش لە رۆژی قیامەتدا كە هەر هــەموو مەخلوقات دەتبینن، تۆ ستر دەكات ئەم هاندانە گەورەیە بۆچیە؟! بۆ ئەوەیە موسوڵمانان نەكەونــە فــەزح كــردنی یــەكتری، نەكەونــە بــاس و خواســی یەكتریی و شوێن عــەیب و عــاری یــەكتریی نەكــەون، موســوڵمان كــە بــرا موسوڵمانەكەی خۆی خۆشوویست چۆن دەهێڵێت یەكێكی تر باسی بكات؟! چ جای ئەوەی خۆی كەمو كورتیەكانی ئاشكرا بكات و ناوی بزڕێنێت!! بڕوانــە ئەو پاداشت دانەوەی خوای پەروەردگار كە هەر لە توخمی كــارە چــاكەكەی موسوڵمانەكەیە، ئەم لە دنیادا لەبــەر خــاتری خــوا نهێــنی موســوڵمانان دەپارێزێت، خوای گەورەش لە قیامەتــدا كــەموكورتی ئــەم دەپارێزێــت!! چ شتێكی گەورەیە، كەسێک خوای زاناو توانا ستری كات، كێ دەتوانێت ســڕی هەڵماڵێت؟! بە پێچەوانەشەوە (وەكو لە فەرموودەی تردا هــاتووە) كەسێــک سڕی موسوڵمانێک هەڵماڵێت، بۆ كوێ دەچێت؟! چۆن لە دەست خوای گەورە دەرباز دەبێت، لەو رۆژی قیامەتەدا كە خواخوایەتی نهێنیەكانی دەرنەكەون، خوای زاناو توانا فەزحی دەكات و هەموو نهێــنیەكانی دەخــات بــەر چــاوی خەڵكی !! چ ئابڕووچوونێكە؟!

پۆشینی عەیب و عاری موسوڵمان لە سیفەتی جوامێریی و پیاوەتیە، بۆیە كە موسوڵمانێک شتێكی خراپ لە برا موسوڵمانەكەی خــۆی دەبینیــت، كــە

1 موسلیم (4677).

دەبینێت کەوتۆتە گوناحێکەوە، ناڕوات لێی لە هەڵلاداو لە ناو خەڵکیدا باسی بکات، بەڵکو بۆی دەپۆشێت، تا هەستی تۆبە کردنی تێدا بەهێز کات کە وا ئەمجارە ئەو نوقسانیەی کەوتە بەر چاوی فلان کەسی موسوڵمانی چاک و فەزح نەبوو، خۆ هەموو جارێکی تر هەر وا نابێت، ئەوە خوای میهرەبانە بۆی ستر کردووە، ئاخر ئەگەر بەردەوام بێت خوای گەورە ئەو سترەی لەسەر لا دەبات و حەسوودێکی دەمشڕی تووش دەکات کە لە هەرچی شوێنێک ئەم جێی رێز بێت ئەو لەو جێیەدا باسی عەیب و عاری دەکات!!

موسوڵمان لە پۆشینی کەمو کورتی ونهێنیەکانی موسوڵمانان پاداشت وەردەگرێت، بەلام لە سڕ هەڵماڵینیان چ سوودێک دەکات؟! هیچ.. مەگەر مەسەلەکە پەیوەندی بە ئەمنیەتی موسوڵمانانەوە هەبێت، یان پەیوەندی بە چەواشەکردنی کوفرەوە هەبێت، هەر کەسێک حەز بە هەڵماڵینی نهێنی موسوڵمانان بکات، ئەوە حەتمەن خراپەخوازەو دەیەوێت موسوڵمانان نوشوستی تریان بەسەردا بێت، ئەمە جگە لەوەی کە ئەو رەفتارە خۆی لە خۆیدا سیفەتێکی لاسەنگیە! دەنا کێ هەیە حەز بەوە بکات برا موسوڵمانەکەی خۆی تووشی سووکایەتی ببێت، کێ هەیە حەز کات پلەو پایەی خۆشەویستێکی خۆی دابەزێت؟! مەگەر کەسێک کە تووشی گرێ و گۆڵی دەروونی بووبێت.. خوا لاماندا.. خوای گەورە زۆر بە سەختی بەرپەرچی ئەوانە دەداتەوە کە حەز بە بلاو بوونەوەی خراپەکاریی و داوێن پیسی دەکەن لە ناو موسوڵماناندا و هەڕەشەی سزای سەختیان لێ دەکات کە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ الَّذِينَ يُحِبُّونَ أَنْ تَشِيعَ الْفَاحِشَةُ فِي الَّذِينَ آمَنُوا لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ﴾ النور / 24 واتە : ئەو کەسانەی کە حەز

دەکەن خراپەو داوێن پیسی لە ناو موسوڵمانانندا تەشەنە بکات لە دنیاو قیامەتدا سزای زۆر بە ژانیان دەبێت.. خوا دەزانێت و ئێوە نازانن[1] ..

د ـ ئەگەر پژمی و سوپاسگوزاری خوای کرد دوعای رەحمەتی بۆ بکە:

ئەمە ئەدەبێکی زۆر بەرزی کۆمەڵایەتی ئیسلامەتیە، کە نیشانەی زەوقی ساغ و هەستی بەرزی موسوڵمانانە کە کۆڕو کۆمەڵیان پڕە لە ئەدەب و رەزانەت و پارسەنگی، جگە لەوەی نیشانەی ئەوەیە کە موسوڵمان هەمیشە بۆ هەل دەگەڕێت تا دوعای خێر بۆ برا موسوڵمانەکەی بکات و ووشەیەکی ناسک و جوانی ئاڕاستە کات کە پێی دڵخۆش دەبێت!! کە لە بەرامبەریشیدا حەتمەن داوە دەزوویەکی تری هەست و سۆزو خۆشەویستی لەگەڵ دڵسۆزیەکەیدا بۆ دەهۆنێتەوە، ئەوەش دەبێتەوە بە هۆکارێکی دیکەی زیادکردنی برایەتی!!

ئەوی دەپژمێت و هاودەنگانی کۆڕو کۆمەڵەکەی پێی دەڵێن (یرحمك الله : واتە خوا بەزەیی پێتدا بێتەوە) هەست دەکات کە هەموو حاڵەتێکی خۆش و ناخۆشیی جێ بایەخی هاودەنگەکانێتی کە ئاوا لەم روداوە سووکەشدا کە بەسەریدا هاتووە دوعای بۆ دەکەن و بە خەمیەوەن تا هیچی لێ نەیات، ئەویش بە بایەخەوە پێیان دەڵێتەوە: (یهدیکم الله و یصلح بالکم : خوا رێنماییتان بکات و هۆشتان رێکخات، کارتان راست بهێنێت)!

1 سەیید قوتبی رەحمەتی لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرموێ ئەو کەسەی کە باسی ئافرەت و پیاوی داوێن پیس لە کۆڕو کۆمەڵی موسوڵمانانندا بکات کە گوایە لە فلان ناوچە فلان داوێن پیسی لێیە ، هەر دەچێتە ریزی ئەو کەسانەوە کە ئەم سزایە دەیانگرێتەوە ، چونکە باس کردنی شتی وا لە کۆڕو کۆمەڵی موسوڵمانانندا بە فزولێتی سەر دەکێشێت بۆ بەدوادا چوون و کەوتنە دوای !!

ئەم زیادەیەی دوعاکە خاڵێکی رەوانبێژیی خۆشی تێدایە کە لە ووشە عەرەبیەکەدا دەردەکەوێت (يُصلح بالكم : هۆشتان رێک خات) یەعنی وەکو کە ئێوە لە گەرمەی مەشغوولْ بوونی خۆتاندا هەر هۆشتان لە زیکری خوای گەورەو تەندروستی و باری دەروونی من بوو، دەی سا خوای گەورە هەمیشە هۆشتان زیت و زرنگتر کات، تا زیاتر شوکرانەی خوا بکەن و زیاتر هۆشتان لە خۆتان و لە براکانی ترتان بێت!!

هـ ـ گومان باشی و سینە پاکیی :

بە رەفتاری بەرزو جوامێریی موسوڵمان ئەوەیە کە گومانی باش بە براکانی ببات و رەفتارو گوفتارەکانیان بە دیوی جوانیدا بۆ لێک داتەوە.. هەروەها وا سەیریان کات کە جێ گومانی باشی ئەمن، چونکە پێغەمبەری خۆشەویست صلی الله علیه وسلم بەرهەڵستی ئەوەی لێ کردوین گومانی خراپ بە براکانمان بەین، ئەو صلی الله علیه وسلم گومانی خراپی بە درۆترین قسە ناوزەد کردووە، تا بە دزێوو ناقۆلا ببینین و تەنەفورمان لێی هەبێت و.. وەکو دەفەرموێ: (إِيَّاكُمْ وَالظَّنَّ فَإِنَّ الظَّنَّ أَكْذَبُ الْحَدِيث وَلَا تَجَسَّسُوا وَلَا تَحَسَّسُوا وَلَا تَبَاغَضُوا وَكُونُوا إِخْوَانًا وَلَا يَخْطُبُ الرَّجُلُ عَلَى خِطْبَةِ أَخِيهِ حَتَّى يَنْكِحَ أَوْ يَتْرُكَ)[1] واتە: نەکەن گومانی خراپ ببەن! گومانی خراپ درۆترین قسەیە، جاسووسی بەسەر یەکترەوە مەکەن، خۆشان بە دووی یەکتریدا مەچنەوە[2]، یەکتری مەبوغزێنن و رقتان لە یەکتریی نەبێت، ببنە برای یەک، کەستان بەسەر داخوازی براکەیدا نەچێتە پێشەوە، با لێی گەڕێ بزانێت مارەی دەکات یان وازی لێ دەهێنێت.. یەعنی کە برایەک چووبووە داخوازی ئافرەتێک با

1 بوخاری (4747).

2 تَجَسَّسُ: ئەوەیە کەسی بە دوادا بنێریت، تَحَسَّسُ: ئەوەیە کە خۆت بە دوویدا بچیت!

کەسێکی تر لە هەمان کاتدا کە هێشتا قسەی یەکـەم نەبڕاوەتـەوە، نەچێـتە داخوازی هەمان ئافرەت و قسەی بۆ خۆی تێدا بکات، با سەبر بگرێت داخۆ بە نسیبی ئەو دەبێت یان وازی لێ دەهێنێت، ئەوسا با ئەم بچێـتە داخـوازیی چ کێشە نیە..

ئیمامی ئیبنوحەجەری عەسقەلانی لە باسی ئەم جۆرە گومانەدا لـە راڤـەی فەرموودەکەدا دەفەرموێ: گومان لێرەدا یەعنی تۆمەتبار کردنێـک کـە هـیچ بەڵگەیەکی وای بە دەستەوە نەبێت، بۆ نموونە کەسێـک یەکێـکی دیکـە بـە تۆمەتی زیناکاریی تاوانبار دەکات و بەڵگەیەکی واشی بـە دەسـتەوە نیـەو هیچ ئاسەوارێکی زیناکەش دەرنەکەوتووە، بۆیە یەکسەر بە دوایدا فەرمووی نە جاسووسی بکەن و نەخۆشتان بە دووی موسـوڵماندا بچـن! بـۆ ئـەوەی کەسی لەسەر نەکاتە جاسوس و خۆی هان نـەدات کـە بـە دوای تۆمـەتبار کراوەکەدا بڕوات تا شـتـی تـری لـێ دەدۆزێـتەوە.. ئـەم فەرموودەیـە هـاو ئاڕاستەی ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە تێیدا دەفـەرموێ: (یا أیها الَّذِینَ آمَنُوا اجْتَنِبُوا كَثِيرًا مِنْ الظَّنِّ إِنَّ بَعْضَ الظَّنِّ إِثْمٌ وَلَا تَجَسَّسُوا وَلَا يَغْتَبْ بَعْضُكُمْ بَعْضًا) الحجرات/12 واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە لە گومانی خـراپ زۆر خۆتان بەدوور بگرن چونکە زۆر جار هەیە کە هەندێک گومان دەبنـە تـاوان، جاسووسی بەسەر یەکەوە مەکەن و غەیبەتی یەکتریش مەکەن..

ئایەت و فەرموودەکە دیـارن کـە تـا چ رادەیـەک کەسـایەتی موسـوڵمان دەپارێزن، ناهێڵن لە ناخی مێشکی خۆشیاندا گومـانی خـراپ بـە یـەکتریی ببەن! تا رێی ئەوە بگرێت لە خاوەن گومانەکە ونەڵێ: وەڵا دەمەوێت بکەومە

دوای ئەم مەسەلەیەو روونی کەمەوە، بزانم وایە یان نا!! ئەمە خۆی بەدوودا چوونی هەنگاوەکانی شەیتانە[1]!.

ئایەتەکە لەرووی دەروونیەوە هەمووی ووردەکارانە ریزبەند کردووە: کەسێک کە گومانی خراپی نەبرد جاسووسیەکەش ناکات نە خۆی بەدووی کەسدا دەچێت نە کەسیش دەنێرێت، کە هیچیشی لا نەبوو غەیبەتەکەش ناکات، بەڵام بە پێچەوانەوە، ئەوی گومانەبەدەکەی بردووە دەبێتە خولیای سەری بزانێت وایە یان نا، ئینجا شەیتان هانی دەدات بۆ لێکۆڵینەوەو بەدوودا چوون، خۆی مەشغوولە، خەڵک دەنێرێت، خەڵک بەکرێ دەگرێت!! بۆچی؟! هەر بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە گومانەکەی لە جێی خۆیدا بووە! کە گومانەکەی توندتر دەبێت لێی دەبێتە بەڵگەنەوویست و وا قسەی لەسەر دەکات کە بواری گومانی تێدا نەمابێت، بەمەش لە خەرمانی خێری خۆیدا غەیبەت بە غەیبەت دادەگیرسێنێت!!

دەرهەق بە سینەپاکیی خوای گەورە موسوڵمانانی فێر کردووە کە هەمیشە ئەو دوعایە بکەن: (وَلَا تَجْعَلْ فِي قُلُوبِنَا غِلًّا لِلَّذِينَ آمَنُوا رَبَّنَا إِنَّكَ رَءُوفٌ رَحِيمٌ) الحشر/10 واتە: خوایە مەهێڵە هیچ جۆرە رق و قین، بوغزو کینەیەک لە دڵماندا بەرامبەر موسوڵمانان بمێنێت، خوای جەنابت خاوەن سۆزیت و بەبەزەییت.. پێغەمبەری رەحمەتیش صلی الله علیە وسلم دەفەرموێ: (أَلَا أُخْبِرُكُمْ بِمَنْ يَحْرُمُ عَلَى النَّارِ أَوْ بِمَنْ تَحْرُمُ عَلَيْهِ النَّارُ عَلَى كُلِّ قَرِيبٍ هَيِّنٍ سَهْلٍ)[2] دەشفەرموێ حەدیسێکی حەسەن و غەریبە واتە: ئەرێ هەواڵتان نەدەمێ کە کێ لە ئاگری دۆزەخ حەرامە یان ئاگری دۆزەخ لەکێ حەرامە؟! لەو کەسەی کە حازر بە

---

1 فتح الباري(496/10).

2 ترمزی (2412).

دەست ونەرم ونیان و ئاسانکارە! نابینیت لە دوعاکانی خۆشیدا دەیفەرموو: (واسْلُلْ سَخِيمَةَ صَدري)[1] واتە : خڵتەو خاڵی سینەم رادە..

و ـ دوعا بۆ کردن و شوێن جەنازە کەوتنی :

ئەرکی برایەتی ئیسلامیە کە موسوڵمان دوعا بۆ برا موسوڵمانەکەی بکات و داوای خێرو خۆشی دنایو قیامەتی بۆ بکات، هەروەها ئەگەر کۆچی دوایی کرد لەگەلڕ جەنازەکەیدا بچێتە گۆڕستان و دوعای لێبوردنی بۆ بکات.. لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە کە پێغەمبەری سەروەرمان صلى الله عليه وسلم دەفەرمویَ: (مَا مِنْ عَبْدٍ مُسْلِمٍ يَدْعُو لِأَخِيهِ بِظَهْرِ الْغَيْبِ إِلَّا قَالَ الْمَلَكُ وَلَكَ بِمِثْلٍ) هەر عەبدێکی موسوڵمان لە پشتە ملە دوعا بۆ براکەی خۆی بکات، فریشتەیەکیش بەردەوام لە دوایەوە دەڵێتەوە: بۆ تۆش هەروا! خۆ ئەمە شتێک نیە ئەوەندە قورس بێت پێمانەکرێت، بەراستی نابێت موسوڵمان خۆی لەم ئاستەش لە خواروتر ببینێتەوە! پێویستە هەمیشە دوعای خێر بۆ براکانی بکات، بۆیان لە خوای میهرەبان بپاڕێتەوە، خۆ خوای گەورە وەکو لە فەرموودەکاندا دیمان بەڵێنی داوە کە مرادی ئەو موسوڵمانەش کە دوعا بۆ براکانی دەکات حاسڵ کات و هیوایان بێنێتە دی!!

ئەمما شوێنکەوتنی جەنازەکەی، ئەوە نیشانەی سیلەی روحم ووەفادارییە، هەست کردنە بە نزیکی، نیشاندانی رێزە لەو برایەتیەی کە وای لێکردبوون لە دنیادا پێکەوە بن بەڵام وا مردن لێکی جودا کردوونەتەوە، بەڵام تا ئەو ساتەی لەسەر زەویدا مابێت جێی رێزەو ئەمی موسوڵمان هەر دیدەنی دەکات تا ئەو ساتەی دەخرێتە گۆڕ!! بە دووی جەنازەدا چوون نوێژ کردنیشی لەگەڵە کە لەسەر جەنازەکەی دەیکات، کە تکای لە خوای گەورە بۆ دەکات دا

1 ترمزی (3474).

لێی خۆش بێت، ئەمەش بەردەوامی گومان باشی و رەحمەت بۆ ناردن و بۆ پاڕانەوەکەی بۆی، کە خوایگەورە لێی ببورێت، لە هەمان کاتیشدا دڵدانەوەی کەسوکاری مردووەکەیە، بەڵێندانی بەردەوابوونی دۆستایەتیەکەیەتی لەگەڵ ئەوانیش، بەشداربوونی خەمیانە.. ئەمانەش گومانی تێدا نیە کاریگەریی دەروونیان زۆر گەورەو گرنگە، چونکە ئەوان کۆستیان کەوتووەو لێیان قەوماوەو کەلێنیان تێ کەوتووە دڵ بە جۆشن و خەمبارن چاوەڕوانی کەسێکن دڵنەواییان کات و کۆڵی خەمیان لەسەر سووک کات..

بەشی سێیەم

هەڵدێری رێی برایەتی[1]

1 ـ غەیبەت و جاسووسی و دووزمانی و گاڵتە پێکردن و تانەوتەشەر لێدان:

خوای گەورە رێی بە غەیبەت کردنی موسوڵمان نەداوەو زۆر بە توندی سەرزەنشتی بکەرەکەی کردووە، وەک دەفەرموێ: (وَلَا يَغْتَبْ بَعْضُكُمْ بَعْضًا أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَنْ يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ مَيْتًا فَكَرِهْتُمُوهُ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ تَوَّابٌ رَحِيمٌ) الحجرات/12 واتە: غەیبەتی یەکتریی مەکەن، چما کەستان حەز دەکات گۆشتی براکەی بە مردوویی بخوات، کە زۆر بێزیشی لێ دەکەنەوە؟! خوای گەورە تۆبەی تۆبەکاران زۆر وەردەگرێت و بەبەزەییە..

غەیبەت ئاشکرایە باسکردنی برا موسوڵمانەکەتە بە دیار نەبوونی خۆی، باسی خۆی وهەرچی کە پەیوەندی بەوەوە هەبێت.. پێغەمبەری سەروەرمان صلى الله عليه وسلم فەرمووی: (أَتَدْرُونَ مَا الْغِيبَةُ ؟ قَالُوا اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ قَالَ : ذِكْرُكَ أَخَاكَ بِمَا يَكْرَهُ قِيلَ : أَفَرَأَيْتَ إِنْ كَانَ فِي أَخِي مَا أَقُولُ ؟ قَالَ إِنْ كَانَ فِيهِ مَا تَقُولُ فَقَدْ اغْتَبْتَهُ وَإِنْ لَمْ يَكُنْ فِيهِ فَقَدْ بَهَتَّهُ)[2] واتە : ئەرێ دەزانن غەیبەت چیە؟! ووتیان: خواو پێغەمبەری خوا دەزانن، فەرمووی: باس کردنی براکەتە بەوەی کە پێی ناخۆشە، ووتیان : ئەگەر ئەوەی باسی دەکەین لە براکەماندا هەبوو، فەرمووی: ئەگەر تێیدا بوو ئەوە غەیبەتیتان کردووە ئەگەر تێیدا نەبوو ئەوە بوختانتان بۆ هەڵبەستووە! کەوابوو ئەو کەسەی کە باسی شتێکی برا

---

1 زۆرینەی ئەم بەشەمان لە کتێبی الاخلاق الاسلامیەی شێخ عبدالرحمان حەسەن حەبەننەکە المەیدانیەوە وەرگرتووە، خوا پاداشتی خێری بداتەوە.. (نوسەر).

2 موسلیم (2589).

موسولْمانەکەی خۆی دەکات کە ئەو پێی ناخۆشە باسی بکرێت تێیدایەتی ئەوە غەیبەتی کردووە، ئەگەر تێیدا نەبووە ئەوە درۆی بە دەمەوە دروست کردووە، بوختانی بۆ هەڵبەستووە، یەعنی شتێکی داوەتە پاڵی کە تێیدا نەبووە!

غەیبەت: رەفتارێکی کۆمەڵایەتی زۆر ناشیرینە، لە کەسێک ناوەشێتەوە باوەڕی تەواوی بە خواو بە پێغەمبەری ئیسلام صلی الله علیه وسلم هێنابێت، بۆیە شتێکی ناشیرینە برایانی ئیمانداریی بەکتریی دانیشن و باسوزەمی یەکتریی بکەن، کە دەشزانن خوای گەورە حەرامی کردووە، ئاخر ئەمە هەر هیچ نەبێت جارێ پێچەوانەی فەرمانی خوایەو سەرپێچی ئامۆژگاریەکانی ئەوە! وەرنەگرتنی رەفتارو رەوشتی پێغەمبەری پێشەوایە صلی الله علیه وسلم، رێز نەگرتنی برایەتی دینیە، شکاندن و سووک کردنی برا موسولْمانەکەتە کە هەر وەکو تۆ کەسایەتی خۆی هەیەو حەز دەکات بە پاکی و سەلامەتی بمێنێت! بۆیە خوای گەورە حەرامی کردووەو بە گۆشتی بۆگەنی برا مردووەکەتی داناوە تا بێزت لێی بێتەوەو نەیکەیت، چونکە کردن و بەردەوام بوونت لەسەر ی پەیوەندیە ئیمانیەکەی نێوانتان لاواز دەکات، متمانەتان بە یەکتریی نامێنێت، رق و قین دەکەوێتە نێوانتانەوە، ئەمانەش سەر دەکێشن بۆ ناکۆکی و دوژمنایەتی.. چونکە غەیبەت کردن نهێنی موسولْمانان ئاشکرا دەکات، تۆ شتێکی تایبەتی و نهێنی برا موسولْمانەکەت دەزانی، کە لە ساتێکی رق هەستان و کزیی باوەڕو تەقواتتدا کەوتیتە زەم کردنی، ئاخر ئەو نهێنیەش دەدرکێنێت، کە لە غەیری تەنفیس بوون و بەتاڵ کردنەوەی رقی خۆت هیچی تر نەبووا من غەیبەت بکەم و تۆ بکەیت و ئەو بیکات ئیتر نهێنی موسولْمانان چۆن دەپارێزرێت؟! دیسان کە تۆ غەیبەتی کابرای موسولْمانت کردوو بیستیەوە، رقت لێ هەڵدەگرێت، بە دووی نهێنیتدا دێتەوەو ئاشکرای

دەکات، ئێ ئەو هەموو موسوڵمانەنەش بکەونە کارو کاردانـەوەو غەیبـەتی یەکترییەوە چی بە یەکترەوە دەهێڵن؟! کۆمەڵگەی موسـوڵمانان چـەند لاواز دەکەن؟! زمانی خەڵکی دی چەند لە خۆیان دەکەنەوە؟! ئیدی تەسەور کە لـە ماوەی ساڵێکدا چ پۆخڵەواتێکی موسـوڵمانان دەکەوێـتە کـۆڕو کۆمەڵـەوە! چەند بابەتی میـدیایی لەسـەر کەڵەکـە دەکرێـت؟! چـەندی تریشـی پێـوە دەلکێندرێت و دەبێتە ئیدیعایەو قسەو قسەلۆک؟! ئینجا چۆن سەر دەکێشێت بۆ کەسایەتیە ئیسلامیە ناودارەکان و چۆن ئەوانیش بە دەستی موسوڵمانان خۆیان لە ناو کۆمەڵدا سووک دەبن و کاریگەرییان نامێنێت!!

ئێ ئەم هەموو درزو کەسەرە لە پێناوی چـیدایە؟! چ سوودێـک و بـە کێـی دەگەیێنێت؟!

مەگەر ئەوپەڕی وێناکردنی حەق نیە کە خوای حەقناس دەفـەرموێ: ﴿وَلَـا يَغْتَبْ بَعْضُكُمْ بَعْضًا أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَنْ يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ مَيْتًا فَكَرِهْتُمُوهُ وَاتَّقُوا اللَّـهَ إِنَّ اللَّهَ تَوَّابٌ رَحِيمٌ﴾ .. چما کەستان حەز دەکـات گۆشـتی براکـەی بـە مردوویـی بخوات؟!!

بڕوانە ئەو وێنا کردنە؟! ئـاخر بـە زینـدوویی جـائیز نـەبوو قـەپاڵ لـە جەستەی براکەت بگریت، بە مردوویی چۆن؟! زۆر مردوو شۆر هەن کە بێز لە هەندێ مردوو دەکەنەوە، ئیدی ئەو خەڵکە بە گشتی چی؟! یەعنی چی وای لێ کردوون کە ئەوەندە بوغزاوی بن بە مردووییش قەپ بە جەستەی براکەتانـدا کەن؟! براکەت کە ئاگای لێ نەبووە کە غەیبەتت کردووە، ئاخر ئەمـە وەکـو ئەوە وایە قەپاڵ بە جەستەی مردوویدا کەیت کە هەستی پێ ناکات؟! جـا کـە ئەو ژانی ناگاتێ تۆ بۆچی ئەوەندە مونحەریف بووی حەزت لە بۆگەنییە؟!

بەس بیر لەوە بکەوە کە چی دەچێتە سەر لاشەی مردارەوەبوو دەیخوات؟!

* * *

ئەمما جاسووسی کردن لەسەر برای موسوڵمانت! چ خەڵکی بنێریتە دوویـان چ خۆت بکەویە دوویان، هەر حەرامە، کارێکە لەگـەڵ موسـوڵمانی دینـدارو بەتەقوادا نایاتەوە، جاسووسی کردن یـەعنی لـەو کاتـەی خەڵکانێـک لـە ئەماندان، لە جێ و رێی خۆیانن و نایانەوێت کـەس بـە نهێـنییان بزانێـت، یەکێکی مونحەریف ولاسەنگ بەماتەماتە خۆی گەیاندونێ و تایبەتمەندێتی کۆڕو کۆمەڵەکانیان دەدزێت!! سەیریان دەکات و ئەوان نایبینن، گوێـی لـێ گرتوون و ئەوان ئاگایان لێی نیە، نوسینە تایبەتیـەکانیان دەخوێنێـتەوەو کۆپی دەکاتەوە لە کاتێکدا ئەوان لەوە بێ خـەمن کـە لـە شوێـنی ئەمینـدا دایانناوەو کەسانی دەوروبەریشیان دەستپاکن و جاسووسـییان بەسـەرەوە ناکەن!!

ئەمە شتێکی زۆر ناقۆلایە، لە جوامێـریی و رەوشـتی بـەرزی ئیمانـداران ناوەشێتەوە، بۆیە خوای گەورە بەرهەڵستی دینـدارانی دەکـات کـە نەکـەن بکەونە رەفتاری واوە! نەکەن جاسووسی لەسەر موسوڵمان بکەن، موسوڵمان سەر راستەو پابەندە بە رێی خوا پەرستی خۆیەوە، ئەگەر هەڵەیەکیشی لـێ دەرکەوت یان لاواز بوو پێویستی بە یارمەتی هەسـتانەوە هەیـە نـەک بـە سووک کردن و جاسووسی لەسەر کردنی! نابێت موسوڵمان بۆ بەرژەوەنـدی خۆی یان سوودی کەسانی دیکە ببێتە جاسـووس بەسـەر موسـوڵمانانەوە، چونکە ئەو جاسووسی کردنەی لەوانەیە ببێتە مایەی پیلان دانانێـکی دیکـە دژی ئیسلام و موسوڵمانان! هەزاران کەس هەن بە گێلێتی بەکار دەهێنرێن بۆ زانینی نهێـنی ریـزی موسـوڵمانان وئـەمانیش بـە سـاویلکەیی دەکەونـە جاسووسی کردن بێ ئەوەی بە شتێکی گەورەی بزانن!!

خوای گەورە ئەو مافەی بە هەموو کەس داوە لە ئەماندا بێت، لە جێ و رێی خۆیدا هەست بەوە بکات کە چاوی کەسی بەسەرەوە نیە، بۆیـە جاسووسـی

حەرام کردووە، خەڵک بە گشتی و موسوڵمان بە تایبەتی مافی خۆیەتی ئەگەر کەوتیشە گوناحەوە بە نهێنی بمێنێتەوەو خەڵکێک لێی نەکەنە هەرا! خوای گەورە پێی خۆشە موسوڵمانان (غەیری دەسەلاتدارانی شەرعی) عەیب و عاری کابرای گوناحکار داپۆشن نەک فەزحی کەن! کۆمەڵگە موسوڵمانەکە مافی ئەوەی هەیە نەهێڵێت خەڵکی لاوازو بێ تەربێت یاساو رێسا شەرعیەکان بە ئاشکرا پێشێل کەن، بۆیان هەیە شکاتیان لێ کەن نەک خۆیان لە خۆیانەوە جاسووسییان لەسەر بکەن[1]!

دەفەرموێ: جاسووسی مەکەن، نە خۆتان نەکەس بکەن بە جاسووس بەسەر کەسی دیکەوە، بۆ ئەوەی کۆمەڵگەکە ئەمانی نیشتەجێیی لە دەست نەچێت! تا دانیشتوانی وولاتەکە هەست بەوە نەکەن کە هەمیشە چاودێریان وا بەسەرەوەو هەر ئەمڕۆ نا سبەی دەبرێنە بەر دادگا چونکە لەرەفتاری بەدگومان بوون!!

---

1 عومەری کوڕی خەتتاب خوا لێی رازی بێت خەلیفەش بوو کە هەواڵیان دایێ کە کەسێک وا لە ماڵەکەی خۆیدا شەرب دەخواتەوە ، بەسەر دیواردا بازی داو گرتی و پێی ووت : هەی زاڵمی نەفسی خۆت ئەوە بۆچی لە خوا ناترسیت ؟ کابرا پێی ووت : سەبر کە ، من یەک تاوانم کردووە ، تۆ سێ تاوانت لەسەر یەک کردووە ، لە مافی کەس نیە موراقەبەی ناو ماڵی خەڵکی تر بکات تۆ کردووتە ، کەس نابێت بێ مۆڵەتی خاوەن ماڵ بچێتە ماڵی کەس تۆ بازت بەسەر دیواری ماڵمدا داوە ، خوای گەورە دەفەرموێ نەچنە ماڵی کەس تاس لاوی لێ دەکەن و رێتان دەدات ، تۆ سلاویشت نەکردووەو بە زۆر هاتویە ماڵم !! سەیدنا عومەر فەرمووی : راست دەکەیت ، بەلام بەڵێنم بدەرێ نەخۆیتەوە ، کابرا ووتی : ئەوە نێوان خۆم و خوایە !!

ئەمە سەیدنا عومەرە کە خەلیفەشە ! ئەو مافە بە خۆ نادا رایکێشێتە داداگای شەرعی وسزای بدات !

ئەو کۆمەڵگەیەی ئەو هەموو جاسووس و موخابەرات وئەمنەی تێدا بڵاو دەبێتەوە پڕ لە قین وبوغزو ملشکاندنی یەکتریی، ئەوە کۆمەڵگەی بەشەریی نامێنێت، دەبێتە ئاغەڵ و پەچەی ئاژەڵ و جێ شەڕە شۆق و دەگەو کەتن لە یەکتریی..

* * *

ئەمما دووزمانی کە بریتیە لە قسە هێنان و بردن لەنێوانی دوو لایەندا، بۆ ناکۆکی و فیتنەسازیی و بەشەڕ دانیان، دوو لایەنەکە ژن و مێردێک بن، یان دوو هاوڕێ، یان دوو تیرەو هۆز یان دوو کۆمەڵ، یان دوو میللەت یان دوو دەوڵەت هەر یەکە..

دووزمانی پیسترین شێوەی شەیتان بۆ ئاژاوە نانەوەی نێوان دوو لایەنەکان! بۆیە ئەوی دەیکاتە پیشەی خۆی شایانی ئەو هەڕەشە سەختەی پێغەمبەری رەحمەتە صلی الله علیه وسلم کە دەفەرموێ: (لَا يَدْخُلُ الْجَنَّةَ نَمَّامٌ)[1] واتە: ئەوی دووزمانە ناچێتە بەهەشتەوە!! بیر کەرەوە کابرای موسوڵمان کە ئەم رەفتارە بەدە دەکاتە پیشەی خۆی جگە لە زیانی دنیایی کە لێی دەکەوێت ببینە چۆن لە بەهەشتی خوایی مەحرووم دەبێت!! خوا لاماندا لە رەفتاری وا شەیتانی..

* * *

ئەمما گاڵتە پێکردن و تانەو تەشەر لێدان: ئەوەیە کە کەسێک بە تەوسەوە بە مانایەکی شاراوە تەعلیق لە براکەی بدات، سەرزارەکی قسەکە جۆرێکی شیاو بێت و مانا شاراوەکەی شتێکی سوکایەتی بێت، ووشەو رستەی وا هەیە شاراوەکەی کاریگەرترە لە ئاشکراکەی، بۆیە زامی قوڵتر لە دەرووندا

---

1 موسلیم (151).

دروست دەکات، چونکە مانای گێلێتی و هێڕێتی بەرامبەرەکە دەگەیێنێت، هەر وەکو ئەوەی توانجگرەکە کۆڕو کۆمەڵەکە تێگەیێنێت کە بەرامبەرەکەی گێلەو ئەقڵی بەو قسانە ناشکێت کە پێی دەڵێ.

تانەو توانج گرتن رەفتارێکی کۆمەڵایەتی تری ناشیرینە کە دەبێتە مایەی رق لێبوونەوەو قین هەڵگرتن و بوغزاندن، ئەوەش سەر دەکێشێت بۆ لاواز کردنی متمانە بە یەک کردن و باریک کردنەوەی پەیوەندی برایەتی، چونکە ئەمە هەست بریندار کردنە، دەستدرێژی کردنە سەر ماف وسنور بەزاندنە، بۆیە خوای گەورە بەرهەڵستی لێ کردووە کە دەفەرموێ: (ولا تلمزوا أنفسكم) الحجرات/11 واتە: تیرونوانج مەگرنە یەکتریی و یەکتریی سووک مەکەن.. بڕوانە تیرو توانج گرتن و سووکایەتیەکەی وا باس فەرمووە وەکو ئەوەی کابرای تیرو توانج وەشێن تیرەکەی گرتبێتەوە خۆی! چونکە کۆمەڵگەی موسوڵمانان کەلەسەر برایەتی دینی دامەزراوە یەک لاشەیە.. یەک دیواری خشتی خشتە!

گاڵتە پێکردنیش هەر وایە.. پێچەوانەی رەوشتی بەرزی دیندارانە، ستەم و دەستدرێژیەکی ترە کە کەسێک دەیکاتە سەر کەسێکی دیکە، هەست بریندار کردن و سنور بەزاندنی کەسانی ترە، دڵ ئێشاندنێتی، سەرەنجامی ئەمیش گومانی تێدا نیە لێک عاجز بوون و متمانە نەمانە بە یەک، بەردەوامبوونیشی سەر دەکێشێت بۆ بوغزاندن و دژایەتی کردن، ئەمەش شیرازە پسانی کۆمەڵایەتی ئیسلامی پێوەیە کە لەسەر بناغەی رێزو خۆشەویستی دروست بووە! گاڵتە پێکردن حەتمەن هەستی برایەتیەکە لاواز دەکات و وا لە بەرامبەرەکە دەکات ئەویش بگەڕێت خاڵی لاواز لە گاڵتەچیەکەدا بدۆزێتەوەو گاڵتەی پێ بکاتەوە.. مەرجیش نیە هەردوولایان هەر ئەو خاڵانە بەکار بێنن کە تێیاندا هەیە! چونکە گاڵتە کردنەکە سەر

دەکێشێت بۆ ناهەقی وەکو گاڵتە کردن بە سیماو سیفاتی کەسەکان، بە کەسوکاریان، بە رەوت و رێبازیان!! ئەوەش مایەی قبوولْ کردن نیە.. بۆیە هەر لایەنەو لە چۆنیەتی تۆڵە سەندنەوە دەگەڕێت!! لەبەر ئەمانەیە کە خوای گەورە دەفەرموێ: (يا أيها الَّذِينَ آمَنُوا لَا يَسْخَرْ قَومٌ مِنْ قَوْمٍ عَسَى أَنْ يَكُونُوا خَيْرًا مِنْهُمْ وَلَا نِسَاءٌ مِنْ نِسَاءٍ عَسَى أَنْ يَكُنَّ خَيْرًا مِنْهُنَّ) الحجرات/11 واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە نەکات کۆمەڵێک گاڵتە بە کۆمەڵێکی دیکە بکات! لەوانەیە کۆمەڵەکە (گاڵتە پێکراوەکە) باشتر بێت لەوان (لە گاڵتەکارەکە) هەروەها ژنانیش با گاڵتە بە ژنانێکی دیکە نەکەن کە لەوانەیە ئەوان لەمان باشتر بن..

گاڵتە پێکردن جۆرێکە لە سووک کردنی بەرامبەرەکە، کە لەوانەیە لە بوغزنی و حەسادەتی گاڵتەکارەکەوە هاتبێت، لەبەر ئەوەی هەست کردووە کە دەرەقەتی نایات ئیتر پەنای بردۆتە بەر گاڵتە پێکردنی! هەر چیەک بێت.. بۆ موسوڵمان شیاو نیە گاڵتە بە موسوڵمانی تر بکات، پێغەمبەری خۆشەویست صلى الله عليه وسلم وای داناوە کە هەر ئەوەندە کۆڵە گوناح بەسە بۆ کابرایەکی موسوڵمان کە گاڵتە بە موسوڵمانێکی دیکە بکات کە بە سووکی تەماشای کات، وەک دەفەرموێ: (بِحَسْبِ امْرِئٍ مِنْ الشَّرِّ أَنْ يَحْتَقِرَ أَخَاهُ الْمُسْلِمَ)[1]..

* * *

ئەمانەی باسکران هەندێکن لەو رەفتارە دزێوانەی بە بوون و تەشەنە کردنیان دەبنە نەریتێکی بەدو نەخۆشیەکی کۆمەڵایەتی سەخت کە حەتمەن ئاسەواری خراپی لێ دەکەوێتەوە.. بۆیە موسوڵمانان دەبێت سوور بن

---

1 ترمزی (1850)، دەشفەرموێت : حەسەنە.

لەسەر ئەوەی خۆی بە رەوشت بەرزیەکیە ئیسلامەوە پابەند کەن و نەهێلن نەفسیەتیان لاسەنگ ببێت.. بەوەش برایەتی خۆیان دەپارێزن و خوای خۆشیان لە خۆیان رازی دەکەن..

2 ـ گڕی تووڕەیی و بەغیلی خەرمانی برایەتی دەسوتێنێت :

تورەیی: کڵپەگڕێکەو ئاگر لە برایەتیەکە بەر دەدا، ساتە غەفڵەتێکە کە جڵەوی نەفس دەخاتە دەست شەیتان! بۆیە لە هەڵچوونی تووڕەییدا مرۆڤ شەیتانانە رەفتار دەکات! بۆیە پێغەمبەری پێشەوامان صلی الله علیه وسلم کە کابرا هاتە خزمەتی و داوای لێ کرد کە ئامۆژگاریەکی بکات، پێی فەرموو: (لَا تَغْضَبْ) واتە تووڕە مەبە، ئەو هەر ووتیەوە ئامۆژگاریم بکە، پێغەمبەریش صلی الله علیه وسلم هەر دەیفەرموو (لَا تَغْضَبْ)[1]..

تووڕەبوون بریتیە لە پەرەسەندنی تینی خوێن و ئیسارەبوونی غیرەت بۆ تۆڵە سەندنەوە.. ئیبنوقودامەی مەقدیسی دەفەرمویێ: هەر کاتێک کە گڕی تووڕەبوون پەرە بستێنێت ئەوە بەرچاوی خاوەنەکەی تاریک دەکات و ناهێڵێت راستی ببینێت، کەڕی دەکات وناهێڵێت هیچ ئامۆژگاریەک ببیستێت! چونکە شاڵاوی تووڕەیی سەردەکەوێتە سەر مێشک و هەموو دەزگاکانی بیرو ژیریی دەوەستێنێت و بینایی سواغ دەدات!! (مختصر منهاج القاصدين 179).. لە بەرامبەر هەڵچوونی تووڕەییدا خوای گەورە مەتحی ئەو کەسانەی کردووە کە لەو ساتە وەختانەدا خۆ کۆنترۆڵ دەکەن ورقەکەی خۆیان قوت دەدەنەوە، بۆیە دەرهەقیان فەرموویەتی: (والكاظِمينَ الغَيظَ) ئال عمران/134 واتە: لەوانەی سوپاسکراون ئەو کەسانەن کە تووڕەییەکەیان خۆیان کپ دەکەنەوەو دەری نابرن.. پێغەمبەریش صلی الله علیه وسلم دەفەرمویێ: (مَنْ كَظَمَ غَيْظًا وَهُوَ قَادِرٌ عَلَى

1 بوخاری (5651).

أَنْ يُنْفِذَهُ دَعَاهُ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ عَلَى رُءُوسِ الْخَلَائِقِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ حَتَّى يُخَيِّرَهُ اللَّهُ مِنْ الْحُورِ الْعِينِ مَا شَاءَ)[1] واتە: هەر کەسێک کە تووڕەبوو، دەیتوانی تووڕەبوونەکەی بەسەر کەسێکدا بڕێژێت و نەیکرد، لە ڕۆژی قیامەتدا خوای گەورە لە ناو هەر هەموو خەڵکیدا بانگی دەکات و پێی دەفەرموێ: ئەوە حۆری، کامیانت دەوێت هەڵیبژێرە..

بەغیلی و حەسادەتیش هەر وایە، لە خراپترین سەرپێچی فەرمانی خوایە، لەبەر ئەوەی بەرهەمی زۆر دژوارو مەترسیداری لێ دەکەوێتەوەو ڕەوشت لاسەنگ دەکات بە خراپتر لەو گوناحانە ژمێرراوە کە بە ئەندامانی لەش دەکرێن!! هۆکاری بەغیلی و حەسادەت بە خەڵک بردن - دوای ئیمان لاوازیی بە خوای گەورە - خۆوویستی و خۆپەسەندییە.. بۆ ئەدەبیە بەرامبەر بە خوای گەورە چونکە بەغیلی بردن بە خەڵکی یەعنی ڕەخنە گرتن لە چۆنیەتی باشکردنی خوایی! بۆیە هەبوون و بەردەوامبوونی زیان بە خودی باوەڕ دەگەێنێت!!!

بەغیلی و حەسادەت لە ناو گەل و میللەتاندا کۆنە، دەگەڕێتەوە سەر قابیلی کوڕی سەیدنا ئادەم کە لە حەسادەتدا براکەی خۆی کوشت! لە ناو زۆر میللەتیشدا ببووە سیمای پەیوەندی کۆمەڵایەتی!! وەکو کە پێغەمبەری پێشەوامان صلى الله عليه وسلم ئاماژەی پێکردووە: (دَبَّ إِلَيْكُمْ دَاءُ الْأُمَمِ قَبْلَكُمْ الْحَسَدُ وَالْبَغْضَاءُ هِيَ الْحَالِقَةُ لَا أَقُولُ تَحْلِقُ الشَّعَرَ وَلَكِنْ تَحْلِقُ الدِّينَ وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَا تَدْخُلُوا الْجَنَّةَ حَتَّى تُؤْمِنُوا وَلَا تُؤْمِنُوا حَتَّى تَحَابُّوا أَفَلَا أُنَبِّئُكُمْ بِمَا يُثَبِّتُ ذَاكُمْ

---

1 ئەبو داوود (4147) سەحیحەو شێخی ئەلبانی رحمەاللە لە (صحيح سنن الترمذي 2021)دا دەفەرموێ سەحیحە.

لَكُمْ أَفْشُوا السَّلَامَ بَيْنَكُمْ)[1] واتە: نەخۆشی و دەرمی میللەتانی پێش خۆتانتان بەناودا بڵاو بۆوە : بەغیلی و بوغزنیی! ئەمانە تاشەرن! ناڵێم موو دەکەن بەڵکو دین دادەتاشن! سوێند بەوەی گیانی منی بە دەستە تا باوەڕ نەهێنن ناچنە بەهەشتەوە، باوەڕیشتان نابێت تا یەکتریتان خۆش نەوێت! شتێکتان پێ نەڵێم کە ئەگەر کردتان ئەوەتان لا بچەسپێنێت، لە ناو خۆتاندا تەشەنە بە سڵاوکردن بکەن.

پێغەمبەری پەروەردەکار صلی الله علیه وسلم بەرهەڵستی کردووە کە دڵی موسوڵمان بەغیلی و حەسادەتی تێ کەوێت ! لە فەرموودەی سەحیحدا دەفەرموێ: (وَلَا تَحَاسَدُوا وَلَا تَدَابَرُوا وَلَا تَبَاغَضُوا وَكُونُوا عِبَادَ اللَّهِ إِخْوَانًا)[2] واتە: بەغیلی و حەسادەت بە یەکتریی مەبەن، پشت لە یەکتریی هەڵ مەکەن (لە یەکتریی زویر مەبن) بوغز بەرامبەر بە یەک هەڵ مەگرن، ببنە بەندەی خوای گەورەو برای یەک..

بەغیلی و حەسادەت هیچ دۆستایەتیەک و متمانەو خۆشەویستیەکی نێوان موسوڵمانان ناهێڵێت، شیرازەی خزمایەتی دەپسێنێت، دوژمنداریێتی دەنێتەوە، رق وقین زیاتر دەکات، کۆمەڵی موسوڵمانان لێک دوور دەخاتەوەو پەرتەوازەیان دەکات.. بەغیلی و حەسادەت بردن وەکو مقەستە! هەر دەڕوات و پەیوەندی نێوان خەڵکی باش دەپسێنێ و شاپڵێتەیەکی فیتنەسازیی لە جێی دادەنێت!! وەک میکرۆبی ئایدز سێڵە چاکەکە دەفەوتێنێت و لە شوێنی ئەو ڤایرۆسی ئەو نەخۆشیە دژوارە دادەنێت!! خوا لاماندا.. ئاخر بۆیە رێساکانی پەروەردەی ئیسلامی هەمیشە جەخت لەوە

---

1 ترمزی (2434) ، شێخی ئەلبانی رحمه الله لە (صحيح سنن الترمذي 2510) دا دەفەرموێ: سەحیحە.

2 بوخاری (5604).

دەکەنەوە کە تەلاری کۆمەڵگەی ئیسلامی لەسەر برایەتیەکی پاک و بێ غەل و غەش نەبێت دانامەزرێت، شتێکی نامومکینە کیانی ئیسلامی کە یەک جەستەییە لەسەر کۆمەڵێک کەسی بەغیل و حەسوودو رقن دابمەزرێت، با موسوڵمانیش بن!!

3ـ **قین و دوژمنکاریی:**

قین: واتە گیردان و پەنگ پێخواردنەوەی رق و بوغز لە سینەدا لەبەر ئەوەی لە بێ تواناییدا نەتوانراوە دەرببڕرێت، بۆیە خاوەنەکەی لە هەل دەگەڕێت تا بە شێوەیەک لە شێوەکانی ڕشتن بە بەرامبەرەکەی بڕێژێت!

شێخ عبدالرحمان حەسەن حەبەننەکە المەیدانی لە پێناسەیدا دەفەرموێ: (قین: دوژمنداریێتی پەنهانی دڵە، دوژمنداریێتیش بوغزاندنێکە کە چاوەڕوانی هەلی تۆڵە دەکات لەو کەسەی بوغزێنراوە، جاری وا هەیە دەگاتە ئەوەی خاوەن قینەکە دەیەوێت بوغزێنراوەکە هەر مەفح کاتەوەو نەیهێڵێت!

لە ووشە بەرامبەرەکانیشی: الغِلُّ: کە هەر لە دڵدایە بەڵام لە قین زیاتر رۆچووە.. الشُّحناء و الضَغِينَة: هەر لە تەوەری دوژمنداریێتیدان[1] ..

شەرعی خوا زۆر بە توندی بەرهەڵستی لە قین وبوغز کردووە.. پێغەمبەری بەڕێز صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ: (لَا تَبَاغَضُوا وَلَا تَحَاسَدُوا وَلَا تَدَابَرُوا وَكُونُوا عِبَادَ اللَّهِ إِخْوَانًا وَلَا يَحِلُّ لِمُسْلِمٍ أَنْ يَهْجُرَ أَخَاهُ فَوْقَ ثَلَاثٍ)[2] واتە: یەکتری مەبوغزێنن، بەغیلی و حەسادەت بە یەکتریی مەبەن، پشت لە یەکتریی هەڵ مەکەن (لە یەکتریی زویر مەبن) بوغز بەرامبەر بە یەک هەڵ مەگرن، ببنە بەندەی خوای گەورەو برای یەک، هیچ موسوڵمانێک بۆی نیە لە سێ شەو

1 الاخلاق الاسلامية (875/1).

2 بوخاری (5605).

زیاتر دەنگ لە براکەی دابڕێت و لێی زویر ببێت. ئەمە دەقێکی ڕۆشن و راشکاوە کە بە هیچ شێوەیەک ڕێ نادات لە نێوان موسوڵماناندا قین و بوغزو زویر بوون ببێتە ڕەفتاری موسوڵمان، نکوولی لە هەبوونی ناکات بەڵام ناهێڵێت لە سیفەتی کاتێتی دەرچێت!!

هەروەها دەفەرموێ: (تُفْتَحُ أَبْوَابُ الْجَنَّةِ يَوْمَ الِاثْنَيْنِ وَيَوْمَ الْخَمِيسِ فَيُغْفَرُ لِكُلِّ عَبْدٍ لَا يُشْرِكُ بِاللَّهِ شَيْئًا إِلَّا رَجُلًا كَانَتْ بَيْنَهُ وَبَيْنَ أَخِيهِ شَحْنَاءُ فَيُقَالُ أَنْظِرُوا هَذَيْنِ حَتَّى يَصْطَلِحَا أَنْظِرُوا هَذَيْنِ حَتَّى يَصْطَلِحَا أَنْظِرُوا هَذَيْنِ حَتَّى يَصْطَلِحَا)[1] واتە: دەروازەکانی بەهەشت لە ڕۆژانی دووشەممە و ڕۆژانی پێنج شەممماندا دەکرێنەوە، لەو ڕۆژانەدا لە هەموو عەبدێکی خوا خۆش دەبێت کە هاوەڵی بۆ خوا بڕیار نەدابێت! مەگەر کەسێک کە نێوان خۆی و براکەی ناکۆکیەکی تێ کەوتبێت، ئەوجا بانگ دەکرێت: چاوەڕێ بن (جارێ دەروازەکان دامەخەنەوە) تا ئەو دوانەش پێک دێنەوە، چاوەڕوێ بن تا پێک دێنەوە، چاوەڕێ بن تا پێک دێنەوە!!

4 ـ لووت بەرزیی و هەڕاڵی و بەخۆ سەرسام بوون:

لووت لەرزی ئەوەیە کە کابرا ئەوەندە بە خۆی سەرسام دەبێت کە بەرامبەرەکانی بە کەمتر لە خۆی دەبینێت، بۆ تێر کردنی هەواو هەوەسی مونحەریفی حەز دەکات ئەوان لە ناو خەڵکیدا بە کەم باس کرێن تا ئەم گەورەو گرنگ دەرکەوێت! یەکێک لە زەقترین سیمای لووت بەرز ئەوەیە کە کەللەرەقی دەکات وسوورە لەسەر رای خۆی، جاری وا هەیە راستی وەکو ڕۆژ بۆ دەردەکەوێت بەڵام هەر نکوولی لێ دەکات، خوا لامانەدا!! گەر دەستی بڕوات هەمیشە حەق پێشێل دەکات! لەبەر لاسەنگی ئەم جۆرە کەسانەیە کە

---

1 موسلیم (4652).

لە قورئان و فەرموودەی پێغەمبەری سەروەرماندا صلى الله عليه وسلم هەڕەشەی زۆر لە خاوەنی ئەم سیفەتە ناقۆلایە کراوە، چونکە تەشەنە کردنی لە ناو خەڵکیدا ئاسەواری کۆمەلایەتی وێرانکارییانە دەخاتەوە، ئەو کەسەی بەم سیفەتە فیرعەونیە موبتەلا دەبێت هەر وەکو فیرعەونیش زیانی بۆ خۆی و دەوروبەرو کۆمەڵگەکەش هەیە، ئیتر بە گوێرەی بازنەی دەسەلاتی خۆی.. ئەمە لە ناو خەڵکیدا بە گشتی، ئەمما دەرکەوتنی لە ناو موسوڵمانانداا هەر زۆر دژوارە! چونکە چینایەتیەکی ئاڵۆزو نابەجێی دەروونی دەخولقێنێت! کاریگەریی برایەتیە دینیەکە دەپوکێنێتەوەو دادی یەکسانی موسوڵمانان ناهێڵێت، ئەمە جگە لەوەی کە بە تەئکید کابرای لووت بەرز خۆی و دەوروبەری زوو بە فەتارەت دەبات، چونکە خوای گەورە بە هیچ شێوەیەک ئەوە لە کافریش قبووڵ ناکات چ جای موسوڵمان! نابینیت کە خوای گەورە باسی ئاسەواری خەتەری لووت بەرزی و تەکەببوری قاروون دەکات کە بە دەوڵەمەندی و دەسەلات هەڕاڵ بووبوو، کە بە گوفتارو رەفتاری ئەوەندە بوغرا بووبوو چاوی زەوی نەدەدی! چ زیانێکی لە خۆی و ماڵ ومنداڵ و دەوروبەرو پارەو سامانەکەشی دا، کە لە دەرهەقیدا دەفەرموێ: (فَخَسَفْنَا بِهِ وَبِدَارِهِ الأَرْضَ فَمَا كَانَ لَهُ مِن فِئَةٍ يَنصُرُونَهُ مِن دُونِ اللَّهِ وَمَا كَانَ مِنَ الْمُنتَصِرِينَ) القصص / 81 واتە: خۆی و کۆشک و تەریشیمان بە زەویدا رۆ برد، کۆمەڵێکی نەبوو پشتی بگرن و نەهێڵن خوای گەورە وای لێ نەکات! نەشچووە ریزی سەرکەوتووانەوە! چونکە خوای گەورە رێسایەکی بۆ هەڕاڵ و خۆبەزلزانان داناوە کە وەکو رێسای گەردوونیەو ناگۆڕێت: (كَذَلِكَ يَطْبَعُ اللَّهُ عَلَى كُلِّ قَلْبِ مُتَكَبِّرٍ جَبَّارٍ) غافر/35 واتە: ئە ئاوا مۆر بە دڵی هەموو لووت بەرزێکی هەڕاڵ بە هێزو دەسەلاتدا دەنێین.. خۆ بە گەورە زانین و خاوەن دەسەلاتێتی مافی

خوایەو نابێت بەندەیەکی بێهێزو پێز وا لە خۆی بگۆڕێت و وا بزانێت شتە!! ئەوە بێ ئەدەبی و سنوور بەزاندنێکی خەتەرە، بۆیە پێغەمبەری نازدار صلی الله علیه وسلم دەرهەقی دەفەرموێ: (لَا يَدْخُلُ الْجَنَّةَ مَنْ كَانَ فِي قَلْبِهِ مِثْقَالُ ذَرَّةٍ مِنْ كِبْرٍ قَالَ رَجُلٌ إِنَّ الرَّجُلَ يُحِبُّ أَنْ يَكُونَ ثَوْبُهُ حَسَنًا وَنَعْلُهُ حَسَنَةً قَالَ إِنَّ اللَّهَ جَمِيلٌ يُحِبُّ الْجَمَالَ الْكِبْرُ بَطَرُ الْحَقِّ وَغَمْطُ النَّاسِ)[1] واتە: ئەوی مسقاڵە زەڕەیەک (بە قەدەر گەردیلەیەکی تۆز کە لەبەر تیشکی رۆژ لە پەنجەرەیەکەوە دەردەکەوێت) تەکەبووری لەدڵدا بێت ناچێتە بەهەشتەوە! کابرایەک پرسی: باشە کەسێک حەز دەکات پۆشاکی بەری جوان و رازاوە بێت، پێڵاوی پێی جوان بێت؟! پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرمووی: خوا جوانەو جوانییشی پێ خۆشە، بەڵام تەکەبوور بریتیە لە حەق پێشێل کردن و گوێ نەدان بە مافی خەڵکی..

لە لووت بەرزیەوە جۆرەها نەخۆشی دیکەی دەروونی و رەفتاری خوارو خێچ و نەریتی کۆمەڵایەتی خراپ دەکەوێتەوە، چونکە لووت بەرز مافێک کە دڵنیایە لێی هی خەڵکێکی ترە نایانداتێ و دەیکات بەژێر لێوەوە، دان بە مافێکدا ناهێنێت کە هی خەڵکانێکی ترە! کە هەقێک کەوتە سەری ملی بۆ نادات و پێی وایە ئەوە خۆ بچووک کردنەوەیە لەبەر دەستی کەسانێکی تردا کە شیاوی ئەوە نین ئەم هەڵوێستی وایان بەرامبەر بنوێنێت!! لووت بەرز چونکە شەیتان فووی بە لووتیدا کردووە نایەوێت کەس لە ئاستی ئەودا بێت چ جای ئەوەی سەرووی کەون! ئەو کاتانەی کە دەسەڵاتی رێگرتنیانی نیەو دەبینێت کەسانێکی دیکە پێشی کەوتوون دەیوێت ناویان بزڕێنێت و ئیدیعایەیان دەخاتە دوا کە شایانی ئەوە نین، یان زەمانە بردوونیەتە پێش!

---

1 موسلیم (131).

دەنا ئەم سەد قات لەو شایانترە!! ئینجا دەکەویتە زەم و غەیبەتیان بەو هیوا چووکاوەی لەبەرچاوی خەڵکیان بخات!!

* * *

ئەمما هەڕاڵ بوون و بە خۆ سەرسام بوون: ئەوەیە کە کابرا خۆی وا دەبینیت کە لە ریزی پیاوماقوڵان وناودارانداییە، نابینیت چ سیفەتێکی گرنگی تێدایە؟!! لە هەر کۆڕو کۆمەڵێک هەر قسەیەک بکرێت ئەمیش قسەیەکی تێدا دەکات تا بزانن لەوەش دەزانێت! باس لە هەر کەسێک دەکەن ئەمیش سیفەتێکی خۆی یان هەڵوێستێکی خۆی یان هەر نەبێ نەبێ رایەکی خۆی نیشان دەدات تا بزانرێت ئەمیش پێیەتی! هەمیشە پێی وایە ئەوانەی دەوروبەری نزمن، کەمترن، بەقەدەر ئەمی لێنازانن!! لە کاتێکدا واش نیە، ئەمانە هەر وەهمن، خەیاڵ پڵاون، لە دنیای واقیعدا یان نین، یان ئەوەندە نین کە کابرای سەرسام خۆیان پێوە با دەدات!

ئەگەر ئەم سیفەتە تووشی موسوڵمان بێت ـ پەنا بەخوا ـ زۆر کاریگەریی سلبی لەسەر دینداریێتیەکەی دروست دەکات! چونکە لە خۆدیتنیدا کەسی دیکە نابینێت، ئیدی تەنازول بۆ کەس ناکات، ئەو حەقەی لای خەڵکیە وەری ناگرێت! بەمەش دەکەوێتە تاوانی گەورەوە.. جاری وا هەیە لەبەر ئەوەی پەی بە حەقەکە نەبردووە کە لای خەڵکێکی سادەی بێ هەواو فیزەو ئەم پلەو مەکانەتی یان سومعەو ناوەکەی نایهێنێت قبووڵ کات کە لەو کەسە سادەوە شتێک وەرگرێت، بۆیە لەسەر هەڵوێستێکی باتڵی خۆی سوور دەبێت و ئەو حەقە روونە وەرناگرێت، ئەمەش زۆرتر وا لە ناو مەلاو زاناو داعیەکاندا ئیمامی غەزالی دەفەرموێ: (بە خۆ سەرسام بوون ئاخر شتە لەسەری زاناکان دێتە دەرەوە)!!

بەخۆسەرسام بوون زۆرتر فوو لە غروری خاوەنەکەی دەکات! تا پێی وا دەبێت هەر خۆی بوونی هەیە، ئیدی بە کۆسپێکی وایدا دەدات بە یەکجاری دەیتەقێنێت، چونکە بەخۆسەرسام بوون، بە هەموو پێوەرێک ناهەقییە، پێچەوانەی رێسای سروشتیە، پێچەوانەی ئاڕاستەی خواییە، پێچەوانەی پارسەنگیە.. بۆیە مەحاڵە هەر وا بە ئاسان بۆ کەس بچێتە سەر..

6 ـ نەخۆشی تر کە کاریگەریی لەسەر کەمتەرخەمی برایەتی دینی زۆرە:

جگە لەم نەخۆشیە دەروونیانەی باسمان کرد بە تەئکید نەخۆشی تر زۆرن کە تووشی هەر کەسێک ببن لاسەنگی دەکەن ودیدی ساف ناهێڵن، سەرەنجام برایەتیە دینیەکەی نێوان موسوڵمانانیشی پێ لاواز دەبێت.. لەوانە: دەنگ لێکدابڕین، توندو سەختگیریی، فزولێتی و خۆ لە شت هەڵقورتاندن، غیرەو غەدر، گومان خراپی، دوودڵی و ڕاڕایی، خۆشحاڵ بوون بە بەڵاو موسەیبەتی خەڵکی، زیان لە خەڵک دان، فرۆشتن بە سەر فرۆشتندا، داخوازی بەسەر داخوازیدا.. هتد.

ئەمانە هەمووی دەبنە هۆکاری لاواز بوونی گیانی برایەتی و نەهێشتنی متمانەی کۆمەڵکاریی و بە هەدەردانی ووزەی موسوڵمانان.. خوای گەورە دەستی پێمانەوە بێت و نەمانداتە بەر هەواو هەوەسی خۆمان.. ئامین

بەشی چوارەم

چەند نموونەیەکی کردەوەیی

مێژوو هەزاران هەڵوێستی نموونەیی بۆ تۆمار کردووین، بە ملیۆن لاپەڕەی پرشنگداریی مێژووی ئوممەتەکەمانی پاراستووە، کە پڕن لە وێنەی درەوشاوەی برایەتی دینی.. نەخشێنەرە پاڵەوانەکانی هەمووی یاوەرانی پێغەمبەری نازدارن صلی الله علیه وسلم، یان شوێنکەوتووەکانی ئەوان یان ئەوانەی بەدوایاندا هاتن لە فەرماندەو خواناسان، لە زانایان وشەرعناسان، لە پیاوچاکانی دیکە.. چ ئوممەتێک هەیە لەسەر زەمیندا تا پێنج سەد ساڵ لەمەوبەری، مێژووی ژیانی پێنج سەدوسێزدە هەزار کەسایەتی خۆی نوسیبێتەوە؟! ئەم ئوممەتەی ئێمە مێژووی ژیانی پێنج سەدو سێزدە هەزار زاناو فەرماندەو ناوداری خۆی نوسیوەتەوە کە هەر هەموویان لە کات و شوێنی خۆیاندا سەرمەشقی دەوروبەریان بوون!!

ئەگەر بگەڕێین نموونە بهێنینەوە بۆ هەر نەوەیەک و لە هەر شارێکی گەورەو لە هەر پۆلێک ناودار یەک بنووسین دەبێت بنووسین چەندین بەرگ کتێب بنووسین، بەڵام با لەو رووەی کە کورد ووتویەتی: مشتێک نموونەی خەروارێکە، چەند نموونەیەک بهێنینەوە[1] :

⁎ ئەبوبوردە لە ئەبوموسای ئەشعەریەوە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری رێزدار صلی الله علیه وسلم لە مەتحی ئەشعەرییەکاندا[2] فەرمووی: (إِنَّ الْأَشْعَرِيِّينَ

---

1 کتێبێکی جوانی شێخ مستەفا سیباعی رحمه الله هەیە بە ناوی (من روائع حضارتنا) نموونەی جوانی وای تێدایە ، لەویش زۆرتر کتێبی (قصص العرب) ی محمد احمد جاد المولى و هاوەڵانێتی کە چوار بەرگی گەورەیە ..

2 ئەشعەرییەکان لە هۆزی حیمیەری یەمەنی بوون و وەفدیان داهاتە خزمەت پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ، کە یاوەری بەڕێز ئەبو موسای ئەشعەری خوا لێی رازی بێت لەوانە ..

إِذَا أَرْمَلُوا فِي الْغَزْوِ أَوْ قَلَّ طَعَامُ عِيَالِهِمْ بِالْمَدِينَةِ جَمَعُوا مَا كَانَ عِنْدَهُمْ فِي ثَوْبٍ وَاحِدٍ ثُمَّ اقْتَسَمُوهُ بَيْنَهُمْ فِي إِنَاءٍ وَاحِدٍ بِالسَّوِيَّةِ فَهُمْ مِنِّي وَأَنَا مِنْهُمْ)[1] واتە : ئەشعەریەکان لە غەزادا کە خۆراکیان نە دەما یان کەم دەبۆوە، خۆراکی ماڵەکانی خۆیان دەهێناو هەموویان لە پۆشاکێکدا تێکەڵ یەک دەکردو پاشان بە یەکسانی بەسەر یەکدا بەشیان دەکردەوە! ئەوانە لە منن و منیش لەوانم! سەیری ئەم کارە پەسەندەو ئەو خۆشنوودیەی پێغەمبەری سەرکردە صلى الله عليه وسلم لێیان! پاشان ئەو ڕێزە: (ئەوانە لە منن و منیش لەوانم) خۆزگە بە خۆیان.

* عائیزی کوڕی عەمر فەرمووی: (ئەبو سوفیان بە لای سەلمان و سوهەیب و بیلالدا خوا لێیان ڕازی بێت تێپەڕی، کە بینیان ووتیان: شمشێری خوا لە خوێنی گەردنی ئەم دوژمنەی خوا تێراو نەبوو (یەعنی حەیفێ نەکوژرا) ئەبوبەکری سددیق خوا لێی ڕازی بێت کە بیستیەوە گلەیی لێ کردن، فەرمووی وا بە گەورەی قوڕەیش دەڵێن؟! پاشان هاتە خزمەت پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم و باسەکەی بۆ گێڕایەوە، پێغەمبەری بەزەیی صلى الله عليه وسلم فەرمووی: (لَعَلَّكَ أَغْضَبْتَهُمْ لَئِنْ كُنْتَ أَغْضَبْتَهُمْ لَقَدْ أَغْضَبْتَ رَبَّكَ)[2] واتە: نەکا تووڕەت کردبن، چونکە ئەگەر توڕەیان بکەیت بە تەئکید خوای خۆتت توڕە کردووە لە خۆت!!

سەیری ئەم چیرۆکە کە.. ئەو سێ بەڕێزە لەوانە بوون کە کڕراون و فرۆشراونەتەوە! ئەو قسەیەی کە کردیشیان وەنەبێت لە دژی دینی خوا کردبێتیان، وەنەبێت بۆ ڕەزامەندی دوژمنانی خوا بووبێت، وەنەبێت لەبەر هەواو هەوەسی خۆیان بووبێت، یان لەوەی مافیان لای ئەبو سوفیانەو

---

1 بوخاری (3906)

2 موسلیم (4559).

تۆڵەی خۆیــان لــێ نەکردۆتــەوە، بــەڵکو لەبــەر ئــەو هــەموو هەڵوێســتە دوژمنکارانەی لە مەدای بیست ساڵی ڕەبەقدا بەرامبـەر بـە دیـنی خـواو پێغەمبەرەکەی صلى الله عليه وسلم کردی، ئەوەندە لای خوا بەڕێـزن کـە ئەگـەر تووڕە کرێن، خوا بە توندی لەسەریان هەڵـدەداتێ و لەبـەر ئـەوان تـووڕە دەبێت!!

ئینجا سەیری ئەم زەمانەی ئێـمە کـە ئـەو سـەلمان و سـوهەیب و بـیلال ئاساینەی زەمانی خۆمان کە چ چەوساوەن؟! لە کوێـن؟! یـان لـە زینـدانن لەژێر قامچی جەلladاندان، یان ئەوەندە موستەزعەف کـراون شـەووڕۆژ بـە دووی نانی هەژاریی و داماویانـدان، لەگـەڵ ئـەو حاڵەشـیاندا دەزگایـەکی ڕاگەیاندن نامێنێت قسەیان پـێ نەڵێـت!!! کـافرو فەرماسـۆن و زەندیقێـک نامێنێت جنێویان پێ نەدات!! بە جۆرەها ناووناتۆرە ناوزەدیان دەکەن: بـە کۆنەپەرست، بە تیرۆریست، بە توندڕەو بە نەفام و گێل، بە پیاوانی چەرخی بەرد! وەکو بەرزەکی بانانیش بۆی دەردەچن!! ئاوا دەبینیت ڕۆژانە مـەتح و سەنای کافرو مولحیدو بێ دینان دەکرێت و دینـدارانیش زەوی نـەماوە لـە خۆیان بگرێت؟!! ولا حول ولا قوة الا بالله ..

* ئیبنوعومەر خوا لێیان ڕازی بێت دەگێڕێتەوە کـە سـەلکە مەڕێـکیان بـە دیاری هێنا بۆ یاوەرێکی دەسکورتی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم، وەری نەگرت فەرمووی بیبەن بۆ فلان کەس لە من پێویسترە، بردیان بۆی، ئـەویش وەری نەگرت، فەرمووی بیبەن بۆ فلان کەس ئەو لە من لـە پێشـترە! بردیـان بـۆ سێیەمیش، ئەویش وەری نەگرت و ووتی: لە من ئاتاجتر (موحتاجتر) هەیـە بیبەن بۆ فلان کەس.. ئا بەو شێوەیە بردیان بۆ حەوت ماڵ ئاخر هەر هاتەوە سەر کەسی یەکەم کە لە هەموان موحتـاجتر بـووا!! ئـەو ئایەتـەی قورئـان لەسەر ئەوە دابەزی کە دەفـەرموێ: (وَيُؤْثِرُونَ عَلَى أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ

وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِ فَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ) الحشر/9 واتە: واتــە ئەگــەر هــەژاریش بەسەر خۆیاندا بهێنن هەر کەسانی تر دەخەنە پێش خۆیان!! هەر کەس لــە تین و تەوژمی پیسکەیی و بەخیلیی دەروونی خۆی قوتار بووبێت بەراســتی ئەوانە سەرفرازن[1]..

⁕ ئیبنوشەبرمە کە یەکێک بوو لە یاوەرانی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم زۆر بە تەنگ براکانیەوە دەبوو، کاری زۆری بۆ دەکردن، جارێک کەسێک دیاریــەکی بۆ هێنا، ئیبنوشەبرمە فەرمووی: ئەمە چیە؟ کــابرا ووتی: دیاریەکــەو بــۆم هێناویت، تۆ چاکەی زۆرت لەگەڵدا کردووم و لــە کــاری منــدا زۆر مانــدوو بوویت، فەرمووی: دیاری خۆت هەڵگرەوە خوا عافووت کات، هەر کاتێک بــە برایەکت ووت کارێکت بۆ بکــات ئەگــەر دەیتــوانی و هــەوڵی نــەدا بیکــات، دەسنوێژێک وەکو بۆ نوێژ دەگریت بیگرەو چوار تەکبیرەی نوێژی جەنازەی لەسەر کەو بیخە ریزی مردووانەوە!!

بەڵێ چونکە ئیمانداریێتی بە برایەتیەوە جوانە، کۆمەڵگــەی ئیســلامی بــە برایەتیە دینیەکەیەوە بەهێزە..

نموونەی برایەتی دامەزراو لە مێژووی ئیسلامدا بــە تایبــەتی لــە ریــزی یاوەران و تابعیندا ناژمێررێت، چونکە سەلەفی ساڵحی ئەم ئوممەتە هەموو ساتێکی ژیانیان کردبووە ئاسەوارێکی ئەو برایەتیە دینیە، یەکتریان خــۆش دەویست، بە تەنگ یەکترەوە بوون، هۆشیان لای یــەکتریی بــوو، ســەردانی یەکترییان دەکــرد، بەرژەوەنــدی یــەکترییان دەخســتە پێــش بەرژەوەنــدی خۆیانەوە، بەرامبەر بە یەکتریی بێ هەواو فیز بوون، لەسەر رەفتارناسییەک پەروەردە بووبوون کە لە تەزکیەی دەروونیەوە هاتبوو کە قورئان و فەرمودە

[1] حاکم گێراویێتیەوەو فەرموویەتی سەحیحە (526/2) ئیبنوحەجەری عەسقەلانیش لە فەتح الباریدا (120/7) ئاماژەی وای بۆ کردووە ..

بە پارسەنگی دایانڕشتبوو، هەموویان نەرم و نیان بون لەگەڵ یەکتریی و توندوتیژ بوون بەرامبەر بە دوژمنانی خوا.. مەگەر خوای گەورە لەبەر ئەو سیفەتە بەرزانەیان نەبووە دەرهەقیان فەرمویەتی خوا لێیان رازیەو ئەوانیش لە خوا رازین!!! ﴿وَالسَّابِقُونَ الأَوَّلُونَ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ وَالأَنصَارِ وَالَّذِينَ اتَّبَعُوهُم بِإِحْسَانٍ رَّضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُواْ عَنْهُ ﴾ التوبة/100 واتە: پۆلی یەکەمینی ئیمانداران کە یەکەمین جار باوەڕیان هێنا لە کۆچەریەکان و پشتیوانەکان و لەوانەش کە جیددی و پیاوچاکانە شوێنیان کەوتوون، ئەوانە خوا لێیان رازیەو ئەوانیش لە خوا رازین!!

دەی خوایە ئێمەش هەرچەندە شایانی ئەو رێزە نین بەلام وا پیاوچاکانە شوێنیان کەوتووین، خوایە بمانخەیتە ریزیان .. ئامین ..

دەی سا پیاوانی ئوممەتی موسوڵمان، لاوانی ئیسلام، وەرن با پەیمانێک بە خوای خۆمان ببەستین و بکەوینەوە خۆسازدان تا شیاوی ئەوە دەبین بچینە ریزی ئەو خواناسانەوە کە خوا لێیان رازی بوو.. وەرن با وورەو ووزەمان بکەینەوە یەک، ئێمە زۆرمان پێ دەکرێت بەلام شل و شێواوین، ووره روخاوین، دوورترین رێ بە یەکەم هەنگاو دەست پێ دەکات، ئەو هەنگاوەش ئەمڕۆ بینێنین باشترە لە سبەی..

برای دیندارم

برای دیندارم کوا زات وغیرەت   کوا هەست و هۆش و حەماس و سیرەت
کــە تــۆ لە خەمی دنیاوە ئالآی   کــێ بێتـــە خەمخـــۆری دیــن و ئـــالآی

برام کــوا ئەو غیرەتی هەتبــوو   کـــە دیتــت ئوممـــەتت وا لــەت بـــوو
خــۆ تۆ دینداری بە هێزتر بووی   دە کـــوا ئەو هەســتەی هەناســەت بوو

برای دینــداری چالاک و چوست   ســوور بە لەســەر هەلۆێســتی دروســت
گــەر ئازادە یــان لە زینـــــدان   ســووره لەســەر رێگــەی ، خــواوویســت

برای دینــدارم گــەر ســەبرت بێ   کــــارواننــی دینــداری رێ دەبــــــڕێ
نەکــەی لە هیــچ مەنزڵــێ لادەی   هــەتـــا ســـایـــەی خیـلافـــەت دێ

ليستى ئايەتەكان

ئايەت	لاپەڕە
(أَذِلَّةٍ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَى الْكَافِرِينَ) المائدة /45	37
(إِنَّ الَّذِينَ يُحِبُّونَ أَنْ تَشِيعَ الْفَاحِشَةُ فِي الَّذِينَ آمَنُوا.) النور/24	60
(إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ) الحجرات / 10	10
(فَخَسَفْنَا بِهِ وَبِدَارِهِ الْأَرْضَ فَمَا كَانَ لَهُ مِن فِئَةٍ يَنصُرُونَهُ) القصص / 81	80
(لَّيْسَ الْبِرَّ أَن تُوَلُّواْ وُجُوهَكُمْ قِبَلَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ) البقرة / 177	55
(مُحَمَّدٌ رَسُولُ اللَّهِ وَالَّذِينَ مَعَهُ أَشِدَّاءُ عَلَى الْكُفَّارِ) الفتح /29	37
(مَنْ يَشْفَعْ شَفَاعَةً حَسَنَةً يَكُنْ لَهُ نَصِيبٌ مِنْهَا ...) النساء/85	40
(وَإِذَا حُيِّيتُمْ بِتَحِيَّةٍ فَحَيُّوا بِأَحْسَنَ مِنْهَا أَوْ رُدُّوهَا ..) النساء / 86	35
(وَاخْفِضْ جَنَاحَكَ لِمَنْ اتَّبَعَكَ مِنْ الْمُؤْمِنِينَ) الشعراء/215	37
(وَتَعَاوَنُواْ عَلَى الْبرِّ وَالتَّقْوَى وَلاَ تَعَاوَنُواْ عَلَى الإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ) المائدة / 2	47
(وَاذْكُرُوا نِعْمَةَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنْتُمْ أَعْدَاءً) ال عمران/103	14
(وَإِنْ اسْتَنصَرُوكُمْ فِي الدِّينِ فَعَلَيْكُمْ النَّصْرُ) الانفال/ 72	49
(وَالسَّابِقُونَ الأَوَّلُونَ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ وَالأَنصَارِ..) التوبه/100	88
(وَالْعَصْرِ.إِنَّ الْإِنسَانَ لَفِي خُسْرٍ. إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا..) العصر/1-3	42
(وَقُلْ لِعِبَادِي يَقُولُوا الَّتِي هِيَ أَحْسَنُ ..) الاسراء / 53	32
(وَقُولُوا لِلنَّاسِ حُسْنًا) البقره / 83	31
(وَلَا تَجْعَلْ فِي قُلُوبِنَا غِلًّا لِلَّذِينَ آمَنُوا) الحشر / 10	64

(وَلَا يَغْتَبْ بَعْضُكُمْ بَعْضًا..) الحجرات/12	67
(ولا تلمزوا أنفسكم) الحجرات / 11	73
(وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ) التوبه/71	10
(وَهُدُوا إِلَى الطَّيِّبِ مِنْ الْقَوْلِ وَهُدُوا إِلَى صِرَاطِ الْحَمِيدِ) الحج / 24	32
(وَيُؤْثِرُونَ عَلَى أَنْفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ ..) الحشر / 9	29و86
(يا أيها الَّذِينَ آمَنُوا لَا يَسْخَرْ قَومٌ مِنْ قَوْمٍ ..) الحجرات /11	74

لیستی فەرموودەکان

فەرموودەکە	لاپەڕە
1ـ (آخَى رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بَيْنِي وَبَيْنَ سَعْدِ بْنِ الرَّبِيعِ) بوخاری / 1907	30
(أَتَدْرُونَ مَا الْغِيبَةُ ؟موسلیم 2589	67
(أحِبُّوا مَا أَحَبَ اللهُ ، أحِبُّوا اللهَ مِنْ كُلِّ قُلُوبِكُمْ ..) ابن هشام /30/3	22
(أَرَادَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنْ يُقْطِعَ مِنْ الْبَحْرَيْنِ ..) بوخاری / 2203	23
5ـ (اشْفَعُوا تُؤْجَرُوا) بوخاری/ 1342	33
(أَعْطِيهَا بَعِيرًا فَقَالَتْ أَنَا أُعْطِي تِلْكَ الْيَهُودِيَّةَ فَغَضِبَ ..) أبو داود (3986) وهو حسن	21
(أعِينوا المظلومَ) ئەحمەد/18569	52
(أَكْمَلُ الْمُؤْمِنِينَ إِيمَانًا أَحْسَنُهُمْ خُلُقًا) ترمزی / حەسەن و سەحیحە / 1082	37
(أَلَا أُخْبِرُكُمْ بِمَنْ يَحْرُمُ عَلَى النَّارِ أَوْ بِمَنْ تَحْرُمُ عَلَيْهِ النَّارُ ..) ترمزی/2412	64
10ـ (انْصُرْ أَخَاكَ ظَالِمًا أَوْ مَظْلُومًا ..) بوخاری/ 2264	52
(أَنَّ رَجُلًا زَارَ أَخًا لَهُ فِي قَرْيَةٍ أُخْرَى ..) موسلیم/ 4656	15
(إِنَّ الْأَشْعَرِيِّينَ إِذَا أَرْمَلُوا فِي الْغَزْوِ أَوْ قَلَّ طَعَامُ عِيَالِهِمْ ...) بوخاری / 3906	86
(إن اللَّهَ أَوْحَى إِلَيَّ أَنْ تَوَاضَعُوا..) ئەبو داود/حەسەنە/ 4250	37
15ـ (إِنَّ اللَّهَ يَقُولُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَيْنَ الْمُتَحَابُّونَ بِجَلَالِي) موسلیم/	17
(إِنَّ مِنْ عِبَادِ اللَّهِ لَأُنَاسًا مَا هُمْ بِأَنْبِيَاءَ ..) ئەبو داوود (3060)	18
(.. أَنِّي أُحِبُّكَ فِي اللَّهِ ..) رواه أبو داود (4460) وأحمد (130456) بسند صحيح	18
(إِيَّاكُمْ وَالظَّنَّ فَإِنَّ الظَّنَّ أَكْذَبُ الْحَدِيث ..) بوخاری/4747	62
(بَايَعْتُ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَلَى إِقَامِ الصَّلَاةِ..) بوخاری/55	43

20ـ (بِحَسْبِ امْرِئٍ مِنْ الشَّرِّ أَنْ يَحْتَقِرَ أَخَاهُ الْمُسْلِمَ) ترمزی / 1850	60
(تَصَافَحُوا يَذْهَبْ الْغِلُّ وَتَهَادَوْا تَحَابُّوا..) ئیمامی مالیک/ سەنەدەکەی حەسەنە/1413	57
(تَصَافَحُوا يَذْهَبْ الْغِلُّ وَتَهَادَوْا تَحَابُّوا وَتَذْهَبْ الشَّحْنَاءُ) رواه مالك (1413) وهو حسن	23
(تُفْتَحُ أَبْوَابُ الْجَنَّةِ يَوْمَ الِاثْنَيْنِ وَيَوْمَ الْخَمِيسِ ..) موسلیم / 4652	79
(تكون النبوة فيكم ما شاء الله أن تكون) ئەحمەد/ ئەلبانی لە سلسلة الصحيحة / 5/1	48
25ـ (ثَلَاثٌ مَنْ كُنَّ فِيهِ وَجَدَ حَلَاوَةَ الْإِيمَانِ)متفق علیه (بوخاری 15 وموسلیم 60)	19
(ثَلاثٌ يُصَفِّينَ لَكَ وُدَّ أخِيكَ : تُسَلِّمْ عَلَيهِ إذا لَقِيتَهُ ..) حاکم / حەسەنە / 5815	33
(حَقُّ الْمُسْلِمِ عَلَى الْمُسْلِمِ خَمْسٌ ..) بوخاری / 1164	58
(دَبَّ إِلَيْكُمْ دَاءُ الْأُمَمِ قَبْلَكُمْ الْحَسَدُ وَالْبَغْضَاءُ ....) ترمزی / سەحیحە 2434	76
(الدِّينُ النَّصِيحَةُ) موسلیم/ 82	44
30ـ (السَّاعِي عَلَى الْأَرْمَلَةِ وَالْمِسْكِينِ كَالْمُجَاهِدِ فِي سَبِيلِ اللَّهِ ..) بوخاری / 4934	47
(سَتَرَوْنَ بَعْدِي أَثَرَةً فَاصْبِرُوا حَتَّى تَلْقَوْنِي) بوخاری (2203)	29
(فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لِزَيْنَبَ: (أَعْطِيهَا بَعِيرًا..) ئەبوداوود 3986	27
(فُكُّوا الْعَانِيَ وَأَطْعِمُوا الْجَائِعَ وَعُودُوا الْمَرِيضَ) بوخاری / 2819	54
(قَالَ سَبْعَةٌ يُظِلُّهُمْ اللَّهُ فِي ظِلِّهِ) بوخاری/635	17
35ـ (كَانَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِذَا جَاءَهُ السَّائِلُ ...) بوخاری 1342	40
(كَانَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقْبَلُ الْهَدِيَّةَ وَيُثِيبُ عَلَيْهَا) بوخاری 2396	40
(وَالْكَلِمَةُ الطَّيِّبَةُ صَدَقَةٌ..)بوخاری (2767)	33
(كَمْ مِنْ جَارٍ مُتَعَلِّقٌ بِجَارِهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ..) بوخاری لە ادب المفرد / حەسەنە / 199	27
(لَا تَبَاغَضُوا وَلَا تَحَاسَدُوا وَلَا تَدَابَرُوا وَكُونُوا عِبَادَ اللَّهِ إِخْوَانًا ...) بوخاری / 5605	88
40ـ (لَا تَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ حَتَّى تُؤْمِنُوا وَلَا تُؤْمِنُوا حَتَّى تَحَابُّوا) موسلیم/ 81	22

(لَا تَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ حَتَّى تُؤْمِنُوا ..) رواه احمد ومسلم وابو داود والترمذي وابن ماجة 24

(لَا تَغْضَبْ) بوخاری / 5651 75

(لا تَحْقِرَنَّ مِنْ الْمَعْرُوفِ شَيْئًا وَلَوْ أَنْ تَلْقَى أَخَاكَ بِوَجْهٍ طَلْقٍ) موسلیم / 4760 35

(لَا تَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ حَتَّى تُؤْمِنُوا وَلَا تُؤْمِنُوا حَتَّى تَحَابُّوا ..) موسلیم / 81 36

45ـ (لَا يَدْخُلُ الْجَنَّةَ نَمَّامٌ) موسلیم / 151 72

(لَا يَدْخُلُ الْجَنَّةَ مَنْ كَانَ فِي قَلْبِهِ مِثْقَالُ ذَرَّةٍ مِنْ كِبْرٍ ..) موسلیم / 131 81

(لَا يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى يُحِبَّ) متفق عليه (بوخاری 12 و موسلیم 64) 20

(لَعَلَّكَ أَغْضَبْتَهُمْ لَئِنْ كُنْتَ أَغْضَبْتَهُمْ لَقَدْ أَغْضَبْتَ رَبَّكَ) موسلیم : 4559 86

(.. ثُمَّ لَقَدْ أَتَى عَلَيْنَا زَمَانٌ) بوخاری: الادب المفرد199 27

50ـ (مَا مِنْ امْرِئٍ يَخْذُلُ امْرَأً مُسْلِمًا ....) ئەبوداوود/ 4240 و ئەحمەد / 15773 51

(مَا مِنْ عَبْدٍ مُسْلِمٍ يَدْعُو لِأَخِيهِ بِظَهْرِ الْغَيْبِ إِلَّا قَالَ الْمَلَكُ وَلَكَ بِمِثْلٍ) موسلیم 65

(مَا نَقَصَتْ صَدَقَةٌ مِنْ مَالٍ ....) موسلیم /4689 37

(مَثَلُ المؤمنينَ في تَوادِّهِم وتراحُمِهِم ..) بوخاری/ 5552 ، موسلیم / 4685 13

(مَرَّ رَجُلٌ بِالنَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئەبوداوود (4460) 23

55ـ (الْمُسْلِمُ أَخُو الْمُسْلِمِ لَا يَظْلِمُهُ وَلَا يُسْلِمُهُ وَمَنْ كَانَ فِي الْقِيَامَةِ) بوخاری/ 2262 51

(مَنْ أَعْطَى لِلَّهِ وَمَنَعَ لِلَّهِ ..) ترمزی / 2445 19

(من ستر مسلماً ستره الله يوم القيامة) موسلیم / 4677 59

(مَنْ عَادَ مَرِيضًا أَوْ زَارَ أَخًا لَهُ فِي اللَّهِ نَادَاهُ مُنَادٍ ...) ترمزی/حەسەنە/1931 38

(مَنْ كَانَ مَعَهُ فَضْلُ ظَهْرٍ ..) موسلیم (3253) 26

60ـ (مَنْ كَظَمَ غَيْظًا وَهُوَ قَادِرٌ عَلَى أَنْ يُنْفِذَهُ ..) ئەبو داوود / سەحیحە /4147 75

(الْمُؤْمِنُ لِلْمُؤْمِنِ كَالْبُنْيَانِ يَشُدُّ بَعْضُهُ بَعْضًا) بوخاری/ 2266 47

(الْمُؤْمِنُونَ تتَكَافَأُ دِمَاؤُهُمْ ..) نەسائی /سەحیحە / 4653 **52**

(وَإِذَا اسْتَنْصَحَكَ فَانْصَحْ لَهُ) موسلیم / 4023 **46**

(وَلَا تَحَاسَدُوا وَلَا تَدَابَرُوا وَلَا تَبَاغَضُوا وَكُونُوا عِبَادَ اللَّهِ إِخْوَانًا) بوخاری /5604 **62**

65ـ (وَالْكَلِمَةُ الطَّيِّبَةُ صَدَقَةٌ) بوخاری / 2767 **26**

(وَاللَّهِ إِنِّي لَأُحِبُّكَ لِلَّهِ عَزَّ وَجَلَّ ..) ئیمامی ئەحمەد/سەحیحە(20995)ە **16**

(وَاللَّهُ فِي عَوْنِ الْعَبْدِ مَا كَانَ الْعَبْدُ فِي عَوْنِ أَخِيهِ) موسلیم/4867 **47**

ناوەرۆك

سەر دێڕ	لاپەڕە
بەشی یەکەم : چەمکی برایەتی دینی	10
بەشی دووەم : ماف و ئەرکی برایەتی ئیسلام	21
بەشی سێیەم : هەڵدێری ڕێی برایەتی	67
بەشی چوارەم : چەند نموونەیەکی برایەتی	84